حکومەتی
هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە ١٩
سالی دووەم
ئۆگەستس ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەری، روناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنوسەر
محەمەد عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیاری هونەری
رێبین مەجید
rebene@gmail.com

دەستەی نوسەران
سەلام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عەبدولا
نەورۆز جەمال
هەڵە چن
ئاریان کامیل
تایپیست
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

مۆتیڤ
ئارام عەلی
لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
– بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن
٣١٨٠٩٩٤

Email:hanarkurd@gmail.com Email:hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| مرۆڤ و مێژوو | کامەران محەمەد | ٤ |
| لەدایکبوونی موزیک لەڕۆحی ڕۆمانەوە | بەکر عەلی | ١٣ |
| کەرامەتی بیرەوەریی | مەجید عەزیز | ٣٥ |
| **دەق** | | |
| ئەو شیعرانەی کە لەناونیشان بێزارن | لەتیف هەڵمەت | ٥١ |
| کە خەیاڵ ئەمباتەوە | ڕێباز مەحمود | ٥٥ |
| جێپەنجەکانت | زەینەب یوسفی | ٦٥ |
| پایزی حیکایەتێك | ڕۆژ هەڵەبجەیی | ٦٦ |
| باران جوانترین ساباتە | پەری شێخ سالح | ٧٢ |
| بۆنی ئەو لەجلەکانم دێت | حسێن ئەحمەد | ٧٤ |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ هیوا قادر | حەمە کاکەڕەش | ٨٢ |
| دیدار لەگەڵ کەمالی ئەمینی | ئیدریس عەلی | ٨٨ |
| **وەرگێران** | | |
| دێریدا ـ هابرمازو فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆردا | دلێر محەمەد | ١٠٠ |
| گوناهی سروشتی فەلسەفەی ئەڵمانی، | ڕێبوار حەمە تۆفیق | ١٠٧ |
| کەسێتیی عەرەب لەئەدەبیاتی ئەلبێر کامۆدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | ١١٩ |
| سەردەمی ئاتیك | حەمە کەریم عارف | ١٢٩ |
| **هونەر** | | |
| دیدار لەگەڵ عومەر دەروێش | شۆڕش محەمەدحسێن | ١٣٩ |
| دیدارێك لەگەڵ مەریوان جەلال | چنور محەمەد | ١٤٣ |



**مرۆڤ و مێژوو**
کامەران محەمەد

**لەدایکبوونی موزیک**
**لەڕۆحی ڕۆمانەوەبەرەو**
بەکر عەلی

**کەرامەتی بیرەوەریی**
مەجید عەزیز





# لێکۆڵینەوە

# مرۆڤ و مێژوو

کامەران محەمەد

بۆئەوەی لەچەمك و واتای مێژوو تێبگەین، دەبێت لەڕەگەزە بوونیادنەرەکانی مێژوو بگەین، چونکە تا ئەو ڕەگەزانە بەشێوەیەکی ورد نەناسین ئەوا ناتوانین پێناسەیەکی (تەواو) و (وەك خۆی) مێژوو بخەینەڕوو، واتە بەئەندازەی سەرکەوتنمان لەپێناسەکردن و وێناکردنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکان، بەهەمان ئەندازە سەرکەوتوو دەبین لەپێناسەکردنێکی (تەواو)ی پێکهاتووەکە کە (مێژوو)ە.

گرنگترین ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە (مرۆڤ، شوێن، کات)، کە بنەڕەتیی دروستبوون و بەرجەستەبوونی مێژووی هەر گەل و نەتەوەیەکن لەژیاندا. (مرۆڤ) وەك پاڵەوانی ڕووداوەکان و (شوێن) وەك سەکۆو شانۆی نمایشی زنجیرەی بەسەرهاتەکان و (کات)یش وەك چرکەساتەکانی تۆمارکردنی ڕووداوەکان ڕۆڵی کاریگەرو بونیادنەرانەی مێژوو دەبینن.

### بنەڕەتی مرۆڤ

مرۆڤ یەکەم ڕەگەزی دروستبوونی مێژووەو دارای ژیرییەو بە (هزر و زانین و ویست) لەتەواوی بوونەوەرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە. مرۆڤ لەمیانەی توێژینەوەی ئەزموونەکانی رابردو و پەیبردن (ادراك)ی گەشەدەکات و بازنەی زانیارییەکانی فراوان دەبێت.

مرۆڤ چییە؟ بنەڕەت و پێکهاتەو سروشت و کارتێکەرو تایبەتمەندییەکانی چین؟، ئەمانە گرنگترین ئەو پرسیارانەن کە تەواوی لێکدانەوە مێژووییەکان لێیانکۆڵیوەتەوەو وەڵامدانەوەکانیان کرۆکی راڤە مێژووییەکانی پێکهێناوە، چونکە ئەگەر ئێمە لەحەقیقەتی مرۆڤ نەگەین ئەوا چۆن دەتوانین لەمێژووەکەی تێبگەین و دواتر دەستەوەستان دەبین لەوەدا کە بتوانین هەڵسوکەوتەکانی لێکبدەینەوە.

لێرەوە جیاوازیی وەڵامەکانی ئەو پرسیارانەو پەیوەندییان بەهەردوو رەگەزی کات و شوێنەوە، جیاوازیی راڤە مێژووییەکانیان بەرهەمهێناوە، بۆ نموونە هەریەك لە (مایکل ئەنجیلۆ)ی هونەرمەندو (چارلس داروین)ی زانا، کاتێك دەیانەوێت وەڵامی پرسیارێکی وەك (بنەڕەتی مێژوو چییە؟) بدەنەوە، هەریەکەیان بەشێوازێکی جیاواز لەوی تر وەڵامی خۆی دەخاتەڕوو:

وەڵامی (چارلس داروین) لەو دیمانە زانستییەدا بەرجەستە دەبێت کە لەکتێبی (بنەڕەتی جۆرەکان – ١٨٥٩) دەربارەی پەرەسەندن و دواتر پشتئەستوورکردنی بەکتێبی (گۆڕانی گیانلەبەران و رووەك لەدۆخی جێگیریدا – ١٨٦٨) و جێبەجێکردنی ئەو تیۆرە بەسەر مرۆڤدا لەکتێبی (زنجیرەی مرۆڤ و هەڵبژاردنی سروشتی – ١٨٧١) خستییەڕوو[١].

بێگومان دیمانەکەی داروین سەبارەت بە بەدیهێنانی مرۆڤ، هەمان ئەو گرنگییە مەزنەی هەیە کە دیمانەکەی (کۆپەرنیکۆس) لەفەلەکناسیدا هەیبوو، ئەو دیمانەیەی ئەوەی بۆ خەڵکی روونکردەوە کە زەوی چەقی گەردوون نییەو جگە لەهەسارەیەکی بچووکی سوڕاوە بەدەوری ئەستێرەیەکی گەورەتردا شتێکی دیکە نییە!، بەهەمان شێوەش ئەوەی بەزەینی زۆر لەبیرمەندەکاندا دەهات کردیە بیرۆکەیەکی شیاوو قایلبوو (مقنع)، ئەویش ئەوەبوو کە جیهانی گیانلەبەران بەرەنجامی تاکەکردارێکی بەدیهێنانی نەبوو، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵە گۆڕانێکی پەرەسەندوییە کە ئەو (جۆر)انەی لەسەردەمە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتوون بۆئەو شێوە ئاڵۆزانەی کە لەسەردەمە دواییەکاندا دەرکەوتوون، گۆڕیوە[٢].



(داروین) هات و گوتی هیچ شتێك لەسەر زەوی جێگیر نییە، نەڕووەك و نەگیانلەبەرو نەمرۆڤ، هیچ مەبەستێکی جێگیریش لەبەدیهێنانەدا نییە. تەنانەت سروشتیش لەبنەڕەتدا مەبەستی بەدیهێنانی مرۆڤ نەبووە، بەڵام مرۆڤ لەخۆوەو لەئەنجامی پرۆسیسێکی لەسەرخۆی پەرەسەندن کەملیۆنان ساڵی خایاندووە، پەیدا بووە.

(مرۆڤ)یش لەسەرەتادا وەك ئەمڕۆ مرۆڤ نەبووە، بەڵكو بنەڕەتەكەی ئاژەڵ بووە[٣].

بەم شێوەیە داروین وا دەڕوانێتە (بنەڕەتی مرۆڤ) كە لەئەنجامی كردارێكی دوورو درێژخایەنی پەرەسەندنەوە لەنزمترین شێوازەكانی ژیانەوە دەستیپێكردبێت، لەوێدا هیچ جیاوازییەكی ئاشكرا لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا بەدی ناكرێت، واتە جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ جیاوازییە لەپلەدا نەك لەجۆرداو جەوهەرێكی جیاكەرەوە نییە كە جۆرە تایبەتمەندییەك بەمرۆڤ ببەخشێت، ئەوەی كە هەیە بەتەنها بریتییە لەهزرێكی مێژوویی و كۆمەڵایەتی دیاریكراو لەلایەن مرۆڤەوەو مێژووی ئابووری و كۆمەڵایەتیش بەتەنها مێژوویەكە نزیك بێت لەڕاستییەوە[٤]. واتە مرۆڤ بەهۆی هەندێك ڕاستی مادیی و دەرەكییەوە بووەتە مرۆڤ: ڕۆیشتنی لەسەر پێی و دروستكردنی ئامێرەكان و بەردەوامبوونی بەهۆی زمانێكەوە كە دەتوانێت قسەو باسی پێبكات، لێرەدا مرۆڤ دەبێتە دەستكردێكی سروشت و هەمیشە وەك بەشێك لەو دەمێنێتەوە.

هەروەها (داروین) هاتووە وەرچەرخانی ئەم مرۆڤە (اللاشخصی)یەی بەوە پێناسەكردووە كە بەهۆی كرداری (هەڵبژاردنی سروشتی)یەوە بەرزبووەتەوە تاوای لێهاتووە ببووە بەمرۆڤێك كە توانای قسەكردن و دروستكردنی ئامێرەكانی هەبێت و بتوانێت بەڕێكوپێكی لەسەر پێیەكانی بڕوات[٥].

بەڵام ئەگەر ئاوڕێك لە (كڵێسەی سیكستێن) بدەینەوەو لەو تابلۆ گەچییانەی (مایكل ئەنجیلۆ) رابمێنین كە لەناو ئەو كڵێسەیەدا نەخشاندوونی و نمایشی مێژووی مرۆڤ دەكەن، هەر لەدابەزینەوە بۆ سەرزەوی هەتاوەكو ڕۆژی دوایی، ئەوا سەبارەت بەواتاكانی ئەو وێنانە سەرسام دەبین[٦].

(ئەنجیلۆ) لەو وێنانەدا پێمان دەڵێت: بەدیهێنانی مرۆڤ پرۆسەیەك نییە سروشت بەشێوەیەكی قۆناغبەندیی پێی هەستابێت، بەڵكو بیرتییە لەویست و كردارێكی خوایی، شتێك نییە كە لەئەنجامی بەردەوامییەوە پێگەیشتبێت، بەڵكو كردارێكی كتوپڕەو خودا بەویستی خۆی بەدیهێناوە.

بەهەمان شێوە درامای گریگی و خەونەكانی (دانتی) لەبەهەشت و دۆزەخداو گۆرانییە ئایینییە ئەفەریقییەكان و دەركەوتنی (فاوست) لەئاسمان و تابلۆ گەچییەكانی یابانی



کۆن و وێنە نوێیەکان، هەموو ئەمانە ئەگەر بەبێ ڕێکخستنێکی دیاریکراو وەریـان بگـرین، ئەوا لەناوەڕۆکیاندا هەموویان یەك دەلالەتیان هەڵگرتووە، کــــە بـــەئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەخـەن کـە ئـەمان هـیچ پەیوەندییـەکیان بەمرۆڤەکـەی (داروین)ەوە نییـە، بـەهیچ شێوەیەکیش خەیاڵ ناتوانێت بەرەو ئەوەمان بەرێت کە ئەمانە بەرهـەمی ئـەو سروشـت و ژینگەیـەن کەتێیـدا ژیـاون. ئەمـە چ جـۆرە هەسـتێکە بەرامبـەر بەبیرکردنـەوەی ئـایینی ڕزگارکـەر؟ ئـەو گوزارشـتە تراژیدیانـە مانـای چ دەگەیـەنن؟ و چ شـتێکی تراژیـدی هەیـە لەژیاندا کە تەنها لەئەنجامی ئاڵوگۆڕێکەوە دروست بووبێت لەنێوان بوونـەوەرێکی زینـدوو و سروشـدا؟ ئایـا (ئێرنـست ئایزفیـستنی) بەچـاوی عـەقڵ چـیی بـینی کاتێـك کـەوێنای دۆزەخەکەی دانتی کێشاوە؟ بۆچی ترس لەنێوان هەموو شێکی زیندوودا هەیە، کـە مـادام مرۆڤ و ژیان لەبنچینەدا هەردووکیان بەرهەمی یەك سروشت بن[٧]؟.

ئەم پرسیارە وامان لێدەکات گومان لەوە بکەین کە ئایا ئەو وێنانەی زانست کێشاونی تــەواوو کـامڵن؟ زانـست تـەنها وێنەیـەکی فۆتـۆگرافی وردمـان پێدەبەخـشێت سـەبارەت بەجیهان، ئەو وێنەیە کەمتر دەتوانێت ڕەهەندە جەوهەرییەکەی واقیع بخاتەڕوو.

زانست بـەوە جیادەکرێتـەوە کـە سروشـت و تێگەیـشتنێکی هەڵـەی هەیـە بـۆ هـەموو ئەوانــەی کــە زینــدوون و هــەموو ئەوانــەی کــە (إنـسانی)ن، ئـەو بەتــەنها بــەلۆجیك و لێکۆڵینەوەی رووتی خۆی وا لەژیان دەکات کە خاڵی بێت لەژیان و وا لـەمرۆڤ دەکـات کـە

خاڵی بێت لەمرۆڤایەتی. زانست لەپەیوەندییدا لەگەڵ مرۆڤ، کاتێك بوونی دەبێت کە مرۆڤ خۆی بەشێك بێت لەجیهان یاخود بەرهەمی ئەو بێت، بەواتایەکی تر، کە بەتەنها شتێك بێت، بەپێچەوانەی ئەمەوە هونەر کاتێك پەیدا دەبێت کە مرۆڤ جیاواز بێت لەسروشت و نامۆ بێت تێیدا، دەبێت مرۆڤ ناسنامەی جیاوازتر بێت، هەموو هونەرێکیش ئەو چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پەیوەندیی بەنامۆیی مرۆڤەوە هەیە لەسروشتدا.

بەو شێوەیە، ئەوەی پەیوەندیی بەو پرسیارەوە هەیە، لەبارەی بنەڕەتی مرۆڤەوە، ئەوەیەکە زانست و هونەر هەردووکیان لەسەر هێڵێکی رووبەڕووبوونەوەی حەتمی و تەواو دەوەستن[٨].

زانست ئەو راستییانە بەبەڵگە دەهێنێتەوە بۆئەوەی لەو رێگەیەوە بەهەرشێوەیەك بووە ئەوە بسەلمێنێت کە مرۆڤ بەشێوەیەکی پلەپلەیی پەرەیسەندووەو لەئاژەڵەوە بووە بەمرۆڤ، بەڵام هونەر وا مرۆڤ نیشاندەدات کە بەشێوەیەکی بزووێنەرو سەرنجڕاکێش لەجیهانێکی نادیارەوە هاتبێت. زانست ئاماژە بۆ (داروین)و تیۆرەکانی دەکات، بەڵام هونەر ئاماژەی بۆ (مایکل ئەنجیلۆ)و ئەو کارە جوان و بڵندانەی دەکات کە لەسەر دیوارەکانی کڵێسەی (سیکستێن) نەخشاندوونی.

(داروین) و (مایکل ئەنجیلۆ) نمایشی دوو هزری جیاوازو دوو حەقیقەتی ناکۆك دەکەن دەبارەی مرۆڤ کە هیچ کامێکیشیان ناتوانێت بەسەر ئەویتردا سەربکەوێت، چونکە ئەمیان پشت بەکۆمەڵێکی زۆر حەقیقەت دەبەستێت کە ناتوانرێت بەدرۆ بخرێتەوەو نکوڵیان لێبکرێت، لەکاتێکدا ئەویتریان جێگیرو چەسپاوە لەدڵ و دەروونی هەموو مرۆڤێکدا کە لەسەرجەمی بوونەوەرانی تری جیادەکاتەوەو بەئاوێتەکردنیان بەیەکەوە دەتوانرێت وێنەو حەقیقەتێکی تەواومان پێببەخشێت دەربارەی مرۆڤ[٩].

لێرەوە دەتوانین بڵێین ناسینی مرۆڤ بەهەموو ئەو واتایانەی کە وشەکە لەخۆی دەگرێت، کرۆکی تێگەیشتنی راستییەکانی مێژووە، بەپێچەوانەشەوە نەناسینی مرۆڤ ئاستەنگێکی گەورە دەبێت لەڕێگەی پەیبردنمان بەڕاستییە مێژووییەکان.

لەم سەروبەندەوە بەو هەوڵانە ئاشنا دەبین کە لەئەنجامی روانینی تاکە رەهەندێکەوە رووداوە مێژووییەکانی پێخوێندراوەتەوە، هەربۆیە خوێندنەوەی هەریەك لە (داروین) و (ئەنجیلۆ) بەدابڕاو لەیەکتری ناتوانن وێنەیەکی (تەواو)ی مرۆڤ و دواتر مێژووەکەیمان بۆ

بکێشن، بۆئەوەی بتوانین وێنەیەکی تەواوی مێژوومان لابێت، واتە بەڕاستییە مێژووییەکان ئاشنا ببین، دەبێت لەتەواوی ئەو رەگەزە گرنگانە تێبگەین کە مرۆڤیان لێپێکهاتووە.

## رەگەزە پێکهێنەرەکانی مرۆڤ

بێگومان ئێمە لێرەدا نامانەوێت توێژینەوەیەك دەبارەی رەگەزە پێکهێنەرەکانی مرۆڤ بخەینەڕوو، بەڵکو هەوڵدەدەین لەمیانەی خستنەڕووی چەند ئاماژەیەکی کورت سەبارەت بەناسینی ئەو رەگەزانە، پەی بەگرنگی و کاریگەریی ناسینی ئەو رەگەزانە لەسەر ناسین و شارەزابوون بەمێژووی مرۆڤ، وەك پێکهاتوویەکی ئەو رەگەزانە ببەین، چونکە بۆئەوەی لەمێژوو تێبگەین، دەبێت لەئاڵۆزییەکانی مرۆڤ تێبگەین، لەئاڵۆزییەکانی مرۆڤیش تێناگەین، ئەگەر بەرەگەزە پێکهێنەرەکانی مرۆڤ ئاشنا نەبین.

مرۆڤ تەنها جەستەیەکی خامۆش نییە، بەهەمان شێوەش رۆحێکی بزووێنەری بێکاریگەرێتی و بێنیشتمان نییە، هاوکات ژیرییەکی ئەبستراکتیش نییە، بەڵکو مرۆڤ لەیەککاتدا (جەستەو رۆح و ژیری)یە.

بۆئەوەی لەمرۆڤ تێبگەین دەبێت پەی بەتەواوی پێکهاتەو کاریگەریی و پاڵنەرو غەریزەو هەستەکانی جەستە ببەین، دەبێت بزانین جەستە لەچی پێکهاتووەو تواناکانی چەندن و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤ، وەك گشتێك، لەچ ئاستێکدایەو غەریزەو مەبەستەکانی چ شوێنەوارێك لەسەر ژیانی دەنەخشێنن و بەرەو چ ئاراستەیەك لەژیاندا دیبزوێنن.

بەهەمان شێوەش دەبێت لەکاریگەری و رۆڵی رۆح لەسەر مرۆڤ و بزوتنەوەکەی لەژیاندا تێبگەین و پەی بەو ئاسۆ دوورانە ببەین کە رۆح ئاشنایەتیان لەگەڵدا پەیدا دەکات و مرۆڤ بەجیهانە نادیارو بەها باڵاکان ئاشنا دەکات و لەرۆح وەك بنەمایەکی ژیان[١٠] تێبگەین و وەك حەقیقەتێکی بیرکەرەوەو وەك خودێك کە بنش (التصور)ی شتەکان دەکات لەبەرامبەر بابەتە بنشکراوەکان بیناسین[١١].

هەروەها دەبێت پەی بەڕۆڵ و گرنگی (ژیریی) ببەین وەك رەگەزێکی جیامەندی مرۆڤ لەنێو تەواوی بوونەوەرەکانی دیکەدا، واتا لەژیری بکۆڵینەوە وەك باڵاترین وێنەی کردارە زەینییەکان بەگشتی و سەلماندن و بەڵگەهێنانەوە بەتایبەتی و وەك هۆکارێك کە راستی و هەڵەیی پێ لەیەکتر جیا دەکرێتەوە[١٢].

لێرەوە دەبێت ئەو راستییە بزانین کە هەریەك لەو سێ رەگەزە لەجیهانێکی دابڕاو لەڕەگەزەکانی دیکە رۆڵ نابینێت، بەڵکو ئەو سێ رەگەزە پێکەوەو بەڕێژەو ئاستی جیاواز مرۆڤەکە لەژیاندا دەبزوێنن.

لێرەوە دەتوانین بڵێین بەئەندازەی سەرکەوتنمان لەدەستنیشانکردنی واتای ئەو سێ رەگەزە پێکهێنەرەی مرۆڤ و تەواوی تایبەتمەندی و کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی مرۆڤ لەژیاندا، بەهەمان ئەندازە دەتوانین پەی بەمێژووەکەی ببەین، هاوکات ئەو لایەنانەی کە بەنهێنی دەمێننەوە سەبارەت بەو رەگەزانە، ئەوا چەندەها لایەنی مێژووی مرۆڤمان بەشاراوەیی بۆ دەهێڵێتەوە. جا بۆئەوەی بتوانین بەباشی لەمێژوو بگەین دەبێت بەردەوام لەهەوڵی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ئەو رەگەزانەدا بین.

## مرۆڤ و بزووتنەوەی مێژوو

بزووتنەوەی مێژوو لەتێکڕای بزووتنەوەکانی دیکە، بەوەی کە بزووتنەوەیەکی مەبەستی (غائیة)یە نەك هۆکاریێتی (سببی) بەتەنها، جیادەکرێتەوە، چونکە بزووتنەوەی مێژوو بەتەنها چاو نابڕێتە هۆکارەکان یاخود رابردوو، بەڵکو بەرەو مەبەستەکان دەڕوانێت، لەبەرئەوەی بززووتنەوەیەکی ئامانجدارەو بۆ مەبەستێك لەداهاتوو رادەمێنێت، بۆیە داهاتوو بزووێنەری هەرچالاکییەکە لەچالاکییە مێژووییەکان، داهاتووش لەمیانەی ئەو (بوون)ە زەینییەوە کە ئەو داهاتووەی تێدا دروست دەبێت، دەجولێت[١٣].

لەبەرئەوە بوونی زەینی دەبێتە هاندەرو بزووێنەری بزووتنەوەی مێژوو، چونکە ئەو بوونە زەینییە لەلایەکەوە لایەنێکی هزری بەرجەستە دەکات کە جیهانبینییەکانی ئامانجەکە دەگرێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە وزە دەنوێنێت، یاخود ئەو (ویست، الارادە)ی کە مرۆڤ بەرەو ئەو ئامانجە هاندەدات و جووڵانی بەرەو ئامانجەکە چالاکتر دەکات[١٤].

ئەو بوونە زەینییەش کە داهاتووی بزووێنەر بەرجەستە دەکات، لەلایەکەوە گوزارشت لە (هزر)و لەلایەکی دیکەشەوە گوزارشت لە (ویست) دەکات، بەئاوێتەبوونی نێوان هزرو ویستیش کاریگەریێتی داهاتوو و بزوێنەریێتی بۆ چالاکی مێژوویی لەسەر پانتاییە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دێت.

لەڕاستیدا (هزر) و (ویست) ناوەرۆکی ناوەوەی شعوری مرۆڤن و ئەو مەبەستانە دروستدەکەن و ئەو ئامانجانە لەمیانەی ئاوێتەکردنی هزرو ویستدا بەرجەستە دەکەن.

لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە ناوەرۆکی ناوەوەی مرۆڤ بنەڕەتی بزووتنەوەی مێژووە.

سەرخانی کۆمەڵایەتیش بەهەموو ئەوانەی کە دەیگرێتەوە لەپەیوەندییەکان و سیستم و ئاکارەوە بەو ژێرخانەوە پەیوەستە، واتە بەناوەرۆکی ناوەوەی مرۆڤ، بێگومان گۆڕان و بەرەو پێشچوونی ئەو سەرخانە کۆمەڵایەتییە شوێنێکەوتەی گۆڕان و بەرەو پێشچوونی ئەو ژێرخانە دەبێت، جا ئەگەر بنەڕەتەکە گۆڕا ئەوا سەرخانەکەش دەگۆڕێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بنەڕەتەکە بەقەتیسماوی مایەوە ئەو سەرخانەش بەقەتیسکراوی دەمێنێتەوە.

بەم شێوەیە گۆڕانی (بنەڕەت) گۆڕانی هەموو ئەوانەیە کە لەدەروونی کۆمەڵدا بوونی هەیە، ئەوەش گۆڕانی بارودۆخ و جۆرێتی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی بەدوای خۆیدا دێنێت، بەڵام گۆڕانی تاکێك یادوو تاك یاخود سێ تاك (بنەڕەت)ی گۆڕینی کۆمەڵ پێکناهێنن. واتە ناوەرۆکی دەروونی و ناوەوەی کۆمەڵێك وەك کۆمەڵ نەك وەك ئەو تاك و ئەم تاك بەبنەڕەت و بنکەی گۆڕانکارییەکانی سەرخانی تەواوی بزووتنەوەی مێژوو دادەنرێت[١٥].

گۆڕانی ناوەرۆکی ناوەوەو گۆڕانی کۆمەڵایەتیی دوو پرۆسەن دەبێت بەشێوەیەکی تەریبی بەپاڵ یەکەوە بڕۆن، واتە پرۆسەی دروستکردنی ناوەرۆکی ناوەوە لەلایەن مرۆڤەوە بنیاتنانی خۆی و هزریی و ویست و هەڵپەکان (الطموحات)ی دەگرێتەوەو ئەو بنیاتنانە ناوەکیەش دەبێت هاوڕێك لەگەڵ بنیاتنانی دەرەکیدا بڕوات، واتە لەگەڵ بنیاتنانی سەرخاندا. بەم شێوەیە ناتوانرێت بنیاتنانی دەرەکی لەبنیاتنانی ناوەکی بترازێنرێت، ئەگەر ترازێنراش ئەوە بنیاتنانێکی لەرزۆك و لێکهەڵوەشاوی لێدەمێنێتەوە. واتە ئەگەر ئەم دوو کردارە لەیەکتری جیاکرانەوە ئەوا (راستی) و (ناوەرۆك)ی خۆیان لەدەست دەدەن.

**پەراوێزو سەرچاوەکان**

(١)یوسف کرم: تأريخ الفلسفة الحديثة، دار المعارف، ١٩٥٧، مصر، ل٣٣٨.

(٢)جون لويس: الانسان و الارتقاء، (ت: عدنان جاموس)،دار الجماهير، دمشق، ١٩٧٠، ل٨.

(٣)محمد قطب: جەنگی نەریتەکان، وەرگێڕانی: ژیوانی گەلاڵی، نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤ز، ل١٦.

(٤)علی عیزەت بیگۆڤیج: ئیسلام لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا، وەرگێڕانی: محەمەد چیا، ناوەندی رۆشنبیر، چاپی دووەم، ٢٠٠٢، ل٤٥.

(٥)هەمان سەرچاوە، ل٤٧.

(٦) هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٧)هەمان سەرچاوە، ل٤٧–٤٨.

(٨)هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٩) هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(١٠)مجمع اللغة العربية: المعجم الفلسفي، القاهيرة، ١٩٧٩م، ل٩٣.

(١١) هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل١٢٠.

(١٣)عبدالمجيد عبدالملك: الانسان و الحضارة (جدلية المادة و الوعي)، بيسان للنشر و التوزيع و الاعلام، الطبعة الاولى، بيروت– لبنان، ٢٠٠٣م، ل١٠.

(١٤)محمد باقر الصدر: المدرسة القرآنية، مركز الابحاث و الدراسات التخصيصية للشهيد الصدر، الطبعة الاولى، قم– ايران، ١٤٢١، ل١١٦.

(١٥) هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

بەشی دووەم:

# لەدایکبوونی موزیک لەڕۆحی ڕۆمانەوە بەرەو تیۆرییەکی ئۆنتۆلۆگیای بیستن، لەڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان دا

بەکر عەلی



## موزیک و یادەوەری

کرۆکی موزیك لەڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا بۆ ئەوەیە یادەوەرییەکی دێرینی ناو زەمەنی ئەو دەڤەرەمان بۆ ئەکتیڤ بکات، هەر دەڤەرێك تووشی لەیادکردن بوو ئەوە سیستمی بەرگرییەکەی زۆر دادەڕزێت، دواجاریش زۆر بەئاسانی کۆلۆنی دەکرێت.

جەلادەتی کۆتر لەلاپەڕەی (٤٤٩)دا دەڵێت: مۆسیقا هیچ نییە جگە لەدەنگی ڕەهای مرۆڤ، دەنگی مرۆڤ بەو جۆرەی کە لەسەروو زمان و سەروو زەمان و سەروو شوێنەوەیە، بەڵام مرۆڤێك نا کەتراژیدیاکانی خۆی لەبیرچۆتەوە.

موزیك هونەرێکی باڵای پاراستنی زەمانەکانە، موزیك لەسەروو زمانیشەوە، بەو پێیەی زمان بەرجەستەکەری کردە زەمانییەکانە، چونکە لەکوێدا زمان وەستا لەوێدا موزیك درێژە بەزمان دەدات، ئەو لەناو میلۆدی یادەوەری و پێشهاتبینیدا دەژی، ئەم ڕستەیە

جەلادەتی کۆتر موزیك وەها دەناسێت، کە لەهەڵسەنگاندنی پەیوەندیی ئایندە بەڕابردووەوە، لەو شتانەی بەدوای یەکدا دێن و هاوکات پێکەوە دەنگ دەدەنەوە. موزیك بەستنەوەی لەحزەیە بەئەبەدییەتەوە، رێکخستنی ریتمەکانی ناوەوەمانە بەدەرەوەمانەوە، رەهاکردنی دەنگی مرۆڤەو ئاشنا کردنەوەمانە بەو رۆژگارانەی لەیادمانکردوون کە لەڕاستیدا نابێت لەیاد بکرێن، هاوکۆکردنی کۆی سروشت، مێژوو، جیهان و گەردوون، شوێن و کاتە. جەلادەتی کۆتر ئەو فیگورە جوانەیە کە وادەکات رووداوەکانی ئەو دەڤەرە هەرگیز لەبیرنەکرێن، هەموو ئەو تراژیدیایانەی بەسەر ئەو هەرێمەو خودی جەلادەتدا هاتن، ئەو بەفانتازیا جوانەکانی توانیویەتی ئێمە بۆ دوورترین



ئاسۆی یادەوەری بگەیەنێت. جەلادەت ئەو کۆترەیە کە لەڕووداوەکانەوەو لەڕۆمانەکەوە گمەی پەیامی خۆی زۆر بەهێمنی پێمان دەگەیەنێت، نیچە گوتەنی: بیرۆکە گەورەکان بەپێی کۆتر دێن بۆ لامان، جەلادەت خودی ئەو کۆترەیە کە بیرۆکە گەورەکانی پێیە بۆمان.

ئەمیل سیۆران لەکتێبی (لەبارەی فرمێسکەکان و موقەدەسەکانەوە ل٢٣)دا دەڵێت:

ئێمە لەناو خۆماندا تەواوی موزیکمان هەڵگرتووە، موزیك دەست لەچینە قووڵەکانی یادەوەریی دەدات. هەموو شتێکی موزیکی سەر بەیاداشتە. تەنانەت ئەو ساتانەشی کە ئێمە هێشتا چ ناوێکمان هەڵنەگرتبوو، ئێمە گوێمان لەشتەکان هەربووە. بەهەمان ئەم مانایە رۆمانی ش.م.س. دەیەوێت بڵێت، موزیك بریتییە لەچینی بنەوەی مێژوو، لەیادەوەرییەکی باڵای ناو زەمەن، کە دەتوانێت نمایشی هەموو چرکەساتییەکان و ئەبەدییەکانی ناو مێژوو بکاتەوە. ئەو لەناو رەوتی میلۆدیانەی یادەوەریی و پێشهاتبینی، دەنگ و بێدەنگی، ژیان و مەرگدا دەژی. جەلادەتی کۆتر لە ل٣٢٦دا دەڵێت: ببیت بەمۆسیقار مانای ئەوەیە لەنێوان ژیان و مردندا جوڵانێ بکەیت، وەك چۆن مۆسیقا لەنێوان دەنگ و بێدەنگیدا جۆرنێ دەکات.

مۆزیك كۆی ئۆرگانەكانمان یەكدەخات، جووڵەی جەستەو خرۆشانەكانی هەناومان بەتۆڕێكی ئاوریشمی پێكەوە گرێچن دەكات، سەماكردن رەنگە باشترین نموونە بێت بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە، چونكە سەما جگە لەوەی جووڵەی ئیرادەی جەستە ئازاد دەكات لەهەمانكاتدا هەڵڕژاندنی هەموو خرۆشەكانی ناوەوەمانە، بۆیە كە سەمایەك دەبینین هاوكات گوێبیستی ریتمێكی مۆزیكی دەبین، مۆزیك تەنیا رۆچوونە ناو نییە، بەڵكو توانستێكیشە بۆ دەرچووە. من پێموایە لەوانەیە مۆزیك تاكە هونەر بێت كە بتوانێت یادەوەریی تاك و یادەوەریی كۆ گوزارە لێبكات، لێرەوەیە دەگەینە ئەو خاڵەی بایەخی (گوێچكەو بیستن) لەناو كەلتووردا دەخاتەڕوو، كە ئێمە لەدەستپێكی ئەم نووسینەدا وەكو ئامانجی باسەكە دەستنیشانمانكرد، ئەویش ئەوەیە زۆر بەكورتی بڵێین، ونكردنی یادەوەریی لەناو كەلتووری كوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ونكردنی گوێچكەی مۆزیك و هەستی بیستنێكی ئۆنتۆلۆژیانە.

رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەكان كە دەخوازێت مۆزیكایەتی لەناو كەلتوورێكی نامۆزیكایەتیدا بخوڵقێنێت، لەو بنەمایەوە ئەم دیدگایە هەڵچنراوە كەوا چیدی دەبێت گوێچكەی ئەو كەلتوورە بەجۆرێكی تر فێری بیستن ببێتەوە، واتە تێگەیشتنی لەمۆزیك وەها بێت كە بەبەشداریكەرێكی هەرە گرنگی دروستكردنی شارستانییەت و ژیاری هاوچەرخی دابنێت. بتەوێت لەهەر كۆمەڵگەیەكدا گۆڕان بخوڵقێنیت دەبێت لەمۆزیكەوە دەستپێبكەیت، لەكوێشدا مۆزیك نەبوو لەوێدا شتێك كەمە. ئەو عەقڵانەی لەگۆڕان و لەشۆڕش ترساون ئەو گوێچكانەن كە مۆزیكیی نین، وەك گوێچكەی هەنووكەی ئەوشارە كە بووە بەبەرد. شەڕی نێوان نەریتگەریی و نوێگەریی كە پۆلیمیكێكی كرۆنیكی ناو كەلتوورەكان بووەو هەر دەشبێت، تەنیا لەناو كایە ئەدەبی و فیكری و سیاسییەكاندا خول ناخوات، بەڵكو كایەی مۆزیك بەشێكی گەورەی ئەم پۆلیمیكەی بەركەوتووە، شتێك كە هێشتا رۆشنبیری كوردی دەركی پێنەكردووە، جارێكیتر سوپاس بۆ بەختیار كە ئەم پۆلیمیكەی وروژاند. بۆنموونە پلاتۆن، كە پەترياركی كۆنەپارێزەكانە، لەبەردەم مەترسییەكانی ئەو مۆزیكە نوێیانەی كە لەشارەكانی ترەوە دەهاتن، ترسی لەوە هەبوو كە ئەوانە دەبنە مایەی لەقاندنی بنەماكانی (شار). دواتر ئایینەكان بەگشتی بەشدارن لەخوڵقاندنی رێگری لەپێشدەم مۆزیكدا لەرێی تابۆكردنی و بەشەیتانیكردنی.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا قەدەغەکردنێکی توند لەسـەر موزیـك و سـەما هـەبوو. لـەدنیای ئیسلامیـشدا هـەموو دەزانـین حـەرامێکی چـەند توند لەسـەر موزیـك هەیـە، برادەرێکـی ئیسلامیی عەرەب جارێك پێیوتم، مۆسیقارەکان لەو دنیا دەبن بەسەگ! . لەسـەدەی (٢٠) دا لەوڵاتەسۆسیالیستییەکاندا موزیك و گۆرانی گوتن بەهونەری بوژاندنەوە دادەنرا.

من کچێکی هەشت ساڵانم هەیە ناوی (سەما)یە، جارێـك لێـی پرسـیم بۆچـی ناومنـاوە (سەما)، پێموت، لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکە بۆ سەماو شادی خەڵقاوە.

لێرەوەیە بەختیاریش گرنگی و بایەخی موزیك لەگۆڕانی کۆمەڵگەکان و کەلتوورەکانـدا باش دەزانێت، بۆیە لەم رۆمانەیدا بـەقووڵی رۆچـۆتە نـاو زریستانـسی ئـەو کـەلتوورەوەو پاش ئەوەی سەر دەردەهێنێتەوە پێماندەڵێت ئەم جیهانە گوێچکەی موزیکی کەمە.

بەختیار عەلی لەمانای وشە مرۆڤێکی گۆڕانخـواز، شۆڕشویـست و گـەڕۆك و نوێگـەرە، کەسێکە پێیوایە سروشت و ناتوری مرۆڤ و کۆمەڵگە ناشـێت پـاك و جـوان بێتـەوە ئەگـەر موزیکایەتی توخمێکی بەشـداری کەلتوورەکـەی نـەبێت، ئـەو وەك نیچە پێیوایـە: (بـەبێ موزیك ژیان دەبووە هەڵەیەك).

بەڵام ئەگەر زاراوەی موزیکۆلۆگی لای نیچە (دیۆنیزیۆس) بەرجەستەی بکات، ئەوا لای بـەختیار (جـەلادەتی کـۆتر) ئـەو فیگورەیـە کـە بەردەسـتەی موزیکایـەتی دەکـات. دیۆنیزیۆس تەعبیر لەژیان وەك ژیانێك بگوزەرێنێت ناکات، چونکە دیۆنیزیۆس هێشتا هەر فیگـورێکی خوداییـە، فیگورێکـە نیـچە لەسەرچـاوەیەکی میتییـەوە دەیخوازێـت بـۆ سەرزەمین، لەکاتێکدا جەلادەت نەفیگورێکی خوداییەو نە ئەفسانەیی و نەمیتیشە، بەڵکو ئـەم فیگـورێکی سـەرزەمینی و مێژوویيانەیـە کـە لەواقیعێکـدا دەژی لەپێـستەوە تاسـەر ئێسقان، لەڕووکەشەوە تاوەکو هەناو نوقمی دۆکیومێنتەکان و ئەرگومێنتەکانی تراژیدیای مێژووی ئەو هەرێمەیە. واقیعێك خودا چەند تەنیایە ئەویش هێندە تەنیایە.

کۆڵەواریی رۆشنبیری کوردی لەوێدا متبـووە کـەتا ئێـستا بەتـەنیا بەسـەرکردنەوەیەك ئـاوڕی لـەرۆڵی موزیکایـەتی نەداوەتـەوە. لەکاتێکـدا وەك وتمـان موزیـك ئیلـەمێنتێکی سەرەکی هەر کەلتوورێکە.

لەخۆرئاوا یەکێك بەو توخمانەی دیاردەی کشانی ئەورووپایان تەشـەنە پێکـرد هونـەری موزیك بوو. لەهەر جێیەکی ئەم دونیایەدا باس لەموزیك بکرێت مرۆڤ راسـتەوخۆ ناوەکـانی

بتهۆڤن، مۆزارت، باخ، ڤاگنەر، شۆپان، شوبارت و لیتس و... تاد ی دێتەبەرگوێ. ئەمە بەو مانایە نییە کە خۆرهەڵات بێبەشە لەموزیك، بەپێچەوانەوە، رەنگە سەرچاوەی هەموو موزیکێك خۆرهەڵات بێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە خۆرهەڵات نەیتوانیوە موزیك بکاتە هێزێکی هاوبەشی گەشەکردنی کەلتووری، کارێك کە خۆرئاوا لەمێژە کردوویەتی.

موزیك هونەرێکی دەنگەوەری نەبستراکت نییەو لەرێی ئامێرەکانەوە بژەنرێت، واتە یاریکردنێکی هەرەمەکییانە نییە بەچینەکانی دەنگ، بەڵکو تەماشاکردنی جیهانە وەك ئامێرێك و دەبێت ئێمە ئەو ئامێرە بژەنین، موزیك روانینێکی رۆحی و ئیستاتیکی چالاکە لەکایەی چێکردنی هۆشیاریدا، بۆیە رێکەوت نییە کە هیگڵ و بتهۆڤن هاوسەردەم بن و نیچەو ڤاگنەر هاورێ و لەهەندێك ساتیشدا هاوبیر بن، لەسەردەمی ئێستاشماندا دەبینین فەیلەسوف و کەلتوورناسی ئەڵمانی (ڤۆلڤاگناگ ریهم)ی هاورێیدا پێکەوە کاری فەلسەفی و موزیکی لەکۆرو سیمینارو بۆنەکاندا ساز دەکەن. ئەم کارەی بەختیاریش لەو جۆرە کارانەیە کە کایەکانی ئەدەب و هونەرو فیکر پێکەوە لەزمانێکی شیعری فەلسەفیدا شێوەگیر کردووە، واتە دەشێت بڵێین لەم کارەدا بەختیار هەم بیریارەو هەم شاعیرە، هەم کەلتوورناسەو هەم موزیکناسە. ئەمەش وامان لێدەکات کە وەك بوونەوەرێکی کەنتاوری تەماشای بکەین. زیرەکی بەختیاریش لەوەدایە کە موزیکی وەکو کایەیەکی ئیستاتیك هەڵبژاردووە بۆ دۆزینەوەی رووبەرە جوانە بزربووەکانی ئەو کەلتوورە.

چونکە بیرکردنەوە بەبێ هەبوونی کایەیەکی ئیستاتیکی ناتوانێت خولیاکانی خۆی مەشق پێبکات، کە ئەمەش نەبوو، ئیدی بیرکردنەوە ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە رەهەندە دوورەکانی فەلسەفە، سلۆتەردایك لەم رووەوە دەڵێت: (بەبێ خولیاییەك بۆ هەرێمە پوختەکان، بیرکردنەوە ناتوانێت خۆی ببەستێتەوە بەفەلسەفەوە).

موزیك ئەو هەرێمە پوختەیە کە تێیدا بیرکردنەوەی فەلسەفی دەرسکێت. بەبێ هەبوونی گوێچکەیەکی موزیکیش ناشێت ئێمە نەموزیك و نەبیرکردنەوە بەدەست بهێنین بەبێ ئەم پرەنسیپەش مرۆڤ هەستی بیستنی وندەکات. واتە مەسەلەکە لەوەدا نییە کە گوێچکە وەك ئۆرگانێکی فیزیکی کەر دەبێت، بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە کە هەستی بیستن لەناو دەبرێت. ئەمە حاڵەتی بتهۆڤن دەهێنێتەوە بیرمان کە ئەگەرچی ئەو گوێچکەی ئاسایی بزرکردبوو کەچی هەستی بیستنی هێتشتا لەوپەری کاراییدا بوو، ئەو

بەگوێچکە ڕۆحییەکەی گۆتەو بەگوێچکەی سێهەم نیچە دەبیستێت. هایدیگەر دەڵێت: (ئێمە لەبەرئەوە نابیستین کە گوێچکەمان هەیە، بەڵکو لەبەرئەوە گوێچکەمان هەیە، چونکە دەبیستین).

ڕستەی (گوێچکەی ئەم شارە بووە بەبەرد) دیاگنۆزەی جیهانێکە کە تەنیا گوێچکەی بزر نەکردووە، بەڵکو هەستی بیستنی بزرکردووە، هەستێك کە ئەو ڕستەیە سروشتێکی میتافیزیکی مەعریفی هەیە کە ئاماژە لەسەر ئەوەی ناسینی دنیای ئێمە لەڕێی بیستنەوە شیاوترین دەروازەی چوونە ناوەوەیە، ئەم ڕستەیە دەڵێت ئەم دنیایە چیدی دەنگی (دەرەوە/ جیهان) نابیستێت، لەمەشەوە ئەو ناتوانێت گوێبیستی (ناوەوە/ خود) بێت. ئەم شارە جیهانێکە زوبییەکتەکەی هەستی بیستنی خۆی و جیهانی بزرکردووە، ئەم کەینونەیە لەناو زوبییەکتی خۆیدا ئۆبیەکتی جیهانی دۆڕاندووە. لەبەرئەوەی میدیۆمی بیستنی چیدی دەرەوە نابیستێت، چیدی ناتوانێت لەڕێی بیرکردنەوەوە بێدەنگی بهێنێتە دەنگ و دەنگ بکاتە دەنگدانەوە.

بیرکردنەوە واتە بیستنی بێدەنگیی جیهان، بیرکردنەوە وا دەکات بێدەنگی ببێتە دەنگ و دەنگیش ببێتە دەنگدانەوە، مۆسیقاش بریتییە لەوەی بێدەنگی جیهان ببیستیت، بێدەنگی جیهانیش بەناو ڕازە پەنهانییەکانی ڕۆح و لەناو لۆچەکانی جیهاندایە کە تەنیا بەگوێچکەی ناوەوەمان دەتوانین گوێبیستیان ببین، ئەو گوێچکەیەی کە ڕێبەرایەتی چوونەناو جیهانمان دەکات، بەڵام کە گوێچکە بوو بەبەرد واتە چیتر ئەرشتێکتۆری بیستن و دەنگ و بیرکردنەوە دادەڕمێت. چیدی پەی بەنهێنییەکانی دونیا نابرێت و ئێمە لەسەر دیوە دەرەکی و ڕووکەشەکەی جیهان دەمێنینەوە بەبێئەوەی بچینە ناو جیهانەوە.

بەڵام ئەگەر هەستی بیستن جۆگەلەیەکی هێندە سەرەکی بێت بۆ ڕژانە ناو ئەستێڵی جیهانەوە ئیتر بۆچی فەرامۆش دەکرێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە تەنیا پرۆژە گەورەکان دەتوانن وەڵامی بدەنەوە، خۆشبەختانە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان یەکێکە لەو پرۆژە مەزنانەی مرۆڤایەتی کە کار لەو کایەیەدا دەکات. ئەوەی بیەوێت لەم ڕۆمانە تێبگات، دەبێت گاه لەکانیاوە ئەرخایی و دێرینە ڕۆحییەکانی خۆرهەڵات قومێك ئاوی سازگار بخواتەوەو گاه لەکانیاوە فیکرییە مەزنەکانی خۆرئاواش هەمان قووم بخواتەوە،

چونکە ئەم کارە لەهەردوو ئەو کانیاوە پرشنگدارەوە هەڵقوڵاوە. ئـەم ڕۆمانـە دەخوازێت جەمسەرەکانی جیهان لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بەیەك بگەیەنێت، ئەو دەیەوێت ئەو جیهانــە لەکائۆســەوە بگوێزێتــەوە بــۆ ڕێکخــستن و لەناموزیکایەتییــەوە ببــات بــەرەو موزیکایەتیی.

کەواتە مەترسیی لەوەدا نییە گوێچکە لەڕووی فیزیکییەوە کەڕ بێت، بـەڵکو لەوەدایـە زوبستانــسی خــۆی کــە هەســتی بیــستنە بــدۆڕێنێت. هەڵبــەت هەســتی بیــستن جگــە لەمیتافۆرێك بۆ ئیدراك و تێگەیشتن چیتر نییە. ونکردنی بەهرە تێگەیشتن مانای کوشتنی هەر دەرفەتێك کە لەلێوەی گوێچکەی سێهەم بشێت چالاك بێت. بـەبێ چـالاککردنی ئـەو گوێچکەیەی ناوەوەمان، کە پێویستە پـاش بەبـەردبوونی گوێـچکەی فیزیکیمـان چـالاکی بکەین، دەرفەتی بیستنی جیهانمان نابێت، چونکە گوێـچکەی ناوەوەمـان دەتوانێـت ئـەو بێدەنگییەش ببیستێت کە گەمارۆی داوین، جەلادەت لەلاپـەڕەی ٣٢٦دا دەڵێـت: (مردنـی موزیك مردنێکی فیزیکی نییـە، بـەڵکو ئـەو کپیـە لـەناکاوو بێفاسـیلەیەیە کـە پێویـستمان پێیەتی بۆئەوەی بزانین لێرەنییە، بۆئەوەی گوێ لەدەنگی گەردوون بگرین دوای بێدەنگی ئەو... مۆسیقا دەڕوات لەوپەڕی بێدەنگییەوە پەیامێك دەهێنێت).

جیهــانی مــوزیکی خــۆی لەبنەڕەتــدا پێکهــاتووە لەپەیوندییــەکی هارمۆنیکیانــەی دیاردەکان، بەمجۆرە ناسینی دیاردەکان لەم پەیوەندییە هارمۆنیکییەدا داوامان لێـدەکات ئێمـە بەگوێـچکەیەکی موزیکییـەوە گـوێڕادێرین لێیـان، چـونکە هـەموو تـەنێك بریتییـە لەتەمەنی دەنگ، تێکڕاش گـەردوون بریتییـە لەفـەزای زرنگانـەوەی دەنگێکـی هەمـەگیر، لێرەوە جیهـان بەدەسـت مرۆڤـی موزیکـەوە دەبێتـە ئـامێرێکی مـوزیکی، وەك ئیـسحاقی لێـوزێڕین وەکـو (گورووپـەك)ی هینـدی، وەك (نـادا براهمـا) کـە پێیوایـە جیهـان بریتییـە لـەئاوازو بـەس، بـۆ هـەردوو قوتابییەکـەی، سـەرهەنگ قاسـم و جـەلادەتی کـۆتر، بـاس لەهەمەکێتی دەنگ دەکات: (گـەردوون هـیچ نییـە جگـە لەمۆسـیقایەکی بێـدەنگ. هـەموو شـتێك لەگـەڵ لـەدایکبوونی خۆیـدا ئـاوازی لەهـەڵگرتووە، هـەموو زیندوویـەك پارچـە مۆسیقایەکی تایبەتە، هەموو مردوویەك ئاوازێکە بۆخۆی، هیچ گەڵاڵەیـەك نییـە مۆسـیقای خۆی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت، دونیا سەرتاپای مۆسیقایە..ل٣٥).

رستەی (ئـەم شـارە گوێـچکەی بـووە بەبـەرد) پـنتی چـڕبوونەوەی بـیری فەلـسەفی و ئیستاتیکی ڕۆمانەکەیـە، رسـتەیەکە بەرزنگانەوەیـەکی تەنزئامێزانـەو ئیرۆنییـەوە رەخنـە لەشـێوازی نـوێی ژیـان لـەناو کۆمەڵگـەی شـاریانەی دونیـای ئێمـە دەگرێـت، شـارێك کـە گوێبیـستی مـوزیکی درێـوی بێبەهرەکانـە، گوێـچکەیەك جگـە لەگـەڕەلاوژەی ئـاپۆرەی مۆبیلـەکردنی حزبـی چ دەنگێکـی تـر نابیـستێت، لـەدوای ڕوخـانی ڕژێمـی بەعـسەوە لـە ٢٠٠٣/٤/٩وە ئیدی شار قۆناغێکی تەواو جیاواز دەگوزەرێنێت، لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییـەوە مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە دەبێت بەجۆرێکی تر پێنـاس بکرێتـەوە، چـونکە کۆمـەڵێك دیـاردەی نـوێی ئـەو تـۆی بەخۆیـەوە بینیـوە کـە لـەڕووی سـایکۆلۆجی و مۆراڵییـەوە تـەواوی ئارەزووەکانی ئەوی گۆڕیوە. شار لەپاڵ ئەو گۆڕانـە ماددیـە قەبەیـەی بەسـەریدا هـاتووە تووشی وەرچەخانێکی کەلتووری گەورەش بووە، شار هـاوڕێ بـەگۆڕانی ئەرشـتێکتۆری و نەخشەیی، هاوڕێ بەقەبەبوونی فۆرم و قاوغەکـەی تووشـی شـێواندنێکی ڕۆحـیش بـووە، شار هیرارشییەتی ڕۆحی لـێ تێکـەڵ و پێکـەڵ بـووە. وەك دەبیـنین نـەریتی لادێ تێکـەڵ بەهی شار بووەو هی شاریش لەشارستانی ناچێت. دەبیـنین مرۆڤـی گونـدی هـەمان ئـەو خولیاییانەی بۆ دروستبووە کە مرۆڤی شاری هەیەتی، هەموو خولیای تێرکردنی غەریزەی چنۆکی و دەوڵەمەندبوون و زۆر هەبوونین.

لەبەرئـەوەی گوێـچکەی شـار بێپـەروا گـوێ لـەدەنگی دەسـتەڵاتی سیاسـی و مـاددی دەگرێـت، گوێـچکەیەك بەربادانـە بـووە بەکۆیلـەی دەنگـی زۆرهـەبوونی بەبێئـەوەی چ خولیاییەکی بۆ هونەر تیـا بێـت، ئـەم ڕۆمانـە وامانلێـدەکات لەبـەردەمی ئـەم دیاردەیـەدا ڕابوەستین و بەگوێچکەیەکی تـرەوە گوێبیـستی ئـەو دەنگانـە بـین کـە هێـشتا لەوەوبـەر نەمانبیستووە، پێمان دەڵێت گوێچکە دەبێت گـوێ هـەڵخات بـۆ موزیکایـەتی بـوون. لـەم ڕۆمانەدا بەختیار ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن ڕێگا هەڵەکانی مێژووی کوردی ئەو ڕێگایانەن کە دەچنەوە سەر نامۆزیکایـەتی. لەڕۆمانەکـەدا (محەمـەدی فیردەوسـی) ئـەو فیگورەیـە سەرباری ئەوەی لەبنەماڵەیەکی ساماندارو پـارەدارە کەچـی ئـەو پـتر خولیـای بـۆ هونـەر هەیە، وەك لەلاپەڕەکانی ٣٦٤ بەدواوە کارەکتەری دەناسین، بەڕادەیەك جەلادەتی کـۆتر لە ل٣٦٦دا پێی سەیرە کەوا (خەڵکانێك پارەی زۆریان هـەبێت و کـاتی خۆیـان بەهونـەرو ئەو جـۆرە شـتانەوە سـەرفبکەن)، کەواتـە سیفەتێك کـە دەوڵەمەنـدی کـوردی پێویـستە

هــەیبێت بریتییــە لــە هونەردۆســتی، بــەبێ ئــەم ســیفەتە هــەموو سەرمەســتبوونێکی دەوڵەمەنــدەکان بەگەشــەکردنی مادییانــە دەبێتــە مایــەی خرۆشــانی جــۆرە هەســتێکی وەحشیانە کە دواجار زیانی رۆحی لەخۆیان و تەواوی رۆحی شار دەدەن.

(لەو وتارەماندا کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، باسی ئەم خاڵەمان لەناو کـەلتووری نوێی شاردا کردووە).

## موزیکایەتی و پزیشکایەتی

(لەوانەیە رۆژێك بێت ئەوە ئاشکرا بێت کە ئەوەی ئێستا هەبووە هونەر نەبووە، بەڵکو پزیشکایەتی بووە) (هێنری میشۆ).

موزیك هەر بەتەنیا وروژێنەری هەستەکان نییە، بەڵکو چارەسەرسازێکی ئەو زامانەشە کە بەرجەستەو رۆحـی مـرۆڤ دەکـەون. موزیـك نایـەوێت هـەر دادڕانـە رۆحییـەکانی مـرۆڤ پیـشان بـدات، بـەڵکو لەگـەڵ پـشکنین و دەستنیـشانکردنی حاڵەتەکەشـدا تیراپییـەکی مـوعجیزە ئامێزانـەمان دەداتـێ. وەك ئیـسحاق دەگێڕێتـەوە: (جارێـك فلـوتم بـۆ هەنـدێ پێشمەرگە لێدا، یەکێکیان لێم نزیکبووەوەو گـووتی، تـۆ واتکـرد مـن ژیـانم خۆشـبووێت.. ژیانی خۆم نا، ژیانی ئەوانی تر، ژیانی دوژمنەکانم). رۆشت و لەوسـەر گەڕایـەوەو گـووتی (ئیسحاقی لێوزێڕین مژدەم بەرێ، مژدە.. کەسم نەکوشت). ئەمـە لەهـەرە کـاراترین ئـەو چارەسەرانەیە کە هەر بیمارێك پێویستێتی. ئـەوەی موزیـك دەیکـات لـەگۆڕانی کەسێکی جـەنگاوەر بـۆ کەسـێکی ژیاندۆسـت، ئاماژەیـە لەسـەر پـەیامی هیومانیزمیانـەی موزیـك. لەهەندێك دیمەنی تردا دەبیـنین موزیـك مـوعجیزەی گـەلێك سـوریالیانەمان پیـشاندەدات، وەك لەلاپــەڕەی ٤٠دا هــاتووە کــە چــۆن لەهــەتاو بارانیــان دەبارانــدو لــەباران خۆریــان دروستدەکرد.. تا دەگاتـە ئـەوەی بریـندارێك خـوێنی لەبـەر دەڕۆی، ئـەمان بەئەفـسوونی موزیـك خوێنەکـە رادەگرن. ئێمـە لێـرەدا دەمانـەوێت لـەو ئەفـسوون و جـادووە بپرسـین کەموزیك هەیەتی لەشوێنێکدا کە موزیکایەتی رۆڵی پزیشکایەتی دەبینێت.

دیــارە پزیــشکایەتیش بۆخــۆی جۆرێکــە لەجادووگــەریی، چــونکە کاتێــك ئازارێــك لەجەســتەماندا دەبێــت پزیــشك دەتوانێــت تــەنیا وەك جادووگــەرێك و بەکردەوەیــەکی جادووگەرییانە لەڕێی ئەفسوونی دەرمانێکەوە ئازارەکە رابگرێت یان بنبڕی بکات. لێرەوە هونەری موزیك دەگۆڕێت بۆ جۆرێك لەپزیـشکایەتی، چـونکە ئـەو چارەسـەری بیمارەکـان

لەرێی جۆرە دەرمانێکی رۆحی کاراوە دەکات کە پزیشکایەتی لێی تێناگات. ئەمجۆرە پزیشکایەتییە سلۆتەردایك پێی دەڵێت: (پزیشکایەتییەکی میتافیزیکی) کاتێك دەڵێت: (رێچکە گەورەکانی هارمۆنی بریتین لەپزیشکایەتییەکی میتافیزیکی، بریتین لەچارەسەرسازێکی بوژێنەرەوە - ئۆیفۆری - و شادیهێن کەبەرگری لەپێشینەییانەی خۆشبەختی بەسەر بێ بەختی و هارمۆنی بەسەر ناهارمۆنی و بەختەوەری بەسەر کوێرەوەریدا دەکات). پزیشکایەتیی هونەری موزیك لەم رۆمانەدا لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە خۆشبەختی و ژیاندۆستی لەناو بێئاگاکان و مردووەکاندا زیندوو دەکاتەوە، ئەمە جۆرێکە لەمەستییەکی زیندووکەرەوە، چونکە موزیك بەرلەوەی بۆ زیندووەکان بێت بۆ مردووەکانە، وەك ئیسحاق دوو قوتابییەکەی وەها پەند دادەدات. کاتێك لە ل٣٨ دا دەڵێت: (ئەگەر تەنیا بۆ زیندووەکان مۆسیقا دەژەنیت فلوتەکەت فرێدەو بگەرێوەماڵێ).

بەپێی راڤەی ئێمە کاتێك ئەم رۆمانە دەخوازێت موزیك بهێنێتە دنیاوە لەبەرئەوەیە کە موزیك بەشدارێکی هەرەسەرەکی گەشەکردنی کەلتوورەو دەشێت لەپاش پشکنین و دیاگنۆزەکردنی کەینونەی هەر واقیعێك کە رۆحێکی بیماری هەبێت، ببێتە تراپییەکی (چارەسەرسازێکی) رۆحی و ئۆیفۆری (مەستییەکی بووژێنەرەوە)و شادیهێن، لەشێوەی پزیشکایەتیدا. ئیسحاق لەجێیەکدا دەیگوت موزیك تلیاکە، واتە ئەو کەرەسە مەستیهێنەرەیە کە رۆحمان سڕناکات، بەڵکو رۆح بەئاوازێکی شیرین دەبووژێنێتەوەو سەرمەستی بەختەوەرییەك و ئازادییەکی کەینونیانەی دەکات.

رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان پشکنین و دەستنیشانی نەخۆشییە پێوەلکاوەکانی جەستەو رۆحی ئەو کەلتوورە دەکات، نەخۆشییەکانی وەك بێبەختی، بێئاگایی، کوێرەوەریی و بیرنەکردنەوەو زاڵبوونی ژیانێکی ئاسایی لەپێناوی تەنیا بەزیندوویی مانەوەدا بەسەر هونەری ژیاندا دەستنیشاندەکات بۆمان و لەپاڵیدا چارەسەرێکی ئیستاتیکی ئەوتۆمان دەخاتە بەردەست کەسەرباری ئەو هەموو دەردەی هەمانە ئێمە هێشتا سەرمەست بین بەژیان. کەواتە کەلتوورێك هێندە بیمار بێت گرنگترین شتێك پێویستی پێی بێت پزیشکەکانێتی، ئەوەشی بەرجەستەی ئەم فیگورە دەکات نیچە وتەنی (پزیشکەکانی کەلتوورە) کە ئەمان دەتوانن ئەو جیهانە بەرەو رێچکەی بەختەوەری و موزیکایەتیی ئاراستە بکەن. ئەم رۆمانەش هەڵگری جۆرێك لەو

(پزیشکایەتییە میتافیزیکییە)یە کە پەندی ئەوەمان دادەدات فێربین لەوەی، بەرگریکردن لەژیانی بیۆلۆگی بەبێ بەرگریکردن لەهونەری ژیان نەشیاوە، بەڕێکەوت نییە لەڕۆمانەکەدا ئەو فیگورەی کە بووەتە کۆگاو پارێزەری رۆحی ئەو جیهانەو مۆزەخانەی کارە هونەرییە جوانەکان و زیندووکەرەوەی جەلادەت و رۆحی مۆسیقی جەلادەت دکتۆر موسای بابەکی پزیشکە. دکتۆر بابەك تەنیا دەرچووی کۆلێژێکی پزیشکی نییە لەڕۆمانەکەدا کە نەخۆش و زامدارەکان تیمار بکات، بەڵکو ئەو ئەزموونگەرێکی بەردەوامی ژیان و بەرەنگارێکی رۆحی و ئیستاتیکییانەی ژیانیشە. ئەو لەگەڵ ئیسحاق و جەلادەتدا هەڵگری ئەو پزیشکایەتییە میتافیزیکییەن کە بەرگری لە (صیرورە)و درێژخایاندنی ژیانی کەلتوورەکان دەکەن. ئەمانە بریتین لەکۆئەندامی بەرگری (بەزمانی پزیشکی سیستمی ئیمون)ی هەر کەلتوورێك. لەهەر کەلتوورێکیشدا ئەم سیستمە لاوازبوو ئەوا لەڕووی جەستەیی و رۆحییەوە تووشی گیانەلا دەبێت و دەکەوێتە ئاویلکەو سەرەمەرگەوە.

دیاریکردنی فراوانی پاشخانی فەلسەفی ئیستاتیکایانەی بەختیار عەلی لەهەڵبژاردنی ئەم فیگورە پزیشکییەدا بۆ درێژخایاندنی ژیان و پاراستنی هونەری ژیان خۆی دەسەلمێنێت بۆمان. بەدیدی ئێمە هەبوونی ئەم بیچمە پزیشکییە لەڕۆمانەکەدا، ئەگەر نەڵێین لەڕۆڵی ئیسحاق و جەلادەت و شەرەفیاریش گرنگترە بۆ ژیان، ئەوا بەئیلەمێنتێکی هەرەسەرەکی و تەواوکەری بەرگریکردن لەژیان دادەنرێت. ئەو نەك هەر بیلۆگی ژیان دەپارێزێت، بەڵکو زیندوویێتی و هونەری ژیانیش چالاکدەکات. ئەگەر ژیان زیندەوەرێك بێت و لەگۆڕانبووندا درێژە بەخۆی بدات ئەوا رۆڵی ئەو بەرگریکردنە لەم گۆڕانبوونە. ئەو وادەکات برینە جەستەییەکانی جەلادەت سارێژبنەوەو رۆحی جەلادەتیشی خستەسەر رێچکەی تێگەیشتن لەهونەرو موزیك وەك رێگایەك بەرەو تەندروستبوونی هەر زیندەوەرێك کاتێك دەکەوێتە ناو دەردیسەری و تراژیدیاکانی ژیانەوە. واتە دکتۆر موسای بابەك جەستەو رۆحی جەلادەتی لەتفی درێویەکان پاککردەوە.

دکتۆر بابەك بەگەلەرییە جوانەکەی وادەکات هەموو زیندەوەرێك ببێتە جۆرێکی تایبەت بەکاری هونەری، واتە وەك ئەوەی فۆکۆ دەیگوت، بۆ دەبێت کارێکی هونەری ببێتە توحفە، بەلام ژیانی تاك نەبێت. رۆڵی ئەو پشکنین و دیاگنۆزەکردن و چارەسەرکردنی ژیانی فیزیکی و ژیانی هونەری و کەلتوورییە.

ژیانێکی تەندروست ئەوە نییە بەشێوەیەکی ئاسایی درێژبێتـەوەو بـەردەوامی بـەخۆی بدات، بەڵکو ئەوەیە پچڕان و پسان و ناموزیکایەتیی وابکات هونەر لەدایك بێـت لـەپێناوی درێژخایاندنی ژیان. خودی هونەر بریتییە لە لەدایکبوون لەسەردەمی ناهونەریـدا، موزیـك بریتییە لەخستنەدەنگی بێـدەنگی جیهـان، هونـەر بریتییـە لـەوەی رۆح بکەیتەبـەری ئـەو شتانەی بێـڕۆحن، ئـەزموونکردنیش بریتییـە لەتاقیکردنـەوەی شـتێك کـە هێـشتا لـەئارادا نییە، ئەدەبیش بریتییە لەزێدەڕۆییکردن بەواقیعەوە، بـەبێ ئـەم زێدەڕەویکردنـە ناشـێت ئەدەب لەئەندازەو سـنوورو ئـەرزی واقیـع تێبگـات، ئـەدەب بریتییـە لـەهێنانی دنیایـەکی ناواقیعی لەئایندەوە بەفانتازیا بۆ ناو دنیایەکی ناجوان کە هەنووکە لەواقیع و لەئارادەیە. لێرەوەیە هونەرو ئەدەب و فیکری تەندروست ئەوە نییە باسی لـەباری تەندروسـتی واقیـع بکات وەك ئەوەی هەیە، واتە ئەوە نییە کە ئاوێنەی واقیع بێت، بەڵکو ئەوەیە پـشکنین و دەستنیشانی واقیعێکی بیمار بکات کە بیماریەکەی کەوتۆتە ناو بۆتـەکانی واقیعـەوە. کـە کەلتوورێکیش یاخود کەسێکیش دەستنیشانی بیماری خـۆی کـرد مانـای وایـە ئـەو خـۆی دەناسێت. وەك چۆن جیل دۆلۆز نموونەی فریدریك نیچە مان بۆ دەسەلمێنێت کە ناکرێـت وەك نەخۆشێك تەماشای بکەین، هەروەها سلۆتەردایك هەمان دۆخی لای نیچەو لای ولیەم جـەیمس دەستنیـشانکردووە، چـونکە ئـەوان هـەم خۆیـان ناسـیوەو هـەم جیهانیـشیان ناسیوە، واتە ئەوان پزیشکی خۆیان و پزیشکی جیهانیش بوون.

بەم پێودانگە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) لـەو کـارە ئەدەبییـە دەچـێت کـە هەڵگری جۆرێکی بەتوانای پەیامی پزیشکایەتییە بۆ کەلتووری شارێك کە گوێچکەی بـووە بەبـەرد. ئـەو رێـچکەی چارەسەرەشـی کـە دەیخاتـە بەردەسـت بریتییـە لـەوەی فێـری دووبارەبیستنەوەی دەنگ و بێدەنگی جیهان بکات، بریتییـە لـەوەی گوێـچکەی نـاوەوەی چالاك بکات بۆ بیستنی ئەو دەنگانەی کە گوێچکەی دەرەکی پێی نابیستێت. ئـەو رۆمانـە کۆششێکی شیعری فەلسەفییە بـۆ بەخـشینەوەی ئۆنتۆلۆگیـا بەبیـستن و بەگوێـچکە وەك میدیۆمی سەرەکی تێگەیـشتن و وەك کـەناڵی سـەرەکی چـوونە نـاو جیهـان. ئـەم رۆمانـە ئۆدیسەیەکی کوردییە کە بەناو چینەکانی بنەوەو پـەلوپۆ هەڵکشاوەکانی دەرەوەی ئـەو مێژووەدا رۆچووەو هەڵچووە. گەشتێکی کۆپـەرنیکۆسیانەیە لەپێناوی دۆزینەوەی هەرێمـە

ئاشکرانەبووەکانی ئەو دەڤەرەدا، کە موزیك و ڕۆح و جوانی بریتین لەو شوێنە ونانەی ناو کەلتووری ئێمە.

دۆزینەوە دەستکەوتێکە ئێمە دوای گەڕانێکی زۆرو درێژخایەن دەیبەینەوە. لێرەدا لەچاوی مندا دۆزینەوە لەداهێنان گرنگتر دەبێت، چونکە دۆزینەوە بریتییە لەگەڕان و دەرچوون لەماڵەوە بۆ هێنانی (شتێك) لەشوێنەکانەوە، لەو هەرێمانەی هێشتا لەهیچ ئەتڵەسێك نەخشە نەکێشراون، بەڵام داهێنانی (بیرۆکەکانە) لەڕێی رامانکردنەوە. وەك لەلاپەڕەی ٥٩٨دا دەڵێت: (موزیك سەفەرە بۆ سەرزەمینێکی تر). لێرەدا کتومت مانای نۆمادیانەی ژیان بەرجەستە دەکات، مانایەك ئەوە دەگەیەنێت کەوا بەبێ سەرکێشییەك بۆ کۆچبردن بەرەو سەرزەمینەکانی تر، بەبێ سەرچڵکردن لەتەیکردنی دنیادا، گوێگرتن لەجیهان وەك فینۆمینەیەکی موزیکی نەشیاوە.

نادا براهما دەڵێت: (جیهان بریتییە لەدەنگ). سلۆتەردایك لەڕاڤەکردنی ئەم رستەیەدا کە بەشێکی لەکتێبی (پرچەککردنی کۆپەرنیکانی و چەکداماڵینی پەتلیمۆسی) بۆ تەرخانکردووە، دەڵێت: (جیهان بریتیی نییە لەدەنگ، بەڵکو فەزایەکە بۆ توانستەکانی، هەروەها سەمفۆنییەکیش نییە، بەڵکو کابوسێکی پڕ جەنجاڵییە کە هۆکارو بیانوی ئەوەی لایە بیر لەوە بکاتەوە کەوا تاوەکو جەنجاڵییەکە زۆرتر بێت ئەوا بینینی رێکخستنی ئاوازەکان دەشێت زۆرتر بێت. (واتە ئەرکی هونەر لەوێدا نییە کە موزیك لەئارادایەو ماوەتەوە سەر ئێمە کە تەنیا مەشقی بکەین، بەڵکو لەو دێوەزمە جەنجاڵەدا مادامەکی جیهان بریتییە لەدەنگ، ئەوا ئەرکی هونەر لەوێدایە کە بێدەنگی بدۆزێتەوە، ئەگەر موزیکیش هەبوو ئەوا دەبێت دەیمەنی ناموزیکی جیهان بدۆزێتەوەو وەك شیعرێك پێشکەشمانی بکات. لەچاوی مندا ئەم رۆمانە ئەو گەشتە کۆپەرنیکۆسییەیە کە بەڕازێکی شیعری فەلسەفییەوە دەگەڕێت بەناو حەشارگە پەنهانەکانی کەلتووری کوردی و گەنجینەیەکی دۆزیوەتەوە کە مرواری و خشڵەکانی ناوەوەی بریتین لەمجۆرە رستانە. (گوێچکەی ئەم شارە بووە بەبەرد)، (شارێك کە گۆڕستانی موۆسیقایە گۆڕستانی مرۆڤیشە)و چەندین رستەو برگەی تریش، بەڵکو خودی تێکڕای رۆمانەکە پێمان دەڵێت کە چیدی مرۆگەلی ئەو هەرێمە لەناو کایەیەکدا ناژین کە ئەتمۆسفێرێکی موزیکی دۆخ و کەشی کایە رۆحییەکانی ئەوێی سازکردبێت و کۆمەڵگەش لەو جەنجاڵییەدا گوێبیستی

دەنگی جیهان بێت. دیارە بەبێ گوێهەڵخستن لەجیهان و بەبێ توانای بینین و بیستنی ئەویتر ناشێت خود دەرك بەخۆی بكات و خۆی ببیستێت. پاول سیلانی شاعیر دەڵێت: (من تۆم ئەگەر من من بم)، چونكە لەمێژە فیكر ئەوەی بۆ سەلماندووین كە بیۆگرافیای ئەویتر دێرینترە لەبیۆگرافیای من، نیچە گوتەنی: (تۆ) كۆنترە لە (من). دیارە كەناڵێكی سەرەكی گوێلەخۆگرتن بریتییە لەموزیكایەتی، لەڕێی موزیكەوە ئێمە چۆن دەچینەناو جیهان ئاواش دەگەڕێینەوە ناو جیهانە فەرامۆشكراوەكەی خۆمان. ئێمە هێندەی لەناو موزیكدا (هۆگری جیهان) دەبین لەناو چ میدیۆمێكی تردا، تەنانەت لەتلیاكیشدا هێندە هۆگری جیهان نابین. پیتەر سلۆتەردایك لەكتێبی (نامۆیی جیهان)دا بەشێكی تەرخانكردووە بۆ شیكردنەوەی گووتەزای (لەناو –جیهان–دا بوون) بەموزیك لەڕێی ئەم رستە گرنگەوە: (ئێمە لەكوێداین كاتێك موزیك دەبیستین)، كە پێشكەشی موزیكدانەری ناودار (ڤۆلڤگانگ ریهم)ی هاوڕێی كردووە. ئەو وەها وەڵامی دەداتەوە: (ئێمە ئەوكاتە لەناو هەرێمی پشتەوەی بوونەوەرێكی لەجیهان دووركەوتووەوە داین). دیارە مەبەستێتی بڵێت كەوا ئێمە لای بوونەوەرێكین لەودیوی جیهاندا خۆی دەبینێتەوە، روونتر بڵێین، ئێمە لەگەڵ خودی خۆمانداین، ئێمە كە موزیك دەبیستین لەگەڵ خۆمانداین و بەس، چونكە هەرێمی موزیك چ سنوورێك شك نابات، ئەو هەرێمێكی كراوەیە، لەهەرشوێنێكدا بێت وەك چەق وایە بۆت، لەبەرئەوە چ سنوورێكی نییە واتە هیچ كات ناكەوێتە قەراغەوە. لێرەوە بیستەری موزیك هەمیشە دەكەوێتە (ناو) كایەیەكەوە نەك (دەرەوە)و قەراغی كایەكەوە. ئێمە كە گوێبیستی موزیك دەبین دەكەوینە ناو كایەیەكەوە كە چ سنوورێكی لەچواردەوردا بۆ نەكێشراوە، چونكە ئەم كایەیە تێكڕای جیهان و گەردوون دەگرێتەخۆی، لێرەوەیە هونەری بیستن تەنیا وەك تیۆری لەناو –دەنگدا–بوون، كە فۆرمێكە بۆ لەناو – جیهان–دابوون، بۆ شیكردنەوەی (هەناوگەری) شیاو دەبێت. لەناو هۆشمەندی مرۆڤدا وەك شتێكی هەستیار بەجیهان، ئەم هۆشمەندییە ئەم رۆمانە لەشێوەی موزیكێكی بێكۆتا پێمان دەبەخشێت، چونكە بەخوێندنەوەی ئەو رۆمانە ئێمە دەچینە ناو هەرێمە پەنهانەكانی ئەو بوونەوەرەی كە بەگوێیەكی موزیكییەوە گوێبیستی جیهانە. گوێچكەیەك كە لەناموزیكی ئەو هەرێمەوە لەدایك دەبێت، پاش ئەوەی دەبیستێت گوێچكەی ئاسایی ئەو شارەبووە بەبەرد، ئەو دەخوازێت لەو (وڵاتەدا بمێنێتەوە بۆئەوەی

ببیستێت). (مانەوە) لێرەدا بریتیی نییە لەخۆنیشتەجێکردنێکی خامۆشانە لەو شارەدا، بەڵکو بریتییە لەمانەوە بۆ بەجێهێشتنی گوێچکەی ئاسایی لەپێناوی بیپستنی بێدەنگی ئەو هەرێمە بە(گوێچکەی سێهەم). بەبێ ئەم بەجێهێشتنە مەحاڵە دەرفەتی لەدایکبوونی گوێچکەی رۆحی بێتەئاراوە، چونکە ئەوانەی دەمێننەوە ئەوانەن کە توانای بەجێهێشتنیان نییە بۆ چوونەناو هەرێمەکانی پشتەوە کە لەوێدا بێدەنگی موزیك دەشێت ببیسترێت.

سروشتی گوێچکە ئەوەیە هەست بکەیت لەناو کایەی (لەناو –دەنگ–دا بوون)دا بیت، چونکە چ بیستەرێك ناتوانێت لەسەر قەراغی بیستنەوە گوێ هەڵبخات، لەبەرئەوەی گوێچکە وا لەجیهان دەکات ببێتە لەناو دەنگدابوون. ئەو شوێنەشی ئێمە لەبیستنی موزیکدا پێی ئاشنا دەبین بریتییە لە (خود). یان لەناو –خود–دا بوون. ئەم رۆچوونەش هەڵگری چ سیمایەکی میستیکی نییە، بەڵکو رۆچوونێکە بۆئەوەی بیستەر لەناو جیهانیبوونی خود لەقەراغەوە بگەیەنێتە چەق و ناوەندی جیهان. چونکە ئەو جێگایەی ئێمە تێدا هەین بریتییە لەکایەیەکی ئۆنتۆلۆگی کە لەرێی رۆچوونە ناوەوەی زووبیەکت بۆ خودی خۆی شێوەگیر دەبێت. کە دواجاریش لەنێو –خود–دا بوون دەبێتە ئەو کایەیەی کە تێیدا خود چەقی خۆی لەگەڵ جیهاندا هاوتا دەکاتەوەو پەیوەندییەکی رۆحیش لەگەڵ خۆیدا چێ دەکات، چونکە رۆح چییە (گەر هەمیشە پەیوەست نەبێت بەخودی بیستنەوە.) وەك سلۆتەردایك لەکتێبی نامۆیی جیهان–دا دەڵێت، لێرەوە بەشێوەیەکی راگوزەرانە خۆمان دەبەستینەوە بەپەیوەندیی موزیك و میستیکەوە.

## موزیک و میستیک

ئەگەر (چاو) وەك ئۆرگانی هەستی بینین بریتیی بێت لەو میدیۆمەی تەماشای جیهانی دەرەوەی بکات، واتە هێزی بینینمان ببەخشێت بەدەرەوە، خۆی بەرجەستەی جیهانی دەرەوە بکات، ئەوا (گوێچکە) وەك ئۆرگانی هەستی بیستن ئەو میدیۆمەیە کە دەنگی جیهان دەهێنێتە ناو بیستگەمانەوەو بەرجەستەی ناوەوە دەکات. چاو هەموو جیهان دەبینێت، بەڵام ناتوانێت خۆی ببینێت، بەپێچەوانەوە گوێچکە هەموو دەنگەکان دەهێنێتە ناوەوەو چ شتێك ناباتە دەرەوە، چاو میدیۆمێکی بەخشەرە لەکاتێکدا گوێچکە تەنیا وەردەگرێت و هیچ نابەخشێت. لەم نیوەندەدا موزیك دەبێتە زوبستانسێك کە

بەهەردوو میدیۆمەکەدا گوزەردەکات و هەردووکیشیان پێکەوە کۆدەکاتەوە، واتە کاتێك ئێمە گوێبیستی موزیکێن هەستیش دەکەین ئێمە سەمایەك دەبینین، ئەم دیمەنە کتومت لەوەیە کە نیچە دەڵێت: (بەچاو ببیستە). موزیك توانیویەتی یەکەیەکی یەکگرتوو لەنێوان هەستەکانماندا بۆ کۆکردنەوەی (ناوەوە) لەگەڵ (دەرەوە)دا ببینێتەوە. پێناسی بەختیار بۆ موزیك لەم رۆمانەدا تەواو لەگەڵ ئەم تیۆریەدا تەبا دەکەوێتەوە. ئەو لەچەندین شوێندا ئاماژە دەدات کە موزیك سەفەرە لەنێوان دەرەوەو ناوەوەدا، لەنێوان ژیان و مەرگدا، لەنێوان دەنگ و بێدەنگیدا...و هەروەها. خودی مرۆڤەگەریش بریتین لەو بوونەوەرانەی لەناو ریتمەکانی دەرکەوتنی جیهان و ئاوابوونی جیهاندا پەیدا دەبن، مرۆگەل دێنە ئاراوەو بزر دەبن، هەن و نین. مرۆڤ بوونەوەرێکە هەردەم لەناو ریتمێکی جۆلانەیی دایە، دێت و دەچێت، نیشتەجێ دەبێت و کۆچ دەکات، شوێن دەدۆزێتەوەو شوێن دەسڕێتەوە.

لەم رەوتە جۆلانێییەدا موزیك بریتییە لەو کایە دەنگەوەرییەی کە تێیدا (ئیزۆتریك – هەناو گەرایی) و (ئیکزۆتریك – دەرگەرایی) لەپنتێکدا بەیەك دەگەیەنێت و هەردوو جەمسەری تەوەرەکە بەرجەستەدەکات. جارێك لەئاسمانەوە داماندەبەزێنێتە سەر زەمین وەك لەگۆرانییەکانی (خالقی)دا ئەمە روودەدات و جارێکیش لەسەر زەمینەوە دەمانفڕێنێت بۆ ئاسمان، وەك لەمەقامە ئێزۆتریکییەکانی (عەلی مەردان)دا ئەمە روودەدات. هەردوو ئەم پرۆسەیە خەسڵەتی موزیك دیاریدەکەن و چ موزیکێك نییە لەناو یەکێك لەم دوو رەوتەدا روونەدات. واتە موزیك لەنێوان ئەم دوالیزمەدا خۆی دەبینێتەوە کە یەکێکیان بەجێهێشتنی نیشتمانەو ئەویتریان گەڕانەوەیە بۆی، یەکێکیان بۆکۆچکردنێکی ستونی بەرەو ئاسمان روودەدات و ئەویتریان لەناو کشانێکی ئاسۆیی نێرڤانابیدا لەسەر زەوی خۆی رەها دەکات. موزیك گەڵاڵەکردنی کۆی سروشت، جیهان، شوێن، کات و مرۆڤ و خودایە. موزیك تەنیا رۆچوونە هەناو نییە، بەڵکو توانستێکیشە بۆ دەرچوون و فڕین. لەلاپەڕەی ٥٢٧ی رۆمانەکەدا واهاتووە: (ئەوەی بتوانێت گوێ لەمۆسیقا بگرێت، دەتوانێت گوێ لەپێغەمبەرەکان نەگرێت، چونکە ئەوەی خودا دەیەوێت بەمرۆڤی بڵێت لەناو مۆسیقاشدا هەیە). لەرێی ئەم ئەفۆریزمە گنۆستیکییەوە دەشێت ئێمە پەی بەجەوهەری پێناسەی ئەو موزیکۆلۆگییە بکەین کە لەم رۆمانەوە لەدایك دەبێت.

لەم ئەفۆریزمەوە من سەرنجەکانم لەدوو خاڵدا دەردەبڕم، یەکەمیان: (پێغەمبەر وەك میدیۆمێك لەگەیاندنی پەیامی خودایەتی و پێغەمبەرانەدا شکستی هێناوە لەڕامکردنی ڕۆحیانەی مرۆڤ بەئاراستەی چاندنی هەستی جوانی ژیان و میهری خوداوەندی تیایدا. ئەمڕۆ دەبینین هەموو شەڕەخوێناوییەکان بەناوی پێغەمبەران و خوداکانەوە دەکرێن، بەتایبەت لەئایینە مۆنۆتایستەکاندا (کریستیان، جوولەکایەتی و ئیسلام). جۆرج بوش بەر لەهەر هێرشکردنێك سەرەتا لەکڵێسەدا نوێژێك دادەدات و خۆی بەسرووتە دینییەکانی مۆبیلە دەکات و لەخودا دەپاڕێتەوە ئەمریکا سەرکەوتوو بکات، ئیسلامییەکانیش لەهەموو پەلامارەکانیاندا، خۆکوژیی بێت یان سەربڕین، پشت بەخواو (الله اکبر) تاکە وشەیە کە دەریدەبڕن. ئەمڕۆ پەیامی ئایینی لەهەندێك ئیدیۆلۆگی ڕەگەزپەرستی ترسناکترو تۆتالیتالترەو مەرگ هێنترە لەسەر مرۆڤ.

دووەمیان: جەوهەرو سوبستانسی هەموو ئایینەکان بریتییە لەوەی هانی مرۆڤ بدات کار بکات بۆ دوارۆژ، لەپێناوی ئەمەشدا ئەوەی لەسەرە دەستبەرداری ئەمدنیا بێت تاوەکو ئەودنیا بباتەوە. ئەم پێیە مرۆڤی ئایینی لەمانا هەبوونگەراییەکەیدا بوونەوەرێکی (بێجیهان)ە، لەکاتێکدا هونەری موزیك ئەم پەیامە بەجۆرێکی تر پێشکەش بەمرۆڤ دەکات. موزیك مرۆڤ دەباتە ناو جیهانەوە، ئەو وا لەمرۆڤ دەکات ببێتە بوونەوەرێکی (جیهاندار). مرۆڤ گوێچکەی هەیەو دەبیستێت، دەبیستێت و تێدەگات، گوێچکەی ئایینیش جیهان وەك قەرزێك تەماشا دەکات و دەبێت ڕۆژێك بیداتەوە بەخاوەنەکەی، لەکاتێکدا گوێچکەی موزیکی پێیوایە ئێمە بێ هیچ بەرامبەرێك فڕێدراوینەتە جیهانەوەو دەبێت جیهانیش وەکو دەنگێکی هەمەکی بێ ڕیشەو بێ ئایندە ببیستین، وەك جەلادەتی کۆتر لەلاپەڕەی ٣٢٤دا دەڵێت: (وەك مۆسیقا کە هیچ کەس نازانێت لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەڕوات)، بەڵام دەشێت موزیك ببێتە کایەی کۆکردنەوەی هەردوو خاڵەکە، ببێتە مایەی بەستنەوەی هەردوو ڕەوتەکە، ڕەوتی بەجێهێشتنی جیهان بەرەو نەبوون و ڕەوتی گەڕانەوە بۆ ناو جیهان، واتە ڕۆشتن لەبێجیهانییەوە بۆ ناو جیهان. ئەمەش لەناو ئیرادەی مرۆڤدا خۆی مانیفێست دەکات. سلۆتەردایك لەلاپەڕەی ٣٠١ی نامۆیی جیهاندا دەڵێت: (موزیکی هاتنەناو جیهان بریتییە لەخواستی دەستەڵات وەکو دەنگ، کە خۆی لەسەر هێڵی شتێکی بەردەوام کە لەناوەوە دێت بەرپا دەکات، لەکاتێکدا موزیکی گەڕانەوە

کۆشــشی ئەوەیـــەتی لـــەدوای شـــکاندنی بەردەوامییەکـــە بگەڕێتـــەوە نـــاو دۆخـــی هەڵپەسێردراوانەی بیستەوەرییەوە کە تێیدا ژیانی زامدار بوو خۆی وەکو نائیرادە بۆ دەستەڵات گرد دەکاتەوەو خۆیشی چارەسەر دەکات).

لێرەوە دەبینین موزیک وەك هەر سوبستانسێکی تر خەسڵەتێکی دوالیزمی هەیە، جارێك لەجیهانەوە دەچێت بۆ ناو جیهان، جارێکیش لەناو جیهانەوە دێتەوە ناو جیهانەوە. جارێك لەهەناوەوە دەچێت بۆ دەرەوە (ئێکزۆتریکە)و جارێکیش لەدەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو هەناو (ئێزۆتریکە).

جەلادەتی کۆتر لەدرێژەی هەمان بڕگەی سەرەوەدا دەڵێت: (موزیك لەکوێیەو ئێمە لەکوێین). کە ئەم رستەیە لەناو کۆی وتووێژی نێوان جەلادەت و عەلی شەرەفیاردا هاتووە.

من لێرەدا ئەو رستەیە هاوتا دەکەمەوە لەگەڵ رستەیەکی سلۆتەردایك-دا کە دەڵێت: (ئێمە لەکوێین کاتێك موزیك دەبیستین). دیار وەك لەسەرەوە ئاشکرامان کرد دیاریکردنی شوێنەکە هەمیشە بەنادیار دەمێنێتەوە، بەمانای مرۆڤ لەکاتی بیستنی موزیکدا ناتوانێت بەتەواوی جەمسەرێکی جیهان بگرێت، جگە لەمەش موزیك خۆی بریتییە لەچوونە ناو جیهانێکەوە کە پێشتر نەچوویتە ناوی. موزیك دەتباتە ناو هەرێمێکەوە هێشتا لەسەر هیچ ئەتڵەسێك نەخشەی بۆ نەکێشراوە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەو لەشوێنێکەوە دێت کە نازانین کوێیە. موزیك نەك هەر دەنگ لەبێدەنگی یەکالا دەکاتەوە، بەڵکو هەقیقەتی ئۆرگانی هەستی بیستنمان، کە گوێچکەیە، بۆ ئاشکرا دەکات.. تێگەیشتنی باو پێیوایە موزیك بەهرەیەکە یاخود جەوهەرێکە لەناو مندایە، بەڵام بیری هاوچەرخ پێچەوانەی ئەمە بەدروست دادەنێت، دیدی هایدگەر و سلۆتەردایك وادەبینن کە ئێمە بیستەر لەناو موزیکداین نەك بەپێچەوانەوە. بەوەدا کە ئێمە لەناو جیهانداین واتە ئێمە لەناو دەنگداین. لێرەوە هایدگەر دەڵێت: (ئێمە لەبەر ئەوە نابیستین، چونکە گوێچکەمان هەیە، بەڵکو لەبەرئەوە گوێچکەمان هەیە، چونکە دەبیستین).

### گوێچکەو ئۆنتۆلۆگیای جیاوازیی

گەر بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکانی جەلادەت لەلاپەڕەی ٣٢٥دا دەتوانین هەمان ئەم شوناسەی موزیك ببینینەوە. لەوێدا باس لەوە دەکرێت داخۆ مرۆڤ ببێتە مۆسیقار یاخود

ببێتە مۆسیقا خۆی؟ کە جەلادەت حاڵەتی دووەم وەردەگرێت، چونکە بەوەدا کە دازاین لەناو ماهیەتدایە ئەوا مۆسیقاریش لەناو مۆسیقادایە. ئەو دەڵێت: (مرۆڤ ببێتە مۆسیقا واتە مرۆڤ لەگەڵ ئەو هەقیقەتە نەمرەدا یەکبگرێتەوە کە قووڵ لەناخی هەموو جوانییەکدا خەوتووە. قووڵ لەگەڵ هەموو هونەرێکدا دەژی).

بەڵام لەهەرێمێکدا کە جەوهەرەکان نەژین بێگومان بوونەوەرەکانیش ناژین، وەك لەلاپەڕەکانی پێشەوەدا قسەمان لەسەر ئەم خاڵەکرد. واتە ئەگەر لەهەرێمێکدا موزیك نەبوو بێگومان مرۆڤیش نییە. لەبەرئەوەی شارێك کە گوێچکەی بووە بەبەرد، ئیدی ترس و نیگەرانیی دڵەڕاوکێ و پەرێشانی، لەپێناوی بیست و گوێچکەدا لەبیرکردنەوەی دازایندا چەکەرە دەکات، چونکە دازاین لەو هەرێمەدا بەردەبێتەوە ناو عەدەمێکەوە کە بەبێدەنگییەکی رەهاو بەنابیستنێکی کچ تەنراوە، دواجاریش لەناو جیهاندا بوونی دازاین بەردەبێتەوە ناو کایە درۆزن و ساختەکانەوە. لەم نیگەرانییەوە دازاین دەرك بەو جیهانە کچە دەکات کەوەك عەدەم لەدەوری تەنراوە، وەك هایدگەر دەڵێت (نیگەرانیی عەدەم ئاشکرا دەکات). مردنی موزیك و بەبەردبوونی گوێچکە کتومت ئەم حاڵەتە بەردەستە دەکەنەوە. بەپێی سلۆتەردایك نیگەرانی هایدگەریانە ئاماژەیە بۆ ئەو کارەساتی بیستنەی بەرپرسیارە لەبەرپابوونی موزیك، کە بۆ رووداوی بنەڕەتیانەی بیستن دەبێتە رووپۆشێکی پارێزەر کە هەموو دووبارەبوونەوەیەکی دواتری بیستنی لەسەر رۆدەنیشێت دیارە نیگەرانیی بەختیاریش لەسەر ئەوەی کەلتووری کوردی گوێچکەی موزیکی بووە بەبەرد، نیگەرانییە لەپێناوی ئەو خامۆشییە سامناکەی ئەو جیهانە کە نوقمی بێدەنگییەکی چۆڵ بووەو گوێچکەی ئاسایی توانای بیستنی ئەم بێدەنگییەی نییە. لێرەوەیە لەدایکبوونی گوێچکەی سێیەم کە گوێ هەڵدەخات بۆ ئەو کەڕبوونە پێداویستییەکی رۆحی وجودیانەی هەر کەلتوورێکە. بەو رستەیە بەختیار رەخنە لەکەڕبوونی گوێچکەمان دەگرێت کەچ هەستێکی موزیکایەتی تێدا نییە، رەخنە لەگوێچکەی وجودیانەی ئەو دەڤەرە دەگرێت کە جگە لەدەنگی ژیانێکی ئاسایی کە وەك هەر زیندەوەرێك ژیان بەسەر دەبات، چ دەنگێکی ژیان لەرێچکە هونەرییەکەیدا کە بەرجەستەی ئیرادەی مرۆڤ بکاتەوە نابیستێت.

گوێچکەی موزیکی، بەو پێیەی ئیسحاق بۆ قوتابییەکانی باس دەکات لەلاپەڕەکانی ٢٢ و ٢٣ی رۆمانەکەدا، بریتییە لەجێگەی یەکالاکردنەوەی شتەکان لەخۆیاندا، بریتییە لەمیدیۆمی راگەیاندنی مانیفێستی جیاوازیی.

جیاوازیی شتەکان لەگەڵ یەکتردا نا بەتەنیا، بەڵکو جیاوازیی شتەکان لەگەڵ خۆشیاندا، شتەکان لەگەڵ خۆشیاندا جیاوازن، هەر ریتمێك لەشوێنێکدا میتافۆرە بۆ مانایەکی تایبەت و جیاو ئینديڤیدوو. ئەو دەڵێت: (دەبێت گوێیەکتان بۆ دروستبێت بتوانێت باران لەهەموو جێگایەکدا جیا بکاتەوە، ئیقاعی دڵۆپەکان جیا بکاتەوە، ئیقاعی ئەو دڵۆپانەی بەر سینەتان دەکەون جیاوازە لەئیقاعی دڵۆپەکانی سەر دەستتان یان سەر شانتان، یان سەر گۆناتان، دەبێت جیاوازیی ترپەکان ببیستن و تامی جیاوازییەکان بکەن. مۆسیقا تامکردنی جیاوازییەکانە). ئیسحاق پێیوایە موزیك سەفەرێکی جاویدانییە بەناو دنیادا، مرۆڤ لەبەردەم سێ سەفەردا: سەفەرێك بۆ ناو سروشت، سەفەرێك بۆ ئاسمان و سەفەرێز بۆ ناو خۆی. و مرۆڤ بۆئەوەی ببێتە مرۆڤ هەڵبەت دەبێت یەکێك لەم رێگایانە بگرێتەبەر. مرۆگەل بەوەدا کە خولیای موزیکم، بەهەمانجۆر بریتین لەئامێری موزیکی بۆ هەرسێ ئەو سەفەرەی کە راڤەی سەراپای جیهان لەهەرسێ دوورابیەکەوە دەکەن. سەفەر بۆ ناوەوەی خۆی (رۆح)و بۆ دەرەوەی خۆی (سروشت)و بۆ سەرەوەی خۆی (خودا). لەهەرسێ ئەم سەفەرەدا مرۆ هەر رێچکەیەك بگرێبەر ئازادە، چونکە ئەو تەنیایە، بەلام لەو رێچکەیەدا پێویستی بەگوێچکەیە کە بتوانێت هەموو دەنگ و بێدەنگی ئەو رێگایە ببیستێت، پێویستی بەوەیە بەپلەی یەکەم گوێ هەڵخات بۆ ناوەوەی خۆی و بۆ بێدەنگیی جیهان. لەم سەفەرەدا ئەو هەر تەنیاشە، بەلام بەیەکێك لەو سێ گوێچکەیە دەبیستێت کە هایدگەریش لە (فەلسەفەچییەدا/ کە ئێمە بەر لەپتر لەدە ساڵ بەکوردی بلاومان کردەوە) بۆمان پێناس دەکات وەك: گوێچکەی خواکان، گوێچکەی مرۆڤی مردۆك (فانی) گوێچکەی شاعیران. ئەم پێناسەیەش ناچارمان دەکات پانۆرامای تێگەیشتنی ئەو لەسەر بیستن و گوێچکە بخەینەروو.

واتە هایدگەر سێ جۆر (بیستن) پۆلێن دەکات: یەکەمیان گوێچکەی بەزەییمەند (ئەم وشەیە هۆلدەرلینییە) کە بریتییە لەبیستی خوداوەند کاتێك نوێژەکان قبوول دەکات و دەبیستێت. دووەمییان نەبیستنی فانییەکانە، واتە گوێپۆشکردنی مرۆڤ کاتێك نایانەوێت ببیستن، سێیەمیان بریتییە لەبیستنی شاعیران، کە نەبریتییە لەبیستنی خواوەندو نەلەفەرامۆشکردنی فانییەکان و مردۆکەکانە (مرۆدۆك لەسەر جۆری ترسنۆك و چنۆك، لەرەگی وشەی (مردن)ەوە بۆ زاراوەی مرۆڤی فانی دامرشتووە)، بەڵکو گوێی شاعیر، کە لای بنەڕەت و سەرچاوەوە دەمێنێتەوە، بیستنی ئەم بریتییە لەبیستنێکی جێگری ئەو شتانەی لەبنەڕەتەوە روودەدەن. لەپاڵ ئەو سەرچاوەیەدا خوداکان و فانییەکان لەیەك

جـودا دەبنـەوە، گوێـچکەی شـاعیر گوێـچکەیەکە گوێبیـستی موزیکایـەتی خواوەنـدە، خواوەندێك لەخودای تیۆلۆگی یان میـستیکی ناچێت، بـەڵکو خوایـەکی موزیکییـە کـە مـرۆ بەختەوەر دەکات، خودایەکـە لـەوەی زەردەشـتی نیـچە داوای دەکـات (خودایـەکم دەوێت سەمام بۆ بکات). گوێچکەی شاعیر ئەوەیە کە هایدێگەر لەوانەی (فەلسەفەچییەدا) وەسفی کردووە بەوەی: (گوێچکەیەکە، بەر لەفەلسەفە، بوون لەبنەڕەتییەوە دەبیستێت).

هایدگەر لەو وانەیەدا پێناسی فیلۆسۆفیا وەك بیستنی دەنگی بـوون دەکـات و ئـەوەش دەسـەلمێنێت ئەگـەر هـەر گوێـچکەیەك گـوێ بـۆ (فـیلین–خۆشویـستن) رادیرێـت ئـەوە گوێچکەیەکی ناوەکییە. دێریداش لەوانەیەکدا بەناوی گوێکەی هایدگەر، راڤـەی رسـتەیەکی هایدگەر دەکـات کـە لـە(بـوون و کـات)دا هـاتووە، کـە دەڵێـت: (وەك بیـستنی دەنگـی ئـەو دۆستەی دازاینی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە).

دێریدا باس لەوە دەکات کە گوێچکەی ناوەوە لێرەدا بریتیی نییـە لـەئۆرگانێکی لەشـی مرۆڤ وەك هەر ئۆگانێکی تر، واتە گوێچکە بۆ هایدگەر کۆئەندامێکی هەستەوەری پەتی نییە کـە ئێمـە پێـی دەبیـستین، بـەڵکو بریتییـە لـەژیری و لەعـەقڵ. گوێـچکەی نـاوەوە لێـرەدا نەشتێکی هەستەوەرییەو نەئەندامێکی رۆحییە، هەروەك چۆن میتـافۆرێکی میتـافیزیکیش نییـە، بـەڵکو وەك دێریـدا دەڵێـت ئـەو خـۆی بریتییـە لـەلۆگۆس و لەعـەقڵ کـە هایدگـەر دەیبەسـتێتەوە بەپێناسـی بوونـەوە، بـەوەدا کـە بـوون بریتییـە لەلۆگۆسـی کۆبوونـەوە، کۆبوونەوەش بریتییە لەبیستنی لۆگۆس. ئەو لە (بیرکردنەوە چییەدا)ش بیرمان دەخاتـەوە کەوا بیستن بەبیرکردنەوە دادەنرێت نەك بەپێچەوانەوە.

کەواتە گوێڕاگرتن مانای ئەوە نییە کەوا ئێمە هەستی بیـستنمان وا لێبکـەین دەنگـەکان ببیستێت، ئێمە گوێ بۆ شتێك هەڵدەخـەین کـە دەکەوێتـە ئـەودیوی گوێـچکەوە، ئـەودیوی گوێچکەی کراوەمانـەوە، لەوێدا لـەناو جیهانـدا ئێمـە گـوێڕادەدێرین و دەرەوە دەبیـستین، بیستنیش تەنیا بـۆ بیستن نییـە، بـەڵکو ئێمـە دەبیـستن بۆئـەوەی تێبگـەین. ئێمـە شـتێك دەبیستین کە دەکەوێتـە دەرەوەی خۆمانـەوە، لـەم بارەشـدا گوێـچکە دەبێـت بـەکراوەیی گـوێڕادێریی بکـات، واتـە بۆئـەوەی تێبگـەین بیـستن مانـای چـی دەگەیـەنێت ئـەوا دەبێـت گوێڕادێرین و گوێهەڵخەین بۆ دەنگەکانی دەرەوەو ئەودیوی خۆمان، وەك هایدگـەر دەڵێـت: (بیستن بریتییە لەگوێڕادێرانێکی کۆکراوە، بیستن لەناو گوێهەڵخستندا هەیە. ئێمە ئەو کاتـە دەبیـستین کەتـەواو دەبینـە گوێـچکە). لێـرەوە ئـەو موزیـك بەنموونـە دەهێنێتـەوەو بـاس لە(باخ) دەکات و پێیوایە ئێمە هەرگیز ناتوانین ئـەو ببیـستین ئەگـەر تـەنیا بمانـەوێت گـوێ

بگرین. یان کەڕبوونی بیتهۆڤن ڕێگر نەبوو بۆ ئەو لەبەردەم بیستندا، بەڵکو بگرە باشتر لەجاران دەیبیست، چونکە ئەو سەراپا ببوو بەگوێچکە، وەك دەڵێت: (ئێمە دەبیستین نەك گوێچکە).

لەم سەرچاوە فەلسەفییەوە دەتوانین دەرەنجامی خاڵێکی جەوهەریی باسەکەمان بکەین کەوا گوێچکەی ناوەوە یان گوێچکەی سێیەم یان گوێچکەی ڕۆحی تەنیا ئۆرگانێك نییە بۆ جەوهەرێکی ڕەخنەیی، لەوەی بڵێین ئەو گوێچکەیەی ئەم ڕۆمانە دەخوازێت جیهانی پێ ببیستێت، گوێچکەیەکە دەخوازێت تەنیا ڕەخنە بگرێت، بەڵکو گوێچکەیەکیشە تەواو وەك گوێڕایەڵێکی ئۆنتۆلۆگیانە گوێ بیستی جیهان دەبێت. ئەوەی ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوەو ئەو گوێچکەیەی تیا دروست نەبێت ئەوە ڕۆحێکی کۆڵەواری هەیە. لێرەشدا ئێمە تەنیا ئەم تەوەرەیەمان لەڕۆمانەکە وەرگرت بۆ توێژینەوە، لەکاتێکدا ڕۆمانەکە مایەی وەرگرتنی چەندین تەوەری ترە کە توێژینەوەی لەسەر بکرێت.


<u>سەرچاوەی سوود لێوەرگیراو:</u>

١.بەختیار عەلی، ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، سلێمانی ٢٠٠٥.

٢.بەختیار عەلی، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەبارەی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە، ٢٠٠٦.

٣.بەکر عەلی، ئەفسانەی شار، سەبارەت بەکەلتووری بەفیڕۆدانی ژیاری، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، سلێمانی ٦/٧/٢٠٠٥.

٤.مارتن هایدگەر، فەلسەفە چییە؟، وەرگێڕانی بەکر عەلی، گۆڤاری بوون ژمارە (١)، لاپەڕە (٢٢١)، سلێمانی، ١٩٩٤.

٥.Peter Sloterdijk, Kopernikanisch Mobilmachung und ptolmaeische Abruestung. S. ٧٧ – ١٢٦. Suhrkamp ١٩٨٧.

٦.Peter Sloterdijk, Weltfremdheit. S. ٢٩٤ – ٣٢٥. Suhrkamp. ١٩٩٣.

٧.Jacques Derrida, Politik dre Freundschaft. S ٤١٣ – ٤٣٨. Suhrkamp. ٢٠٠٢.


<u>بەشی دووەم:</u>

# کەرامەتی بیرەوەریی

مەجید عەزیز

**بێدەنگی و تابلۆی جەستەکان**

ئەستێرەی رەش دەڵێت:

(تۆ دەزانیت سەرباسی سوبحدەم قسەناکات... دەزانی یان نازانیت) (ل٢٧٢)

(ناتوانێت قسەبکات...لەو کاتەوەی سوتاوە...ناتوانێت قسەبکات...دەتوانێت هەندێ وشەبڵێت... هەندێ وشە کەلەخەیاڵی خۆیایەتی) (ل، ٢٧٣)

ئەستێرەی رەش بەحەیبەتەوەیە باس لەبێدەنگی و قسەنەکردنی سەرباسی سوبحدەم دەکات. بەشێوەیەك بیەوێت نهێنییەك یان شتێکی زیاد لەپێویست و گرنگ بدرکێنێت. زمان نابێت بێدەنگ بێت. کاتێك ئاماژە بەبێدەنگی و قسەنەکردنی سەرباسی سوبحدەم دەکات، وەك بیەوێت لەگەڵیدا وەکو خوێنەر بیر لەچەمکی بێدەنگییەکەی بکەینەوە، هەروەها بشپرسین کەئایا بۆ چی بەو شێوەیە بێدەنگە؟ بۆ قسان ناکات؟ ئەگەر سەرباس وەکو سیمای کۆمەڵکوژی بخوێنینەوە،یان وەکو تەعەداکردن لەجەستەی مرۆڤی کورد بخوێنینەوە لەهەر بارێکیدا بێت بۆ رابردووی ئەم جەستەیە بۆ هەڵقرچاون و سووتاندنی، یان بۆ جۆرە لاقەکردنێکی ئەخلاقیانە لەدیدگا مۆڕاڵییەکەیەوە تەماشای بکەین، ئەوا وادەکەوێتەوە بڵێین، لەوەدەچێت ئەو زەمەنە وەکو مێژوو، تاوەکو ئێستاکەی بێدەنگەو جارێکە بەتەواوەتی لەناو ئەو ئازارو کێشە گەورانەی تیایدا ژیاوەو بینیویەتی نەهاتۆتە دەرەوە؟ دیارە لەبەرئەمە سیمبولیزمی بەکارهێنانی هەڵبزرکان و کردنی وشە وشەی بەیەکەوە نەبەستراو، پێویستی بەزمان دەبێت. بێگومان، بێدەنگی بۆ خۆی بەرامبەر قسەکردنی زمان دەکەوێتەوە، لەبەر ئەمەیە ئەستێرەی رەش بەحەیبەتەوە ئاماژە بەو بێدەنگییەدەکات. ئەمەش وەکو فەراغێکی گەورەبێت وایە. بێدەنگی سەرباس، وا لەخوێنەر دەکات، ئامادەیی خۆی دەرببڕێت بۆ ئاخافتن و هاتنەدەرەوە لەو سووتانە رۆحی و جەستەییەی لەناو مێژووی خۆیدا بینیویەتی، یان بەشداریدەکات لەناو ئایدیای باسکردنی ئەویادەوەریەدا.

ئەستێرەی رەش، هاوکاریمان دەکات لەناو ئەم خۆ ئامادەبوونەدا، یان رووبەڕووبونەوەیەدا بۆ تێگەیشتن لەسەریاس وەکو دیاردەی سووتان. بێدەنگی سەریاس، لەوێنەو کارێکی هونەری دەچێت کەپێویستی بەلێکدانەوەو تەفسیرکردن بێت.

سەریاس، لەبەر ئەوەی ئابجێکتی دۆزوینەوەیە لەناو رۆمانەکەدا وەك ئامانجێکی گەورە: مرۆڤایەتی، وەك ئابجێکتی گەڕانەوەی موزەفەری سوبحدەم بۆ ناو جیهان نرخێندراوە. چیدی سەریاس دەبێت بەخودی جیهان، یان دەبێت بەو شێوەیە تەماشای بکەین، چونکە ئامانجی مانەوەیە لەناو جیهاندا. کەواتە جیهان ئەوەو ئەویش جیهانە، بەو شێوەیەبێت ئەگەر وای بخوێنینەوە، چیدی ئەرکی ئێمەیە لەو بێدەنگی و ماتی و لاوازی و ترسەی وردبببینەوەو بکۆڵینەوە، ئەمەش شکاندنی کۆدەکانی ئەم بێدەنگیەیە، ئەگەر وا بڵێین، لەگەڵ ئەمەشدا سەریاسی سوبحدەم، بەلام وەکو دواهەمین سەریاس، رەنگدانەوەی بیرۆکەی (روداو–ئیمەیج)ی ئەنفال و کۆمەڵکوژی تیادا دەخوێندرێتەوەو بەدیدەکرێت. چیدی وا تێدەگەین، کەخودی کۆمەڵکوژی لەناو فەرامۆشکردنێکدا بێت، یان زمان نەتوانێت/نەیتوانیبێت باس لەخودی ئەو کۆمەڵکوژییەبکات وەك ئەوەی رویداوە بەپێی پێویست. چیرۆکەکان لەناو بێدەنگیدان بەجۆرێك لەجۆرەکان، سەریاس سەری پەتی دۆزینەوەی جیهانی کاراکتەرەکەمانە، کەتاوەکو بڵێی جیهانێکی بێدەنگە. وایدەبینین، لەبەر ئەوەی نهێنییان جیهانی دواهەمین سەریاس وەکو بیرۆکەیەك پابەندەبە چیرۆکی کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکەوە بۆ گەڕانەوەی بۆ ناوجیهان، چیدی موزەفەری سوبحدەم، دەبێت لەو بێدەنگییە تێبگات. هەرچەندە ئەزموونێکی دورودرێژی هەیە لەناو ئەو جۆرە ژیانەدا. چیدی لێرەوەیە، کەگەڕانەوە بۆ ناو جیهان پێویستی بەبەکاربردنی زمانەو هەروەها دەرچوونیشە لەناو بێدەنگی و هیچ نەگووتندا. وایلێدێت، ئەگەر سەریاسی سووتاو، هەڵگری سیمبولیزمی کۆمەڵکوژی مرۆڤی کورد بێت لەناو یادەوەرییەکانیدا، ئەوا ئەوەی ئەم سیمبولە هەڵدەگرێتەوە وەکو باوکێك، دەبێتە موزەفەری سوبحدەم، بەلام موزەفەری سوبحدەم، جۆرە باوکێکی تەقلیدی، یان ئاسایی نییە. واتە وەکو باوکێکی حەرف نییە، شتێکی زیاترە بۆ تێگەیشتنی ئاسایی لەئاست چەمکی باوکدا بۆ بەراوردکردنی کەسایەتی ئەو. لێرەدا جۆرە قەیرانێك هەیە، ئەویش رووبەڕوو بوونەیە لەگەڵ شوناسدا بۆ تەماشاکردنی بینینەوەی سەریاس وەکو رابوردویەك

کەژیاوە، هەروەها تەماشاکردنی موزەفەر وەکو باوکێك کەبەدۆزینەوەی ئەو رابوردووە، کەگێڕانەوەیەتی بۆ ناو جیهان. ئەویش قەیرانی شووناسی رابوردوی مرۆڤگەلێکە، کەدەتوانین بڵێین، پێویستیان بەیەکێکە دەستیان بگرێت، یان لەونوبوندا بیاندۆزێتەوە، کەسێکی وەکو موزەفەر، هەرچەندە کاراکتەرێکی خەیاڵیی ناو رۆمانێکیشە. ئەم شوناسەیش، پابەندە بەهاتنی (موزەفەری سوبحدەمەوە) بۆ ناو ئەم جیهانە جارێکی تر، هەروەها وەکو مرۆڤێکی نوێ. لەبەر ئەمەیە، رەنگدانەوەی بونیادی موزەفەر، وەکو کاراکتەرێك لەسەر بیرەوەریی و کۆکراوەیی (کۆدا) بەرهەمهاتووە یان رەنگدەداتەوە، بەڵام لەگەڵ جیهانی تایبەتی نووسەر خۆیدا بۆ دروستکردنی، وەکو سیمبولیزمی گشتێتی دۆزینەوەی سەریاس بێت، وەکو نەوەیەك یان نەتەوەیەك ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەین لێرەدا. موزەفەر، بەشێکە لەمێژووی گشتی مرۆڤی کورد کەبیست ویەك ساڵ لەزینداندا بووە، بەشێك لەشاردراوەیی و نەبینراوی و تەنیایی و چیرۆکی ئازار خواردن و مانەوە لەناو خۆیدا بەشێوەیەك لەشێوەکان. دۆزینەوەی سەریاس لەناو گەردوونی سووتاوەکاندا، دۆزینەوەی فۆرمێکی ترە بۆ باسکردنی پاشماوەکانی بیرەوەریی. دواجار، بۆ ئەوەی سەریاس لەناویادەوەریماندا بهێنینەوە دەرەوەو بیخەینە ناو زمانەوە جارێکی دی، ئەوا دەبێت لەو جیهانە سووتاوەتێبگەین کەلەناو خامۆشی و بێدەنگی خۆیدایەتی. کەواتە لێرەوەیە، فیکر و بیرکردنەوە، پابەندن بەخودی بیرەوەرییەکانەوە لەسەر بوونی ئیرادەیەك، ئەویش بەندە بەژیان و بوون و جیهانەوە، ئەمەش بۆ دەستنیشانکردن و تۆخکردنەوەی شوناسە وەك چۆن رویداوە (بیرەوەریی) بۆ ئیشکردنی لەناویدا، ئەم ناسینەوەیەش ئەرکی ئەخلاقی بیرەوەرییەکەیە لەناو ئێستاماندا، دەتوانم بڵێم بەبەردەوامیش. پێموایە (ئەستێرەی رەش)، دەتوانین وەکو بەڵەدێك تەماشا بکەین لەم رێگەیەدا بۆ نزیکبوونەوە لەو جیهانەی کەجۆرێك تەمومژیی و بێدەنگی دایپۆشیوە، چونکە هەر زوو، (ئەستێرەی رەش)بەگوێی موزەفەردا دەدات، کەگوایا (سەریاس قسەناکات)، لەگەڵ ئەمەشدا، پێی دەڵێت، تەنیا منم لەقسەکانی تێدەگەم، ئەوەتا ئەستێرەی رەش بەموزەفەر دەڵێت: (ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ خۆتدا بیبەیت... من فێرت دەکەم چی بڵێیت) (ل، ٢٧٨).

ئەستێرەی ڕەش، وەکو فەرهەنگێك یان قاموسێك خۆی نیشاندەدات، یان دێتەبەر چاو، وەکو وتیشمان بەڵەدێکەیان چرایەکە بۆ جیهانی سەریاس و ئەوانی دیکەیش. واتە وەکو جۆرە قامووسێکە بۆ بەکارهێنانی ئەگەر بمانەوێت لەجیهانی سەریاس تێبگەین. بێگومان، دواهەمین سەریاس، بەو شێوەیەی نووسەر دروستیکردوە لەناو وەسفکردنێکی زۆر هونەریی و شارەزایانەدا، جۆرە نهێنییەکە بۆ کەشفکردن. ئەگەرچی لەبۆتەیەکی گشتیدا، دەتوانین بە ئازارو تراژیدیای خودی (ژیانیش)یەکسانی بکەینەوە. چیدی ئەوەی کەشفی دەکات و هەڵیدەگرێتەوە، ئەو کەسەیە کە دەتوانێت لەئازارو تراژدیدیای ژیان تێبگات، واتە موزەفەر وەکو"کتێبێك" بخوێنێتەوە. ئەویش، موزەفەری سوبحەدەم نییە بەتەنیا، بەڵکو پێمانوایە، هەموو خوێنەرێکی باشیشە، کەم و زۆر، کە دەبێتە جۆرە موزەفەرێك بۆ هاتنی بۆ ناو جیهان و دۆزینەوەی گەورەترین نهێنی ئەم ژیانە، کەسەریاسی سوبحەدەمە. ئەم نهێنییە، سەریاسە، دەشتوانین بەژیان و بوونیشی بچوێنین، نەك هەر وەکو سیمبولیزمی کۆمەڵکوژی و ئەنفال.

بەهەرحاڵ، ئەستێرەی ڕەش جۆرەقاموسێکە بۆ تێگەیشتن لەگەردوونی سەریاس، چونکە لەئەزموونی ژیان و پێکەوەبوونیدا لەناو جیهانێك کەسەریاسی تیادایە، دەتوانێت فێری ئەوەمان بکات چۆن لەگەڵ سەریاسدا قسەبکەین. لێرەدا ئەزموونکردن دەبێتە میحوەرێك بۆ خودی زمانیش، لەهەستە کۆمەڵایەتییەکەیدا بۆ زمان. لێرەدا، ئاشنایی و ناسین و ئەزموونی ئەستێرەی ڕەش، دەبێتە نێوەندێك بۆ ناسین و ئاشنایی و ئەزموونکردنی جیهانی سەریاس. واتە تێگەیشتن لەو بێدەنگی و خامۆشییە زۆر گەورەیەی کەهەیە لەناو شوێندا، بەهەموو شێوەیەك بانگی زمان دەکات بۆ باسلێکردنی. لەبەر ئەوەی سەریاس، بەتەواوی ناتوانێت قسەبکات بەو شێوەیە، چیدی ئەستێرەی ڕەش فێرمان دەکات، هاوکاریمان دەکات بۆ ئەو ئەرکە. لەگەڵ ئەمەشدا، ڕۆماننووس، بەو شێوەیەی کەئاماژە بەو بەشەی (گەنجەسووتاوەکان) دەکات، هەروەها، وەکو بێدەنگترین شوێنی دونیا بەرجەستەی کردۆتەوە، بۆ خۆی دوبارە ڕاکێشانی سەرنج و خەیاڵی خوێنەرەبۆ (ڕابوردوو)، ڕابوردوییەك، کەتاوەکو ئێستاکەیش بێدەنگی لەگەڵ خۆیدا پەروەردەدەکات و درێژدەکاتەوە. ئەگەر بێدەنگی هەبێت، ئەوا دەبێت زمان بێتەئاخافتن بۆ باسکردن و تەعبیرکردن لەو بێدەنگییەی زمان دەنێژێت. بەمەیش ئەوەی

زمـان دەهێنێتــە نـاو باسـی خۆیــەوە، تــەنیا بیرەوەریــی نییــە، بــەڵکو بیکردنەوەیــە لەبیرەوەریی.

بۆ نموونە ڕۆماننووس، دەڵێت: (هــەزاران منـداڵ و گــەنجی زامـدار بـوون کەبێـدەنگ و بێباك دەهاتن و دەچوون، یەکێك بوو لەبێدەنگترین جێگەکانی دونیـا، هــەروەها، دەڵێـت: (بەئاســتەم دەنگێکـت دەبیـست. بەچــرپەی نووســاو قــسەیان لەگــەڵ یەکـدا دەکــرد، هەرشتێکت دەپرسی بەئەسپایی وەڵامیان دەدایەوە) (ل، ٢٧٠) کەواتە قسەکردن بـوونی هەیە لێرەدا، بەڵام ئەو جۆرە قسەکردنەی کەهەیە فۆرمێکی تایبەتە، یان دەتوانین بڵێین، قسەکردن بەو جۆرەنییە کەدەبوو/دەبێت ئاماژە بەو جیهانە بکـات کـەنوقمی بێـدەنگی و تراژیدیاو پاشماوەی جەنگەکانـە. ئـەو قـسەکردنە، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان، ڕەنگدانـەوەی خودی ئەو ڕوداوەیە، کەلەناو جەستەکاندا کاریگەریی هەیە، یان ئەنجامەکـەی بەسـووتان و برینــداری کۆتــایی هــاتووە. بێدەنگییــەك هەیــە، کەلەڕوخــسارو جیهــانی دەرەوەی کەسەکاندا بەرجەستەیە، ئەمەش وێناکردنییـان پیـشاندانی ڕوخـسارو جەسـتەکانە لـەناو ئەوەدا، کە خۆیان و دەرکەوتنی خۆیان وەکو زمانی جەستەبن وایە، چونکە (وەڵامدانەوە بەئەسـپایی) بـۆ خـۆی بـەکارهێنانی زمانـە، بـەڵام بەشـێوەیەکی جیـاواز و میلانکـۆلی، لاوازانــە، بێهوودانــە، تەنیاییانــە، تەنانــەت بێدەســەڵاتانەیش. بەئەسـپاییکردنی زمــان، یەکسانکردنەوەی جیهانی جەستەیە وەکو ئەوەی هەیەو دەردەکەوێت لەئاست زمانـدا بـۆ تەماشـاکردنی جیهـانی سـووتان، بـەڵام زمـان تینـوی دەبێـت بەباسـکردن لـەو جیهانـە، ناتوانێت وا نەکات. بینینی جیهانێك کەچەندین گەنجی سووتاوی لەناو خۆیدا هەڵگرتووەو کۆکردۆتــەوە، وا لەچـاو دەکـات لەجەسـتەکان بڕوانێـت لەسـەرەتادا، دوایـی سـەرنج و پرسیارەکان بکات. ئەم جیهانە تژیە لەبێـدەنگی، وەکـو تـابلۆی بێـدەنگی، لەبـەر ئـەوە، چاو بەهەموو قووڵاییەکانی خۆیەوە بۆ بینین تەماشـای ئـەو جیهانـە دەکـات، بـەڵام ئـەم (ئەسپاییەیە) کەنهێنییەکانی ناو جیهانی شکۆداری ئـەو بێدەنگییەیـە، کـەزمان دەیـەوێت ڕێگەی بۆخۆشبکات بۆ باس لێوەکردنی. هەر لەبەرئەمەیە، سەریاسـی سـوبحەم قـسەی بەیەکەوە بەستراو ناکات، بەڵکو وەکو شـت ببزرکێنێـت وایـە. ئـەوەی لێـرەدا کاریگـەریی هەیە بۆ سـەر دروسـتکردن وەکـو پرۆژەیـەك لەبـەردەم خـودی سـیمبولیزمی سەریاسـدا،

وەکو کارەساتی برینداركردن و كۆمەڵكوژی جەستەی مرۆڤی كـورد، بریتییـە لـەپرۆژەی (بیرەوەریی).

ئــەم بیرەوەرییــە لــەناو زمانــدا دێتــەگووتن، یــان بــیری لێدەکەینــەوەو باســیان لێوەدەکەین، چونکە، ئەو ئیمەیجانە لەناو مێشكماندا وەکو وێنە دێن و دەچـن. هـەروەها زمانیش، هەمیشە بەجۆرێك لەجۆرەکان پابەنـدە بەباسـکردن و ئامـاژەدان بـەڕابوردووەوە بەو شێوەیەی هەیە. بێدەنگی و ئەسپایی قسەکردنی گەنجە سووتاوەکان، وەکـو تـابلۆی جەستەکان وایە لەتەماشاکردنیاندا بۆ زمان، بەڵام لەڕووی دەرەوە. چاو دەبێتە کـامێرای خەزنکردنی شـتەکان لـەناوەوە. ئـەم گەردوونـەی پڕیـەتی لەسـووتاو، کـەڕ، لاڵ، وێنـەی گەردوونێکیشە لەبەردەم هاندیکاپبونیدا بەو شێوەیە.

دەتـوانین بڵـێین، ئەسـتێرەی رەش سـەری پـەتی ئـەم نهێنییەیـە. ئەسـتێرەی رەش دەڵێت: (هەرچیەك بێت نابێت تورەبیت... دەبێـت جـار دوای جـار بەئەسـپایی قـسەکەی خۆت دوبارەبکەیتەوە، بەڵام تووڕە نەبیت، چونکە هێندەی دەنگـت بـەرزکردەوە هـەموو شتێك تەواو دەبێت، لێرە هیچ کەس بۆی نییە دەنگ بەرزبکاتەوە، ئەگەر بـەدەنگی بـەرز قسەت کرد ئیتر نەمن نەسەریاسی سوبحدەم ناتوانین لەگەڵتدا بێین) (٢٧٩)

بەئەسپاییبوون، بۆ خۆی مۆڵەتێکیشە بۆ مرۆڤ لەئاست ئـەوەی چـۆن لـەو جیهانـە پـڕ لەبێدەنگی و خامۆشیە بڕوانێت کەزیاتر لەمۆزەخانەی هونەری جەستەکان دەچێت، بەڵام لەوێنەیـەکی ئەمێـستاکەیی و حەقیقیانـەدا. چـەمکی بەئەسـپاییبوون، رەنگـە هاتنـەناو جیهانیشەوە بگەیەنێت، بەڵام لەناو ئایدیاکەیدا بـۆ گـوێگرتن و تێگەیـشتن لەجەسـتەکان. ئەمەش وادەکات وەکو مرۆڤی بەئاگاو نزیك لەهەستەکانمانەوە مامەڵـە لەگـەڵ شـتەکاندا بکەین. وا دەکات، گوێڕایەڵی جیهان بین و لەبیری نەکەین و بایەخی پێبدەین، بەتایبـەتی جیهانێـك کـەتاکو ئێـستاکەیش پاشمـاوەی ئـەو کۆمـەڵکوژوی و سـووتانەی تیادایـە: پاشماوەی جەنگ، وەکـو شـوێنەواری بیرەوەریی. ئەگـەر تێگەیـشتن لەچـەند وشـەیەکی سەریاس چەند رۆژێکی بوێت بۆ تێگەیشتن بۆ نموونە، وەکو ئەستێرەی رەش ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوا تێگەیشتن لەتـەواوی ئـەو شـوێنە، وایلێـدەکات، هـەرگیز (بـیری نەچـێتەوە) رەنگە هەرگیز کۆتایی نەیەت لەناو پرۆسەی بیرکەوتنەوەدا. ئـەم یادەوەرییـە، تابلۆیەکـە لەبیرەوەریی ئەم کاراکتەرە (واتە سەریاسی سوبحدەم)، ئەویش ئاماژەیە بـۆ بێـدەنگی و

سووتان و دووری و تەنانەت ئاشکرانەکردنی جیهانی ئەوان. هەروەك چۆن، لەبەردەم تابلۆیەکی تەشکیلدا رادەوەستین، بیردەکەینەوە، سەرسامدەبین، رادەمێنین، دەمانەوێت بەقووڵی بڕوانین، زۆر بەحەیبەتەوەین لەماناکانی تێبگەین، وەکو چۆن بمانەوێت بەناو رەنگ و هێڵەکانیدا بچینە ناوەوە، لەنهێنییەکانی تێبگەین. جیهانی دواهەمین سەریاس لەناو ئەو بێدەنگی و قورساییەیدا، وەکو جۆرە تابلۆیەکی بەو شێوەیەیە، کەبەرەنگی زۆر تۆخ کێشرابێت، میلانکۆلی و لاوازی و ئازاری جەستە تەواوی روبەری تابلۆکەی داگیرکردووە. جوانی و گەورەیی موزەفەری سوبحدەم، وەکو پاڵەوانی ناو حیکایەتەکە، هەڵگرتنەوەی تەواوی بریندارەکان و هاندیکاپەکان و کەڕ و لاڵەکان و سووتاوەکانیشە، لەناو هەڵگرتنەوەی سەریاسی سوبحدەمدا، ئەگەر رەمزییەتی هەڵگرتنەوەکە بخوێنینەوە لێرەدا. تابلۆی جەستەکان، لەجیهانی بیرۆکەو فەنتازیای رۆمانەکەدا، تەواوی بەش و پارچەو روخسارەکان لەخۆی کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە، جۆرە بێدەنگییەك، وەك (لەبەشی کوێرەکاندا هێمنییەکی خۆڵەمێشی باڵی بەسەر شتەکاندا گرتبوو، وەك ئەوەی نەبینینی دورودرێژی کوێرەکان نیگارو رەنگی شتەکانی کاڵکردبێتەوە) (ل، ٢٧٠) بێدەنگییەك، وەك (لەشوێنی کەڕەکاندا کپیەك لەکپی سەحرا دەچوو، بێدەنگییەك لەبێدەنگی راڕەوێکی ناو مەلەکوتی دەکرد رکێفی شتەکانی لەدەستابوو. (ل، ٢٧٠)

تابلۆی بێدەنگی جەستەکانیش، تێڕامانێکی وا داوا دەکات کەڕاوەستانی هاکەزایی و لەسەرپێی نەبێت، چونکە ئەم تابلۆیە، جۆرێك لەکۆتاییبون مانیفێست دەکات، جۆرێك لەقەوارەی گەورەی مردن بەسەر شتەکانەوە دادەنێت، وەك (لەشوێنێکی دیکەدا ئەو کوڕانەم بینی کەپێدەچوو هەلاهەلابووبێتن و کۆکرابێتنەوە، مەخلوقاتی شێواو، مەخلوقاتی کولاجکراو لەسەریەك، ئەوانەی پارچەکانیان پەرێبوو بۆیەك.هەستتدەکرد سەری یەکێك یان بەلەشی ئەوی دیەوەو چاوی یەکێکیان بەسەری ئەوی دیکەو کەپوی ئەوی دیان لەسەر رووخساری یەکێکی دیکەیە... هەستتدەکرد دەستێك هەموویانی پارچەپارچەکردوەو تێکەڵاویکردون، بەڵام هێندە تێکەڵاوی کردوون ئیتر نەیتوانیوە دروستیان بکاتەوە) (ل، ٢٧٠)

هەروەها (ئادەمیزادت دەبینی نیوەی پەڕیوە بۆ سەر روخساری یەکێکی تر، ئادەمیزادیشت دەبینی وەك پارچەی زیادی هەزاران ئادەمی دیکە دروست بووبێت، هیچ بەشێکی لەگەڵ ئەوی دیکەیدا نەدەگونجا) (ل، ٢٧٠)

ئەم جۆرە تابلۆیە، بەهەموو شێوەیەك داوامان لێدەکات بیربکەینەوە، هەست بکەین، تەماشا بکەین و ببینین.

چونکە لەناو ئەو تابلۆیەدا، کە لامەعقولییەتی مەرگ و هەلاهەلا کردنی جەستەی مرۆڤ بەو شێوە زۆر ناڕەوایەو زۆر ناسروشتییە، زۆرمان لێدەکات مێژوو بخوێنینەوە لەتەماشاکردندا، بەئەمەش، ئەوەی لەلای خوێنەر دەبێتە شتێکی زۆر جەوهەریی، لەدایکبوونی ئەو هەستەیە بۆ ئەخلاقی بیرەوەریی.

## روخساری دواهەمین سەریاس
## وەک روخساری ئەنفال

لەجەستەی (دواهەمین سەریاسی سوبحدەمدا) جەهەنەمێك هەیە، کەدەتوانم کۆکردنەوەی بیرەوەریی مرۆڤ کورد بۆ شوێن، بۆ خۆی بگەڕێنمەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە لەناو ئەم رووخسارەدا بۆ بیرەوەریی، ئەم بیرەوەرییەش وا لەخوێنەر دەکات، بیبات بۆ ناو بیرکردنەوە لەئەنفال و کۆمەڵکوژی بەجۆرێك لەجۆرەکان. بۆ نموونە، کاتێك موزەفەری سوبحدەم بەدواهەمین سەریاس دەڵێت (من باوکتم) (ل، ٢٧٤)، بەلام ئەو هیچ وەلامێك ناداتەوە، چونکە بەهێمنییەوە سەیریکردم و هیچی نەگووت، وەکو ئەوەبوو ئەو وشەیەی نەبیستبێت" (ل، ٢٧٤)

بێگومان، ئەگەر ئەنفال، بەمانا تاوانییەکەی بریتیبێت لەتاوانکردن بەرامبەر منداڵ (بێتاوانی منداڵ)، ئەوا تاوان بەتەنیایەو کەسی نییە، بەهەمان شێوە باوکیشی نابێت. تەنانەت تاوان دەتوانێت باوك و منداڵ پێکەوە راپێچبکات، هیچ سنورێك بۆ هیچ جۆرە سۆزو موحەببەتێکیش نەهێڵێتەوە. زمانی رۆماننووس، بەهەموو شێوەیەك وامانلێدەکات، وا تەماشای تاوان بکەین، کەئەوەی تاوانی لێدەکرێت وەکو باوکی نەبێت وایە. تەنانەت زۆرمان لێدەکات لەگرو تینی هەستکردن بەپریشکی بەلاغەتە زۆر بەرزەکەی بیر لەئەنفال بکەینەوە بەهەموو شێوەیەك.

ئەنفال، دەبێتە بیرەوەریی لەناو روخسارەکاندا، کۆمەڵکوژی لەناو گەردوونی منداڵە سووتاوەکانیدا، وەکو تابلۆیەك لەوشەکان. ئەنفال، چیرۆکی دەرکەوتنی تەماشاکانی ئیمەیجەسووتاوەکانی رۆماننووسە لەناو شوێندا. خودی شوێن وەکو ببێتە بیرەوەریی بەجۆرێك لەجۆرەکان، وەکو ئەوەی شوێن بووبێتە بیرەوەریی، بەلام بۆ رابوردویەکی زانراو و تایبەتی بەبیرەوەری. ئەویش لەناو ئەو خەستەخانەیەی کەجیهانێکی هێندە سەیر و غەریبە، چیدی کاراکتەرەکەی رۆماننووس ناتوانیت، ئەو جیهانەی (بیر بچێتەوە) وەکو بیرەوەریی. بیرکردنەوە لەئەنفال، بۆ خۆی بیرەوەرییە لەو ئاستەیدا، کەئێمە چۆن بیر لەم بیرەوەرییانە دەکەینەوەو لەچی جۆرە چۆنێتی و چوارچێوەیەکدا دایان دەنێینەوە؟ کەواتە دوبارە، ئەوەی زۆر لێی نزیك دەبینەوە چەمکی (ئیتیکە) بۆ بیرەوەریی. کەرامەتی ئێمەی کورد وەکو مرۆڤ، وەکو نەتەوەیەك، کەبەو شێوەیە رابوردویەکمان هەیە، ئایا چەند بیردەکەینەوەو چەند بەرپرسیارین لەم ئاستەوە، بۆ ئەو بیرەوەرییانە؟یان رۆمانەکەی بەختیار عەلی هانماندەدات بۆ نزیکبوونەوە لەوەی چۆن لەئەم جەهەننەمە بیربکەینەوە، کەجەهەننەمێکی کۆییە، نەتەوەیەك بیرەوەریی هەیە لەگەڵیدا و لەناویدا ژیاوەو تاوەکو ئێستایش تیایدا دەژی، بەلام بەبیرەوەریی.

ئەویش، لەئاست خۆ دیتنەوە لەناو جیهانێکدا، هەروەها بەشێکیشی لەدیدگا زۆر بوونگەراییەکەیەوە، پابەندە بەبابەتی مردووەکانیشمانەوە، کەئەم هەستە تەنانەت لەناو (ئیمەیجی سووتاوی گەنجەکانی) سەفەرە موستەحیلەکەی (موزەفەردا) رەنگدەداتەوە بۆ دۆزینەوەی دواهەمین سەریاس، واتە وەك دۆزینەوەی هەقیانەتگەری بەئەنفال، یان کۆمەڵکووژی. چیدی گەڕان بەدوای سەریاسدا، بەجۆرێك لەجۆرەکان گەڕانیشە بەدوای نەتەوەدا.

هەرچەندە، شایانی گووتنە، کە(مردووەکان) لەناو مردنێکی جەهەننەمییانەدا مردوون، نەك وەکو جۆرەمەرگێکی ئاسایی و سروشتی!! ئەمەش هونەری بیرەوەرییە، کەڕۆماننوس بەو بەشەی ناودەبات کەبەشی سووتاوەکانە، واتە( جەهەننەم)، ئەمەش بۆ خۆی هەڵدانەوەی بابەتێکی گرنگی دیکەیە بۆ مرۆڤ لەناو شوێندا، کەناتوانێت بەئاسایی و بەسروشتی بمرێت، هەروەها بەڵگەیەکی تریشە، بۆ بیرەوەریی لەئاست زووتر خوێندنەوەی ئاینەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان، کەلەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە. ئەمەش

پەنجەرەی ماڵی ڕۆمانەکەیە لەبەردەم تیژکردنەوەی جیهانی بیرەوەریی مرۆڤی کورد دا، بۆ جەهەننەمێك کەمردووەکانمانی بەشێوەیەکی ناشرین و ناپێویست سووتاندوەو لەناو ژیاندا. ئەم بیرەوەرییانەیش، مومکین نییە شوێنێکی تایبەت و جەوهەری لەبوون و ژیانماندا تەرخان نەکەن، بەم کارە ئەوەی دەمان وروژێنێت و ڕاماندەپەڕێنێت، تیژکردنەوەی بیرەوەرییمانە لەئاست هەستکردن بەبەرپرسیارێتیمان و هەستکردنیش بەمۆڕاڵمان وەك مرۆڤگەلێك.

پۆرترێتی ئەم جەهەننەمە، بەهەموو شێوەیەك تەعبیرکردنە لەئەبستراکتکردنی دۆزەخ لەدیدە زۆر ئەدەبیەکەیەوە، گەورەکردنی بابەتەکەیە لەلای خوێنەر، تاوەکو ڕادەیەکی زۆر ڕاستەقینەیی خودی ڕوداوەکە لەهەستە زۆر مێژووییەکەیدا، وەك (ئەدۆرنۆ)لەکتێبی مینیما مۆڕاڵیا، دەڵێت: هونەر سیحرە لەو درۆیەوە دەگوازرێتەوە وەك ڕاستەقینە، ئەمە ئەرکێکی ئەخلاقی ئەدەبییە لەپێناوی تیژکردنەوەی بیرکردنەوەو ئامادەکردنی ئەخلاقی مرۆڤدا بۆ بیرەوەریی بەو جۆرە، نووسەر بەم شێوەیەی ئێمە دەیخوێنینەوە، بیرەوەریی ئارتیفیشاڵ (بیرەوەریی دەستکرد) بەکاردەهێنێت بۆ بیرکردنەوەی بیرەوەرییە وەك کەسروشتییە/ڕویداوە، یان وەکو بیرەوەریی ئێمەی کورد بۆ کۆمەڵکوژی و ئەنفال و هەڵەبجە. ئەمەش بۆ گەورەترین مەبەستی ئیستاتیکی ئاگالێبوونەوەی خوێنەرە، چونکە ئەو جۆرە بیرەوەرییە دەستکردە، لەسەفەرەکەی موزەفەری سوبحدەمەدا دەبیندرێتەوە، کەخۆی لەناو بێدەنگترین جێگای ئەم دونیایە دەبینێتەوە. جێگای پاشماوەکانی جەنگ و هاندیکاپکردن و سووتاندنی جەستەی مرۆڤی کورد. بەم کارەیش، وامانلێدەکات بیربکەینەوە لەوەی چی ڕویداوەو ئێمە لەناو جیهانی ئێستاکەماندا چین و لەکوێداین؟ دیارە ئەمەش بۆ ئەوەیە، ئەوەی لەبیرماندایە، وەکو بیرەوەریی لەئاست ئەو ڕابوردوەدا، بیرمان نەچێتەوە لەبەردەم چەمکی مۆڕاڵبوونماندا وەکو مرۆڤ. یان کەبیرچوونەوەیش پرۆژەو پرۆسێسەیەکی شیاو بێت، ئەوا بتوانین مامەڵەیەکی وای لەگەڵدا بکەین، کەمەوداو ئیمکانییەتی بوونمان لەناو جیهاندا زیاتر فراوانتر و دەوڵەمەندتر بکات، ئەویش وەکو شیاوی خودی بیرەوەرییە کەلەبیر نەچوونەوەیدا بتوانێت شیاویی خۆی بسەلمێنێت. واتە بیرەوەریی لێرەوە، هەمیشە پابەندیشە بەبیرچوونەوە، ئەگەر وابێت؟ بێگومان بۆ ئەوەی، ئاگری کاریگەریی خوێندنەوەی ئەم دۆزەخە بەهەموو

شـێوەیەك وامـان لێبكـات لـەناوەوە بمـان سـوتێنێت. ئـەم سـووتاندنە، وەكـو میتـافۆر بـەكاردێنم، واتـە ئاگاییمـان زینـدوو بكاتـەوەو بیرەوەرییمـان تیـژ بكاتـەوە، كەشـیاوێتی بیرخستنەوەی بوونمانە لەناو جیهاندا، لەم ئاستەوە بەرامبەر ئەوانی تر. بـەختیار عـەلی، دەیەوێت لەئیمەیجی كاراكتەری سەریاسە سووتاوەكەیەوە، كەجیهانێكە نووقمی گونـاح و بــەزەیی و تاوانبــاری و بێــدەنگی و قــسە هەڵبزڕكانــدن و ئەســپایی بــوون، تــەواوی بیرەوەرییمان بۆ ئەنفال بەرجەستەبكاتەوە، هەستەكانمان تیژ بكاتەوە. تەنانەت، كاتێك ئەگەر سەریاس لەناو ئەو سیمبولیزمەدا ببینینەوە، یان وەكو ئەوەی ئێمە بەرجەستەمان كردۆتەوە، دیارە دەشیبینین كەسەریاس زمانی لێیبێدەنگبووە، ئایا رۆماننوس دەیـەوێت زمانێـك بدۆزینــەوە؟ هەرچــەندە وەكـو كـارلێكێكی سـایكۆلۆژی، دوای روداو و ترامـای (كارەساتی گەورە) بەو شیوەیە، بێدەنگی شتێكە بەرهەمدێت و دێتەكایەوە. پێمان وایە، رۆماننووس، تەواوی ئەو مێژووە لەناو سیمای ئـەودا سكێچ دەكـات، كەئەمـەش هێنـانی (رابوردوە) بۆ ناو ئێستاكە، ئێستاكە زمانی تایبەتی خۆیدەوێت بۆ تەعبیرلێكردنی. لەبـەر ئەمە، باسكردن لەبێدەنگی سەریاس، بۆ خـۆی هەوڵـدانی تیژكردنـەوەی زمـانی هونـەریی بیرەوەرییــە لــەناو ئێـستاكەبووندا لــەجیهان. تەنانــەت، سەریاســی ســوبحدەم، وەكـو تابلۆیەكی تەشكیلی وایە، بەڵام ئەوەی كەئاشكرایەو دیارە شـتێكە لـەنێوان جەهەننـەم و روخـــساریدایەتی، لەبـــەر ئەمەیـــە هێنـــدەی ئـــالۆزیی و تراژیـــدیاو باوەڕنـــەكردن و موستەحیلییەت ئامادەیـە بـۆ خوێندنـەوەی، هێنـدەی ئـەوە نابێتـە كـارێكی ئاسـان بـۆ ئاماژەكردن، ئەوە نووسەرە دەڵێت (دواهەمین سەریاس كەسێك نەبوو لەماوەیەكی كەمدا لەهەموو نهێنییەكانی تێبگەیت) (ل، ٢٧٨).

هەروەك چۆن ئاسـان و سـادەنییە، بـۆ مـرۆڤ بیركردنـەوەی لـەخودی بابەتگـەلی وەك تـاوانكردن بەرامبـەر مرۆڤایـەتی و هـەروەها كۆمـەڵكوژیی، چـونكە سـنورەكانی رۆتـین و بیركردنـەوەی ئاسـایی تێدەپـەڕێنێت، لـەناو شـوێنێكی زۆر جدیـدا دامـان دەنێـت، ئـەم بیركردنەوە جدییەیە، كەوا دەكات ئەم شوێنەی گەنجەسووتاوەكان بكاتە (بێـدەنگ تـرین شـوێنی دونیـا)، چـونكە ئـەم شـوێنەی، كەئەنفالـە لـەڕابوردودا، لـەناو ئێـستاكەدا بەرجەسـتەكراوەتەوە، وەكـو جارێكـا باسـنەكرابێت وایـە، چـونكە بێـدەنگترین شـوێنی دونیایـە! !یـان وەكـو ئـەوەی بلـێین، رابـوردو وەك كەشـف نـەكرابێت وایـە بـەجۆرێك

لەجۆرەکان. قسەکردن لەسەر ئەو رابوردووە، بەهەموو شێوەیەك پێویستی بەبانگکردنی بیرەوەرییە، بۆئەوەی کەرامەتی بیرەوەریی باس لەمرۆڤایەتی خۆی بکات و بتوانێت ئەو کەرامەتەی بپارێزێت. ئەنفال، وەکو دراماتیکترین روداوی مێژووی هاوچەرخی کورد، کەزۆر دوور نییە لێمانەوە، لەئیمەیجی سەریاسی دووەمدا خۆی کۆکردۆتەوە، یان ئێمە بەو شێوە سیمبولیزمە ئەمە بەرجەستەدەکەینەوە، بەتایبەتی کەخودی (دواهەمین سەریاس) دەبێتە ئامانجی سەرەکی بۆدۆزینەوەی گەڕانەکانی موزەفەری سوبحەدەم لەناو جیهاندا.

یان وەکو کەشکفکردنی ئەو رابوردووە لەناو رووخساری سەریاسدا، بەلام بەبێئەوەی (خودی سەریاس) ببێتە ئامانجێکی بایۆلۆجی وەك لەنێوان پەیوەندی خوێن و جەستەی منداڵ و باوکدا هەیە، چونکە کاراکتەری سەرەکی ناو رۆمانەکە، کەموزەفەرە، لەڕێگای کوڕەکەی خۆیەوە، جیهانێك دەبینێت، کەچیدی منداڵە بایەلۆجییەکەی خۆی نەك گرنگ نەبێت بەو شێوەیە، بەلام وایلێدەکات کەئەو بوونە لەناو هەستە ئۆنتۆلۆجییەکەیەوە (خودێتییەوە بۆ شتێك) سەنتراڵ نەکات، ئەمەش پلوراڵییەتی کاراکتەرەکەیە بەخودی پلوراڵییەتی هەلومەرجەکانەوە گرێدەداتەوە، کەئەزموونیان دەکات (نەمدەتوانی ئەو ئازارە گەورانەی سەر جەستەی ئەم کوڕە جیانەکەمەوەو تێکەڵی نەکەمەوە بەهەموو ئازارەکانی گەردوون، بەجۆرێك لەباوەشکردن بەسووتانی ئەودا باوەش بەئاگری هەموو دونیادا بکەم) (ل، ٢٨١) بوون، لەو هەستەیدا بەهەموو شێوەیەك هەڵگری جۆرە بوونێکی پلۆرالانەیە. ئەمە وادەکات، کەپرسیار لەشتێك دەکەین، هەمیشە وامان لیدەکات پرسیار لەشتێکی دیکە بکەین، بە بەردەوامی دەمانهێڵێتەوە بەوشێوەیە لەناو جیهانا، بەلام ئەم پرسیارکردنەم، لەبەرئەوەی پابەندە بەمۆراڵمانەوە لەناو جیهاندا وەکو بوویەکی عەقلانی و شیاو و بیرکەرەوە، لەبەر ئەوە بەو (تەماشاکردنەوە) گرێیدەدەمەوە، کەبۆ نموونە، ئیکرامی کێو بەموزەفەری سوبحەدەم دەڵێت: مرۆڤ لەحاڵەتی ئاساییدا هیچ نابینێت، من بەڕێکەوت هەندێك شتم بینی... سا ئینسان ئازادە، دەتوانێت هیچ نەبینێت... دەتوانێت تێپەڕێت و تەماشا نەکات... من چەندین ساڵە بەو شێوەیە درێژە بەخەونەکانم دەدەم... دیلێك ئازاد دەکەم، موچەیەك بۆ پیرێژنێك پەیدا دەکەم، ریگایەکی سەفەر بۆ گەنجێك دەدۆزمەوە، کەسێکی سەر بەهێزێکی تر دەشارمەوە، سا هەرشتێك مانایەکی هەبێت

دەیکەم... شتێك کەیارمەتیمبدات، لەمشەوە درێژو تاریکانەدا تەنیا نەبم... شتێکم کۆمەکم پێبکات و هەستبکەم دەژیم... من لەدوای راپەڕینەوە زۆر تەنهام) (ل، ٨٦/٨٥)

ئەم وتانە، ئاگاییبونەوەیە لەناو چەمکی ئەخلاقدا بۆ جیهان و ئەوانەی لەناو ئەو دەوروبەرەدا دەژین لەگەڵماندا، بەڵام بەئەزموونی ئەوەی کەلەدوای راپەڕینەوە هەست (بەتەنهایی دەکات)، چونکە لەڕاستیدا دەیەوێت پێمان بڵێت، ئەوەی کەئیکرامی تیادا هەبێت بەرامبەر ئەوانیتر وەك مرۆڤایەتی، بەجۆرێك لەجۆرەکان لەناو پەیوەندییەکاندا پەراوێز دەکرێن و تەنهاکانن. پەراوێزکردنیش، بەرهەمی هەستکردنە بەتەنیایی. هەر ئەمەیە، ئەوەی کەسیاسەتمەدارەکانی ئێمە نایکەن و ئەو چۆنایەتییەیان تیادا نییە *Quality* بەرامبەر جیهان و ئەو دەورو بەرەی تیایدا دەژین، ئەویش هەستکردنە بەوانی تر و نەبوونی بەرپرسیارێتییانە لەبەرامبەر ئەوانی تردا.

بەڵام (ئیکرامی کێو)، هەروەکو ناوەکەی کەهەیەتی، دەیەوێت بگاتە ئەو شوێنەی ئێمە دەماونەوێت پێیبگەین لەناو هەوڵدانماندا بۆ پێناسەکردنی (کەرامەتی بیرەوەریی). بوونی (ئیکرام) و ریز بۆ جیهان و دەوروبەرو مرۆڤایەتی وەکو بەرزایی (کێو) وایە ئەگەر بەشێوە میتافۆرییەکەی لەناوەکەی بدوێین.

هیچ گوومانێکم لەوەنییە، رۆماننوس لەڕێگەی گەڕانی کاراکتەرە سەرەکییەکەیدا بۆ کوڕەکەی، هاوکاتیش سەفەرەکەی بۆ ناو ( بێدەنگترین شوێنی دونیا)، دەیەوێت فێری هونەری بیرەوەرییمان بکات، بەڵام لەناو کەناڵێکی ترەوە بۆ بیرەوەریی. نەوەك وەك کەناڵی داکیومێنت و هەستی مێژوویی و شتی بەو شێوەیە، بەڵکو هەموو ئەوانەیش، بەماکیاجکردنێکی ئیستاتیکییەوە بۆ خودی ئیمەیچ و بیرەوەریی.

ئەمەش بۆئەوەی خوێنەر تەنیا بیر لەجەوهەری ئەنفال نەکاتەوە لەهەستە ئەبستراکەکەیدا، بەڵکو زمانی جەستە بۆ ئەنفال لەڕێگای زمانەوە (سیمای ئەنفال) مان پیشانبدات و چرکەبەچرکە لەگەڵ جوڵانەوەکانیدا تەماشای بکەین، واتە بیرەوەرییمان دەوڵەمەند بکاتەوەو هەستەکانمان تێر بکات و پڕ بکات لەئاستەکانی مرۆڤبوون.

کامێرای زمانی بەختیار عەلی، دەیەوێت ئەنفال وەکو مۆزەخانەی سووتان پێشکەشکبات، یان دەتوانین ناوی بنێین (مۆزەخانەی جەستەکان)، لەڕێگای رۆمانەکەیەوە، چیدی تەنیا وەکو خوێنەر نەمێنینەوە، بەڵکو بەهەموو شێوەیەك ببینە بینەریش. زمان وەکو کامێرایەك، دەیەوێت دەربڕینەکانی خۆی یەکسان بکاتەوە لەگەڵ

نـاوەوەدا، وەك دەخوێنینــەوە، سەریاسـی سـوبحدەم (دواهــەمین ســەریاس)، وەکــو (ئیمـەیج–ئایـدیا–شـوێن) بەرجەسـتەکراوەتەوە، ئەمـەش لەسـێ روانگـەی زۆر گرنگـەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ئیمەیج، وەکو سیمای مرۆڤایەتی (روخسار) کـە هـەرگیز شـیاوی ئەوەنییە ئـاوا بـەو شـێوەیە عـەدم بکرێـت و بـسووتێت و لێیبـدرێت، هـەروەها لەبـەردەم دەرکەوتنـدا، ئایـدیای کاراکتەرەکـە لەئاسـت ئـەوەی کـەبیری لێدەکەینـەوە، وەکـو سیمبولێك، ئەم ئیمەیج–ئایدیایە، لەناو شـوێنێکی تایبەتیـدا مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت، ئەمــەش دەمانگەڕێنێتــەوە بــۆ بیرەوەریــی مرۆڤگــەلێکی تایبــەتی. ئەمــەش هەســتە مێژووییەکەیەتی بۆ ئەنفال لەئاست تەماشاکردنی سوتانی سەریاسی سوبحدەمدا.

بەڵام بێگومان لەجیهانبینییەکی گشتییەوە بۆ تـەواوی خوێندنـەوەی ڕۆمانەکـە، ئـەوا دەگەینە ئەو ئاستە لەبیرکردنەوەدا، کەشوێن وەکو پانتایی لەخۆگرتنی کات و روداوەکان دەبێتە کایەیەکی سـەنتراڵ بـۆ فینۆمینۆکـان. کەواتـە ئـەوەی لێـرەدا نووسـەر دەیـەوێت فێرمــان بکــات، بــەجۆرێك لــەجۆرەکانیش وەکــو هونــەری بیرکەوتنەوەیــە، لــەڕوداوێك کەڕویداوە، بەڵام روداوێك لەناو شـوێندا، نـەك لـەناو کاتـدا، یـان دەتـوانین بەشـێوەیەکی تـریش ئەمـە دابنێینـەوە، کـەخودی کـات وەکـو شـوێنێکی تـر لـەناو شـوێندا بەرجەسـتە دەبێتەوە، چونکە کاتێك شوێن وەکو جوگرافیا بەهەموو ئاقارێکی خۆی بکرێتـە کایەیـەك بۆ (جەستە)، چیدی وامان لێدەکات، ئایدیاڵیزمی زەمەن لەهەستەمێژووییەکەیدا تەنها لەو چرکەسـاتەدا ببینینـەوە کەبەهــەموو شـێوەیەکی زینـدوو بـیری تیـادا دەکەینـەوە، یـان دروستتر بڵێم، یادی تیادا دەکەینەوە.

باسکردن و وێناکردنی دواهەمین (سەریاس) لەناو ڕۆمانی دواهــەمین هــەناری دونیـادا، کەبەو شێوەیەی سووتاوەو هەڵقرچاوە، ئاماژەیەکی زۆر قووڵەو جەوهــەری و جیدییــە بـۆ نەوەیەك لەمرۆڤی کورد لەناو دۆزەخی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکاندا. نووسەر لەڕێگای ئـەم کاراکتــەرەوە، تــەنیا ئەوەنییــە کەســۆزەکانمان بجوڵێنێـت و شــەپۆلی هەســتکردنمان بەتراژیدیابوونمان بەرز بکاتەوە لەناو دەریای بوونماندا، بەڵکو لەڕێگای (ڕابوردووەوە) بـۆ ناو (ئێستاکە) میدیۆمێکمان بۆ دروستدەکات، ئەویش لەڕێگای مانفێستکردنەوەی (قاوش و ڕاڕەوی جەهەننەمەکانــە)، ئــەو فەراغــەی لــەڕابوردودا بەبــەتاڵی و بــەبێ خــەمی و بەبپشتگوێخراوی بەجێماوە، وەکو گەردوونێکی ئێجگار بێدەنگ. نووسەرە دەیـەوێت ئـەو چەمکانە لەناو روخساری ئـەم بوونەوەرەیـدا (کاراکتەرەکەیدا) بدۆزینـەوە کەسەریاسـەو گەنجەکانی تریشە. ئەم تەعویزکردنەوەیە، هـەرگیز دەلالـەتێکی حـەرفی نییـە بـۆ وشـەی

(تەعویزکردن)، بەڵکو فێربوونی هونەری یادکردنەوەیە، بەڵام لەناو خودی هەنووکەبووندا، چونکەنووسەر کاتێك ئەنفال و جەهەننەم، بەشێوەیەك لەناو ئیمەیجی (منداڵانی پشکۆدا) بەرجەستەدەکاتەوە، بەهەموو شێوازێك دەیەوێت سیمبولیزمی روداوەکە لەئێستاکەدا بەرهەمبهێنێتەوە، ئەویش ئیشکردنێکی زۆر جەوهەرییە بۆ خوێنەری هاوچەرخ، کەبتوانێت وەکو خوێنەرێك تەماشای مۆزەخانەی جەستەسوتاوەکان بکات لەڕێگای زمانەوە، بیرەوەریی. زمانی رۆماننوس، وەك بڵێی بەهەموو شێوەیەك باس لە (سوتانێك) دەکات کەخودی زمانیش نەتوانێت پەی بەنهێنی و ئازارەکانی بەرێت، دەتوانم بڵێم، ئیستاتیکای نووسەر هەندێك لەو نهێنییانە بۆ خەیاڵ و بیری خوێندنەوە بەجێدەهێڵێت! !

سوتانێك لەناو زماندا بەهەموو شێوەیەك جیهانێکە بۆ تاقیکردنەوە لەبەرامبەر خوێندنەوەیدا، ئاگر لێرەدا بەهەموو شێوەیەك بیرکەوتنەوەی کەرامەتی پێست و جەستەی مرۆڤە لەئاستە زۆر فراوانەکەیەوە بۆخودی دۆزینەوەی تێرمێك، وەك (تەعویزیکردنەوەیەکی رۆحی)، بەڵام تەعویزکردنەوەیەکی بەو شێوەیە، مەگەر تەنیا لەناو جۆرە هەستکردنێکدا هەستپێبکرێت یان هەبێت، کەهەر کەسە لەئێمە لەڕێگایەکی تایبەت بەخۆیەوە پێی بگات و بۆی بچێت، لەناو خۆیدا هەست بەتاوان و بەرپرسیارێتی بکات لەیەك کاتدا. ئەگەر تەماشای دواهەمین سەریاس بکەین، وەکو نەڕەتیقی رۆمانەکە، کەسێکی ونبووەو پشتگوێخراوە، بێدەنگەو تەنیایە، ئەمەش پێویستی بەئاشکراکردن و دۆزینەوە هەیە، پێویستی بەکۆمەککردن و دڵنەوایی رۆحیانەهەیە. بێگومان، ئەگەر لەمەتەڵی ونبون وردبینەوە، بەدۆزینەوە کۆتایی دێت، یان ونبوون پێویستی بەجۆرێك لەدۆزینەوە هەیە، چونکە ئەگەر مەتەڵ هەبێت لەپێناوی ئاشکراکردندا، ئەوا ونبونیش بەو شێوەیە فۆرمولە دەبێتەوە کەبدۆزرێتەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان. دۆزینەوەی سەریاسی سوبحەم، دۆزینەوەی سوتانەکەیەتی وەکو بابەت، چونکە سەریاس تەنیا رێگاخۆشکردنێکە، کەجیهانی تەواوەتی پێدەبینین. ئەگەر سوتانی مرۆڤایەتی کوردی لەناو ئیمەیجی ئەم مرۆڤەدا (سەریاس) بەرجەستەکرابێتەوە، ئەوە دۆزینەوەی ئەم کەسە بۆخۆی ئاماژەکردنە بەمەعریفەی دۆزینەوەی سووتانی مرڤایەتی لەناو شوێنێکی تایبەتیدا.

جەغداندنی کەرامەتی بیرەوەرییە لەناو شوێندا.

## ئەو شیعرانەی کە لەناونیشان بێزارن
لەتیف هەڵمەت

## کە خەیاڵ ئەمباتەوە
ڕێباز مەحمود



## جێپەنجەکانت
زەینەب یوسفی

## پایزی حیکایەتێک
ڕۆژ هەڵەبجەیی

## باران جوانترین ساباتە
پەری شێخ ساڵح

## بۆنی ئەو لەجلەکانم دێت
حسێن ئەحمەد




# دەق

## ئەو شیعرانەی کە لەناونیشان بێزارن

لەتیف هەڵمەت

هەمیشە یەکێک چاوەڕێمانە
باسێبەرێکیش بێ
هەمیشە دوان شەڕدەکەن
بادرەختێک و کانییەکیش بن
هەمیشە یەکێک
بۆ منداڵێتیمان دەگەڕێ
با کۆلارەیەکیش بێ
***

پرچت زێی ئاوریشمێکی زەردە
من حەزدەکەم
بەرماڵێکی لێ بچنم
نوێژی عەشقی لەسەر بکەم
***

هەورەکان ریشی خۆیان
لەسەر تاشەبەردەکان تاشی
منداڵان گەمەی خۆیان
لەگەڵ شادیدا تەواوکرد

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە

بەشارە ونبووەکانی پاشەڕۆژەوە

شەیتانی ببین...

***



پێی گوتن: رەشەبا

چ کاتێ هەڵدەکا

پێیان گوت: نازانین

خۆ ئێمە خودا نین

پێی گوتن: نیشتمان نزیکە

یا دوورە

پێیان گوت: ببوورە

نیشتمان

زیندان بوو رووخانمان

پێی گوتن

دۆستن یا دوژمنن

بێ دەنگ بوون

تائێستاش بێ دەنگن...

***





لەزمانی ئاو نازانم

بەڵام کاتێ

لەکەژاوەی هەورێکەوە

دەکەوێتە سەرەتاتکێ

بەر لەوەی ورتە بکا

دەزانم بانگی گوڵ دەکا

***

هەور کە بەسەر زەوییەکی قەشەنگدا

تێدەپەڕێ

چی پێدەڵێ؟

وا بەجارێ هەزاران گوڵ و سەوزەگیا

هەموو لەماڵ دێنەدەرێ

***

شوێن هەمیشە

کۆتی زێڕمان دەکاتە پێ

کات گشت دەمێ

جانتاکانمان دەدزێ

***



زەوی و ئاسمان لەوەتی هەن

عاشقن و سەرنجی یەکدی دەدەن

پەیژەیەکی درێژ نییە

سەرەوخواری لێوە بکەن

***

زۆر دەنگ لەدەرگاکەم دەدەن

زۆر دەنگ لەودیوی مژو تەمەوە

دەرگا

تەنها

لەبێدەنگی دەکەمەوە

***

هیچ رێیەک بۆ -بانە- ناڕوات

هەموو رێیەک

بەرەو تاراوگە رادەکات



# که خەیاڵ ئەمباتەوە

ڕێباز مەحمود ـ هۆڵەندا

لەچرپەکانی تۆدا.
که خەیاڵ ئەمباتەوە،
خەیاڵ ئاوێنەیەکە..
ژیان لەوەتەی هەیە خۆی لەبەردەم ئەودا ئەڕازێنێتەوە..
رووبار بەناو ئەودا حیکمەتی پیرنەبوونی خۆی بەدیکردو
فێری ئەم بەلەنجەولار ڕۆیشتنەی ئێستا بوو...
خەیاڵ سەر پەنایەک بوو،
سروشت بۆ وردەکارییە سرک و بەعیشوەکانی خۆی
شەوێک هانای هێنایە بەر ماڵە پڕ تەلیسمەکانی ئەو..
بۆ بەیانییەکەی، لەحەوشەی دواوە
ئەم هەموو سیحرەی ئێستای بردو تێی تەقان!..
لەبەردەم ئاماژەکانی تۆدا.
که وەک نیشتنەوەی پۆلێ خاڵخاڵۆکەن
بەسەر پشتی دەمەو عەسرێکی هاوینەوە..
خەیاڵ ئەمباتەوەو
هەرچی پەلەوەری ڕەنگاڵەیی هەیە دێن و بەئارامی
بەسەر لق و پۆی نەمامەکانی پەرۆشیدا ئەنیشنەوە...
کەبەناو خۆرنشینی خەیالاّ بەڕێ دەکەوین،
دڵمان نایەت یەکتری غافڵ کەین..

لەناو ئەشکەوتە تاریکەکانی پەنهانیدا،
پارچە جێماوو خۆڵ لێنیشتووەکانی شکست هەڵدەگرینەوەو
ئەیانبەین لەبەردەم قەڵبەزەی نووردا ئەیانشۆینەوە!..
لەدەورووبەری خەیاڵدا، کە چاومان بەیەکتری دەکەوێ
شەرم نامانگرێ و بەپەلە رادەکەین بۆ ناو بێستانەکانی
یەکتری...
بەسەر پەرژینە دڕکاوییەکانی یەکتریدا لۆقێک دەکەین
بەدوان و
سەرسامیمان بەرئەبنە
شەمامە پێگەیووەکانی یەکتر!..
لەلادێکانی خەیاڵدا
تینوێتی یەکێکە لەبەراوە نزک دەستەکانی ئاوایی
هەمیشە بەجۆگەلەی ماچ ئاو ئەدرێ و
لەتەڕایی مۆسیقادا شڵپەی دێ!
پیاسەکردن لەناو خەیاڵدا،
دڵدانەوەی بێتاقەتییەکانی گۆشەگیرییە..
راوەشاندنی لقێ گێلاسی یاقووتییە،
بەسەر چێشتەنگاوێکی خەواڵوودا..
فووکردنە لەخۆڵەمێشی سەر ژیلەمۆ خەوتووەکانی،
ناو مەقەڵی فەرامۆشی..
کە لەسەر سەکۆی عەسرە چاکانی منالیدا جێمان هێشتوون!
پەشیمانکردنەوەو هێمنکردنەوەی توڕەیی رەشەبایە،
لەئێوارە شەرمنەکان..

**هاتنەخوارەوەی پۆل پۆلی ژمارە پەڕێنراوەکانی کچانە،**

**لەهەورازی قەیرەییەوە،**

**بەدەم بەردگرتنە ناو باخە کوێرەکانی پیاو!..**

**گەڕانەوەی هێوری باوکمە لەپیرییەوە،**

**بۆ ناو رەزەکانی خۆی..**

**بۆنکردنی خاکی دوای بارانە،**

**بەهەستی منالّی!..**

**روانین لەناو خەیاڵدا، روخاندنی واقیعە.**

**گەڕانەوەی ئاوارەکانە، بۆ ناو چیرۆکە گەرمەکانی خۆیان..**

**بەرەڵاکردنی گورگە پیرەکانە لەزیندانی تۆڵەوە،**

**بۆ ناو هەڵەمووتە عاسییەکانی ویژدان!**

**خەوتنی بێ سڵەمینەوەی دڵە بەڕووتی،**

**لەناو نوێنی حەزا..**

**نزیککردنەوەی ئەدرێسە دوورەکانی غەریزەیە،**

**لەعەوداڵیی گەنج..**

**داچاندنی تۆوی هەتاوە،**

**لەزەینی دووکەڵدا..**

**بیرکردنەوە لەناو خەیاڵدا،**

**تەقینی هەر ساتەی کانییەکە لەقەدپاڵەکانی دڵ..**

**بەخشینەوەی بەهارە بەسەر چاوەڕوانیدا..**

**پێوانەی شعورە بەتەرازووی گڕ..**

**کۆکردنەوەی پەرش و بڵاوییەکانی خەفەتمە،**

**لەحزوور هێماکانی بارینتا..**

سەرقاڵیی لەناو خەیاڵدا،

کۆبوونەوەی ئاوە لەگەڵ ئاگر، لەسەر مێزی گفتوگۆ..

وەک دیارییەکی نایاب بۆ ماڵی هزر،

چنینی قاڵیەکی شیاوە بەقسەی رەنگاورەنگ!!..

سووکبوونی باری شانە لەواوەیلا..

بەدادگایی گەیاندنی برسێتییە لەعەرشی گەنمدا..

تەریقکردنەوەیەکی شیاوی دنیایە،

لەسەر کوشتاری شیعر!

سەرەخۆشیکردنە لەشۆڕش

بەهۆی لەدەستدانی دواهەمین رۆڵەیەوە،

بەوەرگەڕانی ئۆتۆمبیلی بەها!!..

لێدانی تونێلە لەمدیو بەرزاییەکانی دڵڕەقییەوە،

بەدیوی ئاوەدانی تەمەندا..

شاردنەوەی چاوەکانتە لەمنداو

دانانی بەردی بناغەی شارێکە،

بەگوڵە مێلاقەیەکی شین!..

گوێگرتنە لەخوێندنەوەی من لەناو شیعرێکا،

بەدەنگی فلووت!..

بەسەرکردنەوەی سلێمانییە،

لەترسی توانجە ساردو سڕەکانی غوربەت..

دروستکردنی ماڵێکە لەکتێب و

رووتبوونەوەتە لەناو لاپەڕەکان و

سەمام و.. دەستخشاندنە لەتوکی سەرسنگی دێڕەکان و

کەم کەم وەنەوزو

تامیتامیکردنە بەپاڵەوانەکان!!..

دەزانی بەهۆی تۆوە

ژیان لەناو خەیاڵدا، تادێ گەنجم دەکاتەوە!..

مەنفا لەناو خەیاڵدا، تادێ پڕ دەبێ لەنیشتمان!..

فڕین لەناو خەیاڵدا

کردنەوەی پەنجەرە روونەکانی هەستە بەئاشکرایی!..

هەڵدانی ماچە بۆ یەکتری و

گرتنەوەی خۆشەویستییە لەناو قەرەباڵغی..

بەسەرکردنەوەی گەڕەکی خانووە قووڕەکانی سادەییمە

بەپێی باران!...

ختووکەدانی ئاسمانە بەباڵی عەشق.

گەیاندنی سوپاسنامەی باخە بۆ هەور

بەبای نەسیما..

فڕین لەناو خەیاڵدا،

خواستی جووتێک باڵە لەشیعرو

جێهێشتنی وڵاتە ئەسیرەکانی ناو دیرۆکی کۆیلایەتیمانە،

بەناو مێرگە تەڕەکانی ئازادی!

فڕین لەناو خەیاڵدا،

سەندنەوەی یەکترە لەقەدەری دووریی..

فڵچەکارییە لەناو دەفتەر رەسمەکانی بەختی یەکتریدا..

گەیشتنە جێی مانگەشەوە بەدەم هەناسەبڕکێوە.

لەهاوینە ونبووەکانی هاودڵییەوە،

بۆ ناو تاریکە شەوەکانی تاراوگە..

لەپەنای چاوی تۆوە،

فڕین لەناو خەیاڵدا.. لەمسی حەقیقەتە بەدەستی روئیا.

پڕبوونی کۆڵانەکانی لەشمە

لەمناڵە وردکەی تەزوو!!..

لەپەنای خوزنی خۆمەوە

کەخەیاڵ ئەمباتەوە..

تاریکی بەئەدەبەوە بەدرێژایی رێگاکەم

خۆی لائەداتە قەراخەوە،

تاسەغڵەت نەبم..

بەدەوری ئەستێری یادەوەریمەوە هاوڕێکانم

بەڕووتوقووتی دانیشتوون و

وازیان لەفەلسەفەلێدان هێناوەو

هەرچی ئەکەن غەریزەکانیان پێ داناپۆشرێ و

واقوڕماوانە لەیەکتری ئەپرسن:

ئەرێ چی ئێمەی هێنایە ناو ئەم هەرێمەوە؟!

ئەزانی لەسەر هەر شۆشتەو شەقامێکی ئەم مەنفایەش

کە خەیاڵ ئەمباتەوە..

یەکسەر شارێکی شین دەروازەی خۆیم،

بۆ دەخاتە سەر گازی پشت!..

شارێک لەشینایی ئاسمان،

لەپێشوازیی دوو هاوسەفەردا..

کە هەموو تەمەنیان لەتەرازووی فیراقدا پێواو

نرخیان کردیە تەنها مشتێ سوتماک..
کەساڵەکان جێگایەکیان تیانەبوو
بۆ بەیەکشادبوونەوەی  دوو رۆحی لەیەک دابڕاو!..
بۆیە ئیدی قۆڵی لێهەڵدەماڵم و بەشانی شیعر
بەشی ماڵێک شینایی
بۆ شوێنێکی چۆڵ دەگوێزمەوەو
خانوویەک بۆ غەریبیمان دروست ئەکەم...
بۆئەوەی جیاوازییەکیش بخەمە نێوان
ماڵ و بەندیخانەوە
هەوڵ ئەدەم لەجایتی کریستاڵترین شووشە
پەنجەرەکانی تەنها چاوەمەندو گەورەکانی تۆ بن!!!..
ئەفسونێک لەمیلۆدی دەنگی تۆش
دەکەم بەدەرگا!!..
لەسەربانی هاوینیشیا مافورێکی ئاوریشمین لەئۆقرەو
زەمەنێکی فێنک لەتەجەللا رائەخەم..
تا مانگەشەو بەردەوام بەسەرا
بکەوێتە ناو زیکرمانەوەو
خەیام لەولاوە بزە بیگرێ و
شەراب لەملاوە ئاڵتر بێ و
مانگەشەو لەجیاتی ئەوەی تەریقی دایبگرێ،
بڵێ: ببوورن، ئەوە ئەم چەپکە تریفەیەی تریشم
بەدیاری بۆ هێنابوون..
هیوادارم لێم قبووڵ بفەرموون!!

**شارێک، تێیدا پێکەوە ژیان**

**لەجیاتی سەرلەقاندن بۆ مەوعیزەکانی هەور**

**ئاوێزانیکردنی سەمای باران و**

**تەکاندنی دارتووە بەرزەکانی رۆح بێت بەسەر لەحزەکانا**

**کە هەموویان هێندەی یەک چارەنووسسازن!!**

**کەخەیاڵ ئەمباتەوە..**

**پێش ئەوەی پێ بنێمە ئەو شارەوە،**

**یەکەم شت ئەکەومە پاککردنەوەی پێڵاوەکانم**

**لەقوڕی حەقیقەت..**

**کە لەبارانی خوێن و رشێنەی فرمێسک و**

**لەگڵ و خۆڵی سەربووردە تاڵەکان دروست بووەو**

**هەموو ئەم ناوەی بوونمانی پیسکردووە..**

**کە لەناو کۆڵان و لەناو حەوشەی پێکەنین و**

**لەمەزراکانی لاموبالاتی و.. رێگاکانی بێمروەتیماندان و**

**سەرخۆمانی ناهێنین!!!..**

**لێرە.. هەموومان فێرین جارجارە بەقەرز خۆشەویستی**

**بدەینە یەکتر**

**بەڵام ساتێک دێت داوای دەکەینەوەو**

**چرکەیەک دێت لەیەکی وەردەگرینەوە....**

**لێرە.. هەرگیز فیردەوسەکانی ئێمە نابنە باخچەی گشتی،**

**نەک لەبەرئەوەی خۆشەویستی بەتیراژێکی کەم چاپ**

**کرابێت،**

**بەڵكو لەبەرئەوەی لەهەرێمە بەپیت و بەرەکەتەکانی**

**عاتیفەدا**

**لەجیاتی ئەوەی خوێنەوار بین بەزمانی گوڵ**

**جەنگاوەرین بەفەرمانی هەڵپە!!..**

**لێرە.. دەمێکە بازاڕێکمان گەرم کردووە**

**جوانیی بەدەمامک ئەفرۆشین**

**عەشق بەقاڵب**

**هێزی لەش بەپارە..**

**پردێک لەئاشنایی دروست ئەکەین،**

**لەیەک گۆرانی زیاتری بەسەردا بڕوات ئەڕوخێ..**

**ختورەیەکی تری شەرمن بەسەریا رەت بێت**

**گوللەبارانی دەکەین..**

**بەسەر ئەو پردەوە، سەرەتا ئەبێ هەموو شتە عەنتیکەکانی**

**ناو هەگبەی بیرەوەریمان فڕێدەینە خوارەوە**

**چونکە یاساوڵەکانی عەقڵمان حەتمەن دەمانپشکنن و**

**بەهەر توحفەیەکی زیادەشەوە بگیرێین**

**لەئەڵماسی ژەنگگرتووی دڵمان زیاتر**

**ئەوە سزاکەی کوشتنە،**

**لەناو رۆحدا!!..**

**بۆیە هەر کە خەیاڵ دەمباتەوە..**

**لەو شارەدا، یەکەم شت**

**زمانم دەشۆمەوە لەبەر قەڵبەزەی بەرائەت..**

**کێتبەکانی بێدەنگیم ئەدەمە هەتاو بۆم بلاوکاتەوە..**

دەغڵی خۆشەویستیم لەگومان دەستێنم و

بەئاگاداری وەفا

بەشی هەموو باڵندەکانی لێ ئەدەم...

من ئەتوانم لەجریوە گوڵە گەنم بچنمەوە

کەواتە سەروەتی عەشقی من هێندە زۆر ئەبێ،

لەهەموو مەخزەنەکانی دنیادا جێی نابێتەوە!!!

من ئێستا قاچێکم لێرەو

قاچێکم لەوێیە..

من... کە لەبەر بەرۆچکی خەونی خۆمدا،

دانیشتووم و

خەیاڵ بردوومیەوە!

# جێپەنجەکانت

زەینەب یوسفی

ئەمڕۆ رۆژی خۆشتنم بوو
لەگەڵ لەش شۆردنمدا
جێپەنجەکانی تۆشم بەسەر مەمکەکانمەوە سڕییەوە
خەتای شەهوەتی تۆم
بەسەر ئەندامەکانمەوە شت



ئاو
ئاسەواری تۆ
لەسەر لەشی من دەشۆرێت و
چەند خەمگینانە
دەیرێژێتە سەر شان و ملم
دەڵێی ئەویش



تێگەیشتووە
ئەو جێپەنجانە ئیدی
مردوون و
جارێکی دی
بەئاو تەڕنابن و
ناسڕێنەوە!

# پایزی حیکایەتێک

رۆژ هەڵەبجەیی

من ویستم تۆ لەبەیانییەکی هزرما بوەرێنم،

نەمزانی دارە، دارەی گزنگی،

بەدیواری جەستەمدا رۆدەچی...

من ویستم لەخەیاڵی نیوەڕۆیەکدا هەڵتکەنم،

نەمزانی چڵە، چڵی لاولاوی،

دەئاڵێی لەپەراسوی شیعرم..



من ویستم لەخۆرئاوابوونی،

هاروهاجییەکانی دڵما،

بەسکون، سکون داتپۆشم،

نەمزانی بۆ هەمیشە دەبیتە

مناڵبوونەوەی تەمەنم...!

من ویستم بۆیاخی کەم

چەنەبازیی ژوورەکەم،

تەماشا گرمۆڵەکەم...

نەمزانی لەناو دەفتەری پەنجەکانما

پیاسە دەکەی..!!

بۆ چوویتەوە بۆلای پایزی حیکایەتێک..

کە ئیتر نوێژی نەورەسێک شەپۆلێک پێ ناکا،

لەچاوی دەریایەک..

که ئیتر پێیەکانی هەتاو شەقامێک تەیناکاو
نافڕێ بۆ سەری سنەوبەرێک..!!
که ئیتر نۆتەی گوڵێک کۆپی ناکرێ،
لەلەنجەی باران و
که ئیتر پژمەی بەردێک،
ناچێتەوە سەر دڵی ئاو.
که ئیتر ناوچەوانی (با) پەڕۆیەکی پەناهەندە نییە
بۆ هەرمێیەک هەناسە
کەئیتر ماسولکەکانی درەخت
حەوسەڵەی حەشارگەیەک نین،
بۆ بستێک باڵندە..
***
بۆچوویتەوە بۆ لای پایزی حیکایەتێک...
من هەموو چڵەگیاکانی دڵم دەلەرزێ،
چونکه ناوی تۆ شەپۆل، شەپۆل
فڕیوەتە ئەوکی سەرینەکەم..!!
من تاریکیم لەناو قسەو باسی،
جانتاکەمدا قەدکردووە..
چونکه شەوقدانەوەی میهری تۆ
گەیشتووەتە ئێسکی چرپاکەم..
هیلاکی چۆن راونێم ئەزیزم؟!
که هێشتا بزەیەکت موستیلەیەو
لەپەنجەیەکمدا نووستووە..

**كە هێشتا قافیەی قسەیەکت**

**زنجیری ملمەو لەهۆش خۆی چووە..!!**

**من هەموو دەقیقە لاوەکان و**

**چرکە مناڵکارەکان لەگەڵتام..**

**تۆ بوویتە خەیاڵێک هەیەجان..**

**تکا دەکەم مەچۆ بۆلای پایزێک ئەفسانە.**

**کە تۆ چوویت، من روانینم شەکەت و**

**رۆشتنم شپرزەو**

**خەمم پێخاوس و**

**کاتژمێری دەستیشم،**

**کۆمەڵێک کۆتری هەڵوەریوو..**

**چی لەوە گرانترە ئەزیزم**

**نیوەی خۆم بچێتەوە سەر رێگایەک ون و**

**نیوەی دڵیشم بچێتەوە خانەی مردن..!**

*******

**من هەموو شتێکم دەدایە بەر بازنەی تێفکرین.**

**دەمخستنەبەر**

**چوارگۆشەی تێڕامان..**

**وەک پەتیارەی پایزێک،**

**تەرمی گەڵا دەخاتە ناو پشتوێنەکەی..**

**وەک جۆگەلەیەکی جەحێڵ،**

**بۆ جزمە پیرەکانی رووبار دەگەڕێ..**

**وەک درۆ نەزۆکەکانی باران،**

که ناگاته دڵی بیابان..!

وەک سمکۆڵانی سێوێک،

بەتوڕەبوونی دانەکان..

وەک کتێبە ڕەنگاوڕەنگەکانی بولبول

لەسەر ڕەفەی چەهچەهە..!

وەک چنینی گۆمێکی لیخن

بەزەوقی مێشوولە...!!

من هەموو شتێکم دەدایە بەر

نەشتەری تێڕامان.. تێفکرین،

تەنها بۆ تۆ نەبێ

تۆ بۆچوویتەوە بۆ لای پایزی حیکایەتێک..

تۆ شەوانە لەئاسمانی مۆبایلێکدا،

باڵت لێک دەدا..

دەترسام ئیتر شەقژنی هیچ ئاسمانێکم،

نەیەتەگوێ...

تۆ سەرپۆشی دەرگاکەمت

پڕدەکرد لەشکۆفەی بێ خەوی..

مەچەکی سەرینەکەشم لەبازنگی بێداری..!!

تۆ فێرت کردم تامی کەم تاری تاریکی..

بۆنی کەم کەوتنە خوارەوەی هەوا

بەدەم کۆکەی گەڵاوە..

شەرحیکەم شەرمی گوڵ

بەدەم مشتومڕی باخچەوە..!

***

تۆ کاتت بەسەرما دائەگیرساند،

کەباسی منت دەکرد..

تۆ باسی منت دەکرد لەنەسلی کەناری و

لەچەشنی گوڵەگەنم

کەچی هەر قسەیەکی ئاوی بوو،

لەنووکی پێڵاوەکانتەوە دەچۆڕا..

باسی نورانی هەنگت دەکرد

لەحیشمەتی شیعرەوە..

کەچی زوڵمەتت لەگەروی

گوڵەوە هەڵدەقوولا..!

گوناهتکرد، گوناه..

من نورێک لەدڵمابوو،

هیچ هەتاوێک سڵاوی لێ نەکرد..

تەنها پێکە گریاوەکەی تۆنەبێ..

دەبوایە بمزانیایە ئەوە دەرئەنجامی مەستییە..

بیرتە دەستەکانت لەناو دەستەکانما پێدەکەنین

دەبوایە بمزانیایە،

ئەو دەستانە لەجنسی نایلۆنن..!

بیرتە ئەو قسانەی توێکڵەکانیای لەقاقابوون

دەبوایە بمزانیایە،

ناوکرۆکەکەیان گریانی گریانن..

چەندە قورسە ناسینی تۆ؟!

من بەم کاڵئاوەزییەی خۆمەوە

لەلقی گوڵەبەڕۆژەیەکدا تەجللای

خوام ناسی.

لقی گوڵەبەڕۆژە هەموو ئێوارەیەک

مردن ئەزبەر ئەکاو

ناگاتە سەحوەی حەقیقەتێک...

چەند قورس بوو ناسینی تۆ..

کەچی من خەیاڵم پڕبوو

لەبرینی رژاو تۆم هەر نەناسی..

دەمزانی حەرفی حەقیقەتێکی و

بۆ ئەبەد بۆم تەفسر نەکرای...!!

ئەی چی کۆیکردینەوەو

چی لەیەکی کردین..

ئەوەیانم نەزانی و نەزانی..!!

سلێمانی

٢٠٠٧/٧/١٥

# باران جوانترینساباته

پەری شێخ ساڵح



بۆ تاوێ بیری باران دەکەم
لەو خەونەدا جێماوم
لەئێوارەیەکی داگیرساودا
لەشەقامێکی جوان و
لەناو هێڵێکی داخراودا
ماچەکانمان تەڕتەڕ
ڕژانە ناو حەشمەتی لێومانەوە
چەنێ خۆش بوو
لەنێو بەختەوەرییەکی حەپەساودا
دڵمان وەکو چرا داگیرسابوو؟!
چەنێ خۆش بوو
کەتنۆکی میهری خەندەت
لەسەر سینەو لێوم جێمابوو؟!
چەنێ خۆش بوو
کە هەموو گیانمان لەگفتوگۆدا بوو؟!
چرپەکانمان بۆ داکردنی تاوێ بارانی بەلێزمە
چاوەڕوان بوون
تالەژێریا

خۆمان لەو مردووە زیندووانەی
دەورمان بشارینەوە
کە دژی زەردەخەنەی ئێمەو
پێکەنینی باران بوون!
لەم وڵاتەدا
زەبوونە دیدارو
مەلولە جێژوان
تۆ پێتوتم:
باران جوانترین ساباتە
لەژێر ئەو ساباتەدا
دەست و پەنجەی تێکئاڵاومان
چەنێ جوان بوون؟!



چیرۆك

# بۆنی ئەو لەجلەكانم دێت

حسێن ئەحمەد ـ فەرەنسا

لەمانگی ١٢ی ٢٠٠٢ دا پێش ئەوەی بیناسم.

ئەو لەیەكێك لەچاخانەنزیكەكانی ناوشاردا كاریدەكرد، هێندەی لاوازی دەستەكانی و سەری گچكەی بەینی هەردووشانەكانی بۆم دەركەوت، پێویستە هەندێكجار بەرلەوەی بكەویتە نێو روداوێكی كۆمەلاّیەتییەوە، یان رونتر بلّێم بەرلەوەی خۆت بەكەسێك بناسێنیت، كەسەرتاپای پرپرە لەجەخاری گەورەو نیگەرانی قولّ قولّ. هەولّبدەی بەئەندازەی بچوكی جەستەیی نەیبینی. واتە خەیالّی تۆ نەگاتە ئەو جێیەی پێت وابێت كەمێتی كێش هێمایەكە بۆزراف و بچووكی هەركەسێك كەلەخۆیا بۆخوداو ژیان و ئاخیرەت دەگەڕێت.

تۆفانی قوولّ قوولّی هەیە، كێشەی گران و بەبەها، كەڕەنگە لەیەكێك لەرۆژە تاقەت پڕوكێنەكاندا ریشی بەردابێتەوە سەرسینگی و بووبێتە كلۆشاخ. رەنگە لەبێدەنگی خۆشەویستەكەیدا رامانی درێژو ناكۆتا كردبێتییە شاعیرێكی دێوانە، بەهەر جۆرێك بێت و لەهەرجێ و ئیش و مەكانێكدا دەستی لەبەختیاری شتبێت ئەم پێناسەی كارەساتەكانی خۆیەتی، سەرچاوەی هەموو ئەوشكست و تێكشكانە یەك لەدوای یەكانەیە كە بەهەر هۆیەك بوبێت بەختیاری ئەمیان والێكردووە وەك موسافیرێكی نائومێد لەدەریا بپەڕێتەوەو بمرێت. بەهەرحالّ من ئەوم واناسی پیاوێكی بێ ئەندازە بچكۆلە كەدەستی بەپیالّەچاكانەوە دەلەرزی، لەنوشتانەوەیدا بۆكۆكردنەوەی هەموو ئەو پەرداخ و ژێرپیالّە و نانەڕەقانەی لەموشتەرییەكان جێمابوون وەك زەوییەك بوومەلەرزەی لەژێردابێت ئەكەوتە لەرەلەر و دوعا. هێندە مندالاّنە ماندوو بوو بۆشایی سەركورسییە چۆلّەكان دەیان خستە پێكەنین، بەدەر لەو تەمە ناسكەی بەسەر سیمایەوە وەك هێلّی مەراقێكی ناكۆتا دەبینرا، بەختەوەرییەكی بچكۆلە زۆر رێكەوت بەلێوەیەوە وەك كوژانەوەی ئاگرێك كەسوتوەكەی خامۆش نەبووبێت ئەسوتا. هەستمەكرد پێمخۆشە بیبینم، ئاسوودە دەبووم روانینێكی منی بخستایەتە گریان. یان هەرنا ئەو تەشتە ئاوانەی ئێواران بەخوّلّی

بەردووکانەکەیدا دەپرژاندن، بەمنیا بپرژاندایە، چی ئەبوو وای بکردایە؟چی ئەبوو منی بەوکەسە پێناس بکردایە کەدۆستی راستەقینەی ئەوبووم ؟بەهەشتم لەوچاوانەیا دەبینی کە وەك دووهەڵماتی بچکۆلە خودا یارییان پێدەکات، وەك تۆفانێك چۆن رەفتەی کچێك دەهێنێت و دەبات ژیان بەوشێوەیە دەیهێنان و دەیبردن، بێئاگا لەوەی کەسێك لەدەرێ، لە سەر کۆلان، لە ناو پاسە تەسکەکاندا کەدەیان کەسیان بەپێوە دەوەستان و سەریان وەك قولاپی ماسیگرێکی خەیاڵ تەخت پێدەخستنە خوارێ ماتڵی ئەوە. زۆر شەوە تاریکەکان لەچاخانەکەی خۆی دەنوست. رازی نەبوو هیچ کەس بێزاری ببینێت، بەڵام بەردەوامیش دەربارەی بەختی خۆی دەدوا. دەربارەی قەدەری ناوەخت کەزۆر جار ئینسان والێدەکات تاکە هیوایەك لەپێناویا بژی، بەدەر لەمردنێکی روناك هیچی دیکە نییە، ئەو پێیوابوو مردن دەسکەوتێکی مەزنە ئەگەر بزانین چۆن پێشوازی لێدەکەین. چۆن دەستمان لەدەستیەوە دەئاڵێنین و دەچین بۆ باخەکانی لیمۆ. چۆن هەڵە وەك بتڵێك شەرابی پیر پیر لەجانتاکانماندا هەڵدەگرین و ناترسین عەزابێکی هەبێت. خۆف ناکەین لەزەمهەریرەکانی جەهەننەم. چونکە ئەو رای وابوو مردنی تۆ واتە داخستنی دەرگاکان لەسزا، واتە کردنی گوناه بێبیرکردنەوە لەدۆزەخ. بێبیرکردنەوە لەبەهەشت و نوێژکردن، ئەو هەمیشە بەوشێوەیە دەدوا کەمنیشی والێدەکرد پێم ئاشانبوو بمرم، چونکە باوەڕم وای لێهاتبوو کە لەمردندا ئینسان بەهەموو مانا قوڵەکانی دەربڕین بەختیارە، لەبەرئەوەنا کەئیتر کێشە نابینێت، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئەزموونی دووبارەکردنەوەی هەرشتێك واتە عاقڵ بونێکی مەزنتر، واتە ئیتر تۆ دەبیتە ئەو حەکیمە رووخۆشەی چارەی کارەساتەکان دەزانێت، شارەزایە بەڕەنگە جۆراو جۆرەکانی مردن. لە خۆڕا بەدۆزەخدا ناڕۆیت و لێت ببێتە دەریا، ئیتر تۆو ئەزموونی تۆ بەرانبەر هەرجۆرە عەزابێك دەگۆڕێیت کە دەکرێت نەچیتەوە سەری، بۆئەمە ئارەزووم بوو دەست لەهەموو وجوودم هەڵبگرم و بمرم.

بەڵام تاکە شتێك تاکە ئومێدێکی بیمار منی بەژیانەوە دەبەستەوە ئەو هەناسە قووڵانەیبوو کە وەك کەسێك دوعا لەبێوەیی بوونی خۆیدا بخوێنێت دەیکرد بەسەرسینگی خۆیەوە، بەردەوام جگەرەی دەکێشاو چڕبوونەوەی دوکەڵی خەست لەسەر لولەکانی نەفەسدان وای کردبوو گەلێك جار وەك پیرێکی ٧٠ ساڵ لەبەردەم ئاگردانەکاندا بکۆکێت. هەندێکجار سیخەی سینگی بەشێوەیەك گرفتاری دەکردم کەجگە لەسەرداخستن و روانین لەبەرپێی خۆم هیچی دیکەم پێهەڵنەدەسوڕا، دەمویست هەردوو گوێم بخەمە ژێر لەپی

دەستەکانمەوەو هاوارکەم خودایە خودایە ئەم زریان و تۆفان و گەردەلولە شوومانە بابەس بێت، نەمدەتوانی بەسادەیی دەست بەسەر بێقەراری خۆمدا بگرم و لەگفتوگۆکانیدا بوەستم، وەلێ چارەیەکی دیکەم نەبوو، دەبوو ئاسودە بومایە کە هەموو ئەو تەپ و تۆزو دوکەڵ و هاوارەی لەزاریەوە دەهاتنەدەرێ بۆنی پێوەبکەم و هیچ نەڵێم، ئاخر بەرلەوەی من هەرشتێك بم عاشقێکی بچکۆلانەی ئەوبووم، کەسێك بووم دەبوو ملکەچی واملێبکات خۆم بەئاسودە بزانم، دەبوو ببمە فەرمانبەری هەرشتێك، کەبەرەو ئەو نزیکم دەکاتەوە، چۆن دەرگاوانێك لەبەردەم سەرۆکەکەیدا هەردوو قاچی جووت دەکاو دەستی ڕێزی بەلای راستیدا دەکێشێت، من بۆ ئەو ئاوەها کەدەستم بەلای راستمدا دەکێشا، ئاوەها قاچم جووت دەکردو لەبەردەمیدا وەك مۆنیمۆنتێکی بێجوڵە دەوەستام، وەلێ پۆزشی ئەو بۆ من بەدەر لەو نیگا جەهەننەمیانەی منیان والێکرد لەئێستاو لەم ئێوارە شوومەی ئەوروپادا یادی ئەو بمگرێت هیچی دیکە نەبوو، من ئەبوو ئازادتر روانینی خۆم بەکاربهێنایە بۆئامادەیی ئەو لەعەشقا. چون لام وابوو تۆڵەی ئێمە لەم رۆژگارە بەدفەڕانەی ژیانی لەسەر بونیاد نانرێت بەدەر لەعاشق بوونێکی جاویدان هیچی دیکەنییە، ئەبوو بەهەر نرخێك بێت دەستمان لەیادەوەرییەکدا هەبوایە، رابردوویەك لەئێستادا بمان گەڕێنێتەوە بۆخۆی، هەست بکەین چرکەی نائومێدی لەئێستای هەریەکێك لەئێمەدا، واتە وەختی پێگەیشتنێکی کتوپڕ لە٢٠٠٣دا، وەختی بینینێکی سروشتی لەسەر شەقامێکی غەریب کەباران وەك پرچی رژاوی پەرییەك نەسیمێ لەخەوی هەستێنێت بەنەرمی ئەکەوتە بەرپێمان، من لەباپیرەمەوە فێر بوو بووم، دەبێت هەرئینسانێکی ئاسایی باوەڕی بەوە هەبێت لانی کەم ئاژاوەیەك لەگەڵ خۆی بباتە هەموو جێگا نادیارەکانی دونیا، قیامەتێکی بچکۆلە لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت و بڕوا بۆبینینی جەخار. لەو شوێنانەدا یادەوەری بەشێك لەجەهەننەمی کۆمەڵگایەکی تێکشکاوو نائاسا پێك دێنێت، بەخوێنی خۆی یادگاری دروستبکات، هەوڵ بدات وەك ئێشکەرێکی ماندوو وجودی خۆی بخاتەوە مێژوو، باپیرەم دەیوت: گەڕانەوەی هەرکەسێك لەرێگەی یادەوەرییەوە بۆ مێژوو گەڕانەوەیەتی بەچەقی بەختەوەری خۆیدا بۆ خۆی، گەڕانەوەیەتی بەو تونێلە تاریکانەدا کە کۆتاییەکەی دەکەوێتە سەر عەشق، بڕوانە بەچکەی خۆم، هەرکەسێك لەهێمنیدا بەشوێن یادەوەرییەکی بچوکدا مەلەکوت نەلەرزێنێت، ناتوانێت بەئاسودەییانە بگەڕێتەوە بۆخۆی. هەریەکێك لەئێمە پێویستی بەوە هەیە بڕێکی کەم ئارامی لەخۆیدا بکوژێت، بۆ ئەوەی بێدەنگی نەیکاتە دێوانە. چون دێوانەیی هەرئینسانێك سەرەتا بەئارامییەکی قوڵ قوڵدا

تێدەپەڕێت تائەوکاتەی هەوڵێکت نامێنێت بتگەیەنێتەوە بەئومێد. هیواو ئومێد بەشێکی هەرەگەورەی نائارامی ئینسانن، کەتۆ ئاژاوەیەك ناوەوەت نەکاتە باخچەیەکی سوتاو ناتوانیت ئومێدەوار بیت، ناتوانیت تێبگەی هیوادار یانی کەسێك تەنهایی لەسینەیەوە هەڵدەستێت، یانی کەسێك جەنگ بەجەنگ، خوێن بەخوێن بەشوێن تۆڵەدا دەگەڕێت، کەسی ئومێدەوار کەسێکە پڕە لەکەلێنی بێئەندازە فراوان لەخەرەندی رۆحی و بۆشایی دەرونی گەورە، بۆیە هەمیشە بوونییەتی خۆی لەتۆڵەکانی خۆیدا دەبینێت، هەر بۆیە بەچکەی من نائارامی واتە بەردەوامییەکی ئەبەدی و یادەوەریش بەشێکی تر لەو نائارامییە پێکدێنێت. لێرەدا من دەبوو بەهەر نرخێك بووە بگەمە یادەوەرییەکی جاویدان، هەوڵی من بۆ ئەوەبوو ئەبەدییەت لەخۆما دانیشێنم، بۆ ئەوەی ئارام نەبم سەدان شەو بەدەم خەوەوە دەڕۆشتم، سەدان رۆژ سەدان حەفتە دەڕۆشتن و من وەك مارگەستەیەکی بیمار لوولم دەخوارد، دەمردم و عاشقم بەخێو دەکرد دەسووتام و بۆ لێوێك دەگەڕام چزە لەیادەوەریم هەستێنێت، خودایە لەو رۆژانەدا تەنها خەندەیەکم بەسبوو، سەروزیادمبوو روانینێك چەکەرە بەغەمگینیم بکات، من وەك شاعیرێکی ناکامڵ بەشوێن نیگەرانیدا بگەڕێت بۆنووسین، بەو شێوەیە بەشوێن خەسارەتدا دەگەڕام، جگەرەم دادەگیرساندو رووەو خۆر نەفرەتم هەڵدەدا، رووەو مانگ نەگبەتیم وەك چەپۆك دەکێشا بەتەنهایی خۆما، زۆر بەیانیان بەرلەوەی کەڵەشێر روناکی لەخەو هەستێنێت من غەمگینیم هەڵدەستان و دەچووم بۆپەنایەکی بێڕۆح و دەگریام، وەك لۆکەیەك بەسەر باخێك لەدڕکی رەشەوە جێمابێت ئاوەها قژم بەپەنجەمەوە جێمابوو، چی مابوو دەسکەنەی نەکەم، تاکە شوێنێك نەدەبوو دەستی لێکەوێت، من وەك پیاوێك مووکێش بۆ رۆژی زەماوەند هەڵبگرێت بەو شێوەیە مووکێشم بۆهەڵگرتبوو بەو شێوەیە وەك دەڵێن کردبووم بەهەسان، وەلێ نیگەرانم بۆخۆم، نیگەرانم بۆ ئەو رۆژەی لەدواهەمین یەکتر بینینی من و ئەودا کەخوداش تەماشای دەکردین زەرفێکی بچوکی پێبەخشیم و تکای لێکردم تا دەگەمەوە ماڵێ وەك ئامانەتییەکی سەنگین لەمەحفەزە گچکەکەمدا بیپارێزم، خودایە ئەو رۆژە چی بۆنێکی غەمگین لەجلەکانی هەڵدەستا؟ بۆنی ئەو سەفەرە دوورانەی کارەسات بەچرکەکانیا وەك ترێی مێوێکی خودایی خۆی شۆڕدەکاتەوەو دەگری، مردن تەراتێنی تیادەکات بەپێی دڵ. هەردەمزانی سەرەتای رۆژێکی ناخۆش و هەواڵی بێتاقەتییەکی ناوادە دڵی من دەخاتەسەر گریان، وەلێ لێوەکانم لەرزین و وەك کچێك ئەستێرەیەکی شوشەیی لەدڵیا شکابێت دەنگی هاڕەیەکی کتوپڕ سینەمی خستە

سەر هاوار. خودایە چی قیامەتێك بوو! سوێند دەخۆم ئەستێرەم بەو ئاسمانەوە دەبینی وەك یـاریزانێکی عاقـڵ شـوێنی خـۆی بـۆ وەرگـرتنی تۆپـەکان بگۆڕێـت شـوێنی خـۆی لەغەمگینیدا دەگـۆڕی و دەچـوو بۆفەزایـەکی تـاریکتر، پەپولـەم دەبینی لـەجێی ئـەوەی تینوێتی خۆی بەلێوی گوڵەکان بشکێنێت، سەری خۆی دەبەخشی بەئاگر، هەستم دەکرد زەوی ئاراسـتەی خـۆی لەناڵـەدا لێتێـك چـوبوو، بـاکورو باشـووری هەرشـتێك ئـەوەبوو خەسارەت وەك میوەیەکی فڕێدراو ببینی لەبـەردەم ئـاوێکی دوورا، لەبـەردەم شـەیتاندا دەست بەریت بۆ قورئان، بەهەشت بەجەهەننەم بدوێنیت، قسەی خۆشت تورەبـوون بێـت لەمانگ و دەستکردە پاکەکانی ئیلاهـی، نـازانم لـەخۆڕا ئـەو شـارە بـۆ تێکـچوو خودایـە؟ ئەوشـەقامە پاکانـەی وەك دەڵـێن مێـشولەشیان لەسـەر دەخـزا، بـوو بـوون بـەکانگای جانەوەری نەبینراو، ئاوی لیخن و سەرخۆشـکەر کەهەرکەسـێك بەوێـدا تێپەڕیبایـە کتـوپڕ لەشوێنی خۆی دەکەوت و دەبوو بەجانەوەرێکی سـەیر، مـن ئـەو ڕۆژە تێگەیـشتم دەبـوو ئەو چایچییە ون نەکـەم، دەبـوو دەرگـا بـەدەرگاو شـار بەشـار هـەنگاوەکانی رامکێـشنە مەرقەدە تاریکەکانییەوە، برۆمە سەر دەریاکان و بۆشەکانەوەی ئەو بگریم لەڕۆحی کلۆڵی خۆمدا، دەبوو ببم بەناخودایەکی ئەبەدی و لەسـەر شـەپۆلەکانی ئـاو بنـووم، دەبـوو وەك ئەسترۆنوتێکی پیر برۆمە سەر ئەستێرە دوورەکان و وجودی ئەو بەئاسمانەکانـدا بگێـڕم، دەبوو دەبـوو دەبـوو... وەلـێ ئـەو لەبـەردەم پێڵاوەکانمـدا وەسـتابوو، وەك نوسـەرێکی بەئەزموون خۆی بەلای نادیاردا وەرچەرخێنێت پێچی بەسەریدەکردەوەو دەیخـستە سـەر رووی من، دەمزانی دەیەوێت شتێك یان نهێنییەکی قوڵم پێبڵێت و بڕوات، بەڵام نەیـدەوێرا زیادەڕۆیی بکات. خواستی بوو زوترین کات هەڵبژێرێت بۆئەوەی دەربارەی نامەکـە چـەند قسەیەك بکات، بەڵام دواجار کەزانی بێتاقەتی وەك هەتاو بەنێو چاوانمەوە دەبینرێت پێی وتم: تکایە بەرلەوەی هەواڵی من بەریتەوە بۆخۆت، ئاگاداربە، من تائێستاو تا ئەم ئێـوارە غەمگینەی لەتەك تۆدا خـەریکی ئـاڵوگۆڕکردنی تـەنهایم، بەشـوێن پێناسـەیەکی ئەبەدیـدا کـەتۆم لەلابکاتـەوە بەئینـسان، هـەزاران فرسـەخ لـەوجودی خـۆم دوور کەوتومەتـەوە، هەزاران میل لەودیوی بونییەتی خۆمەوە تەماشای غەمگینییەکانی تۆم کردووە و بـەهاوار گریـاوم. لەهەرجێیەکـدا زانیبێـتم ئینـسانییەتی تـۆ کـەوتۆتـە مەترسـییەوە رام کردۆتـە دەرەوەی چـاخانەکەم و بـەدەنگێك کـەخودا لـەودیو نیـشتیمانی حەوتـەمی خۆیـەوە دەیبیـستێت دوعـام بـۆ کردویـت وەکـو شـێت، بەکۆڵانەکانـدا رامکـردوەو وەك شـیعاری پێغەمبەرێکی بێدۆسـت و تـەنها قـەدەری تـۆم بەدەسـتەکانمەوە گرتـووە، تـۆ نـازانی ئـەو

شەوانەی باران وەك فیشەك دەباری چەند غەمگین لەژێر دارتـووە قورسـەکاندا کسکۆڵەم دەکـرد و بـونی تـۆم لێکدەدایـەوە، وەکـو چـۆن منـداڵێك قـازانجی هەڵماتـەکانی خـۆی بەدەستێکی قوڕاوی دەژمێرێت، ڕۆژەکانی تەمەنتم بەدەست و پێم ئەژمارد، دڵی مـن، تـۆ ئەو کاتانە بیست ساڵ بویت بۆنی ئەو ڕۆژانەت لێدەهات بەبووکی تەماشای من دەکـەیت، ئەو ڕۆژانەی لەماشێنێکی سوور سووردا بەلای ماڵەکەی ئێمـەدا تێدەپـەڕی و وەك ئـەوەی نازداری خۆت نیشانی گوڵەکانی دەستت بدەیت، چاوێك بەلای ڕاست و چەپتدا دەگێڕی و بزەیەك دەتگرێت، گوایە هەستدەکەی کەسێك هەیە خۆشەویستیت بـاتیّ، ئـازیزی شـیرین ئەگەر لێم قبـوولّ بکـەی مـن تەمەنێکـە دژواری ڕۆژەکـانی خـۆم بەبەختەوەرییـەکانی تـۆ دەپێوم، ناڵەی خۆم بەقاقاکانت لێکدەدەمەوە، کەپێم وایە لەوکاتانـەدا هاوسـەنگین. زۆر جـار ئـارەزووی ئـەوەم کـردووە بەهەرشـێوازێك بێـت بـوونی تـۆ لـەخۆما بکـوژم. چـونکە هەردووکمان ئـارام دەبـووین، بـەڵام ببـوورە، مـن نـاتوانم لـەم دێڕانـە زیـاتر بڵـێم. ئەگـەر دەتەوێت من لەنزیکەوە بناسی ئەو نامەیە، ئەو نامەیە هـەموو شـتێکی منـە بـۆ تـۆ. ئـەو نامەیە پێت دەڵێت کاری من لەلای تۆ وەك پیاوێکی شەرمندە جگە لەکۆتاییەکی غـەمگین هیچی دیکە نییە. تکایە، تکایە ئەونامەیە بکەوە جانتاکەت با باران نەیـشێوێنێت. لێـرەدا تێر وەستا. وامزانی ئەبەدییەت لەوێدا کەوتووە، هەستمکرد بەدەر لەسـیمای ژاکـاوی مـن کەباران لێی دەداو دڵۆپـەی ئاو لەسەری ڕێچکەی بەستبوو هیـچی دیکـەی نـەدەبینی. لـەو کاتـەدا ئەگـەر هەسـتەوەریم خیانـەتم لێنـەکات هـیچ شـتێك نـەگۆڕا، تەنانـەت بـارانیش بەئاسایی دەیکێشا بەسەقفی ماشێنە ڕابردەکاندا. نەسیم بەسادەیی باوەشـێنی درەختـە سەوزەکانی دەکرد. من کتوپڕ وەك دەسـتێك لـەخوداوە بێـت، شـتێك لەدوامـەوە تەقـەی هـات! بـەدەم ئـاوڕێکی خێـراوە کەهەسـتمکرد لەچـەند چـرکەیەکی کەمـدا هـیچ دەنگێـك لەهەوادا نەما، هیچ باڵندەیەك فڕینی خۆی لـەو سـاتەدا تـاقی نـەکردەوە، هـیچ ماشـێنێك لەترافیکە سەوزەکان نەپەڕییەوە، هیچ ڕێبوارێك ڕانەبورد. دەبوو لەو چرکە کەمەدا ژیان لەڕوتی خۆی وەستابێت؟! بێدەنگییەکی ترسناك بیرکردنەوەی منی جوڵان! ناخۆشـترین شت ئەوەیە، بێدەنگی لەبێدەنگیتا داگیرسێت. من دەبوو لەو دیمەنەدا شێتت ببم. ئـاخر کـە ئێـستاش دەیهێنمـەوە بەرچـاوی خـۆم دەمـم وەك گـۆڕ دەکرێتـەوە و زمـانم وەك تانجییەکی بیمار لەخاوەنەکەی هەڵبێت دێتە دەریّ. من بینیم ئەو بوو بەو خوایە بەسەری داپـیرەم ئـەو بـوو، لەسـەر جادەکـە بەچـەند پیاوێك خـەریکی هەسـتانەوەی بـوون، ئـەو دەکەوت و هەڵیان دەستانەوە، دەکـەوت و وەك سـێوێك لـەخودا بەربووبێتـەوە دەیکێـشا

بەسینەی جادەکانا. چی دیمەنێك؟! لەئاخرین کەوتنیا کەهیچ کەسێك نەیدەتوانی هەڵیسێنێ و لەجادەکەی لابات، ئاخرین رامان و بریندداربوون و گریان، ئاخرین خەسارەت، ئاخرین نەیزەك، کە بەتەنهایی مندا کشابێت، ماشێنێك لەسەر خێراییەکی لاسەنگ خێراییەك مردنی لێوە دەبینرا، هات. نزیك تر، نزیکتر. وای!! جەستەی ئەو چایچییەی شێلا. خوایە ئەوپیاوە ماندووەی پێم وابوو ئەمیری ماندووەکانی دونیایە، لەسەر جادەکە بێ پەلەقاژەیەکی ترسناك، بێهێمایەك کە مردن لەناشرینی خۆیدا غەرق کات. لای راستی کەوتە سەر قەراغی جادەکە. خودایە سەری وەك مانگێکی هیلالی کەوتە سەر شانێکی، هەردوو قاچی لەژێر خۆیا جێمابوون. خودایە ئەوخوێنەی لەسەر سینەیەوە بەرەو لای من دەهات، ئەو دڵۆپە ماندووانەی رێچکەیان بۆلای من بەستبوو، هەستم دەکرد هاوار دەکەن، نامەکە، نامەکە.

دواهاوار خۆی بوو کەبەردەوام گوڕی بەو حەشاماتە زۆرە دەداو لەهەوادا بانگی دەکردم نننننن ااااااااا مممم ەەەەە ککککك ەەەە،

ننننن اااا مممم ەەەە ککککك ەەەە،

بببب خخخخخ وووو ێێێێ ننننن ەەەە وووو ەەەە.

ببوورن تەنها شتێك لەنامەکەیا نوسرابوو بەدەر لەڕستەیەکی وێران کە خوداشی بەسەر سامی دەخستەسەر گریان هیچی دیکە نەبوو.

ئەونامەیەی دڵنیام ژیانی منی بەو شێوەیە کوشت کە ئێستا ئاوارەترین ئافرەتی دونیام کە خۆم ناسیبێتم.

من بەردەوام لەودێڕە دەترسام بەداخەوە ناچارم لەم حیکایەتەدا کە سەرەتاو کۆتاییەکەی یەك شتە پێتان بڵێم کە ئەو نامایە، نامەیەکی جێماوی باپیرەم بوو بۆمن، کە لەمنداڵیدا بۆی نووسیبووم و بەیەکێك لەهاوڕێکانی خۆیدا پاش مردنی گەشتبووە دەستی ئەو چایچییە ماندووە. لەنامەکەدا نوسرابوو:

بەچکەی خۆم: ببوورە ئینسان خاوەنی کارەساتە گەورەکانە

بەداخەوە چایچییەکە دەمرێت!..



**رۆمان يارييەكە جياواز لەهەموو يارييەكانی دنيا ................ حەمە كاكەڕەش**

# ديدار



**گفتوگۆيەک لەسەر شيعرو رەخنە**
**ئيدريس عەلی**

دیدار لەگەڵ هیوا قادر

# رۆمان یارییەکە جیاواز لەهەموو یارییەکانی دنیا، بەڵام قورسترین و پڕ لەزەتترین یاری



دیداری: حەمە کاکەڕەش

حەمە کاکەڕەش: تۆ سەرەتا بەشیعر دەستت پێکردوو دواتر هاتیتە سەر رۆمان. دوای رۆمانیش نووسینەوەی کتێبی (سەفەرنامە) کە دەکرێت ناوی کتێبی (یادەوەرییەکانی) لێبنێین، دواتر بەهاوکاری خاتوو (سەحەر رەسایی). کتێبی نامەکانتان چاپکرد لەژێر ناوی (بۆنی شەراب لەهەناسەم دێت) کە ئەم کتێبە رچەشکاندن بوو کە ناکرێت هەر وەك نامە ئاساییەکان بخوێندرێتەوە، هەروەها هەندێك هەوڵدانیشتان هەیە لەگەڵ هونەری فۆتۆگرافدا.

دەمەوێت ئەوە بڵێم ئایە ئەم هاتن وچوون و گەڕان و گۆڕین و لەدەرگادانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دونیای شیعر یان ئاسمان و پانتایی شیعر جێگای خەون و بینین و خەیاڵەکانی تۆ ی تێدانابێتەوە، یان خەمی رۆشنبیری وات لێدەکات هەر لەوێستگەی شیعردا نەمێنیتەوە و دەست بۆ ژانرەکانی تر بەریت.

وەك ئاگاداریشم لەدوالاپەڕەکانی ڕۆمانەکەتدا کاردەکەیت دەکرێت پێم بڵێیت کەی تەواو دەبێت و ناوی ڕۆمانەکەت چییەو هەندێك قسە دەربارەی بکەیت.

هیوا قادر: سەرەتا شیعر بۆ من تەنها باوەشی یەکەم بوو بەیۆتۆپیادا، بەدنیایەکدا کە پڕ بوو لەخەون و تەمەننا، دیارە ئەو دنیایە زۆر لەمنەوە نزیکە و بەهۆشیارییەکەوە خۆشمدەوێت کە هەمیشە لەگۆڕان و ئەزمونکاریدایە. بەرداوام بەدڵ دەمەوێت شاعیربم، چونکە ئەو سیحرەی لەشاعیربووندا هەیە هەم لەنزیکیت لەزمان و خەیاڵ و بەفەنتازیاکردنی دنیاوە لەیەك سات و لەهەموو ساتێکدا، لەکایە جیاوازەکانی تری ئەدەبدا کەم دەبینرێت. بەدەر لەو لەزەتانەی تری نووسین کە لەڕۆماندا هەیە لەکاتی هەستکردن بەوەی کە دەتوانیت دنیایەکی تر دروستبکەیت بۆ کێبەرکێکردنی ئەم دنیایەی کە تیایدا دەژین. ئەمەش بۆ خۆی لەزەتێکی هێندە گەورەم دەداتێ کە ناتوانم بەهیچ لەزەتێکی تری بگۆڕمەوە.

بەردەوامی نزیکبوونیشم لەدنیای شیعر پەیاپەی لەزەتێکم پێدەبەخشێت کە هەست دەکەم هەمیشە گەنجم و لەزەت لەجوانکردنی ناشیرینییەکانی دنیا دەبینم بەهۆی شیعرەوە. ئەو کاتانەشی کە ماوەیەکی زەمەنی زۆر تێدەپەڕێت و من شیعری تێدا نانووسم، هەست بەبەتاڵی و ترسی نزیکبوونەوە و تاقەتچوونم دەکەم لەنووسین، ئەگەر بێت و لەهەمان کاتیشدا چەندەها بەرهەمی تر لەناو کایەکانی تردا بنووسم. تا ئێستاش تەنها شیعرە وا لەمن دەکات وەك هیوا قادر هەست بەمانەوە بکەم. من ناڵێم ئەو کەسەی جارێك شاعیربوو هەمیشە شاعیرە، بەڵام ئەو کەسەی توانی هەمیشە عاشقبێت ئەوا هەمیشە شاعیرە. بۆیە من هەست دەکەم هەمیشە شاعیرم، خۆت دەزانی هەموو سەرەتای نووسین و دەستپێکردنێك بەشیعر هەڵگری جۆرێك لەخامکاریی و ڕۆمانسییەتە، پێموابێت هەموو نووسەرێك جۆرێك لەو ئەزموونەی هەیە، بەڵام دواتر شیعر پێدەنێتە ناو دنیا راستەقینەکەی خۆی کە ئەویش زمان و مەعریفەیە، بۆیە ئەو دنیایە هێندە فراوانە جێگای دۆزینەوەی هەموو نهێنییە گەورەکانی ئینسانی تێدادەبێتەوە. بەڵام دواتر کە تەماحەکانی نووسەر لەگەڵ فراوانبوونی ئەزموونەکانیدا گەورە دەبێت بۆ داگیرکردنی دنیا و گەڕان بەدوای نهێنییەکانی ئینساندا لەوێوە ئیدی شیعر دەبێە ناوکێك بۆ دروستکردنی

بەرهەمی تر، بەڵام هەر کایە و بەکەرەستەی تایبەتی خۆی. بۆ نموونە وەك نووسینی رۆمان.

لێت ناشارمەوە لەهۆشیاریمدا تەمەنایەك هەیە کە دەمەوێت ببم بەرۆماننووس، چونکە ئەو لەزەتی نووسینەی لەرۆماندا هەستیپێدەکەم لە هیچ ئەزموونی نووسینێکی تردا هەستم پێنەکردووە. تۆ بەهۆی رۆمانەوە زۆر نزیکتر دەبیتەوە لە خۆت، ئینسان ئەو کائینەی کە لەسیستەمی کەون ئاڵۆزترە، لەرێی رۆمانەوە نزیك دەبیتەوە لەتوێکاریکردنی جەوهەری ژیان و ئەو پرسیارانەی کە تا ئینسان بمێنێت دەبێت بەدوایاندا بگەرێت. رۆمان یارییەکە جیاواز لەهەموو یارییەکانی دنیا، بەڵام قورسترین و پر لەزەت ترین یاری.

هەست دەکەم رۆمانووسین قۆناغی گەورەبوون و تێگەیشتن و خوێندنەوەی هەمەلایەنەی نووسەرە بۆ ئینسان و دنیا، ئەوەشی تا ئێستا وایلێکردووم کە نەتوانم هەمیشە خۆم بەرۆماننووس بزانم ئەوەیە کە من تا ئێستاش وەك شاعیرێك رۆمان دەنووسم، وەك شاعیرێك خەیاڵ مەجبوورم دەکات بۆ نووسین، نەك من خەیاڵ مەجبووربکەم بۆ نووسین، واتا من رۆژانە ناتوانم دابنیشم و بنووسم، هۆی هەرە سەرەکی ئەم کێشەیەش ئەوەیە کە شێوەی گوزەرانی ئەوروپا رێم پێنادات وا بژیم، دەنا دەمەوێت وا بژیم، تەمانەی من ئەوەیە ئەو رۆژە زووبێت و بتوانم وەك نووسەر بژیم و رۆژانە بنووسم بەبێ خەمی بیرکردنەوە لەگوزەرانی ژیان.

من پێش ئەوەی کوردستان لەکۆتایی ساڵی ١٩٩١ دا بەجێبهێڵم، یەك دوو بەشی سکێچێکی پچکۆلەی رۆمانێکی شەرمنۆکم لەگەڵ خۆم هێنابوو، لەکاتی مانەوەم لەکەمپ دەستمکرد بەنووسینەوەی هەندێك بەشی و دواتر وازم لێهێناو لە١٩٩٦دا تەواوم کرد کە ئەویش رۆمانی (ئاوێنە سەرابییەکان) بوو، من دەزانم ئەو هەوڵەم زۆر شەرمنۆك و خاکەرایی بوو، بەڵام بەدیوێکی تردا خستمییە سەر بیرکردنەوەیەك کە ئەویش ئەوە بوو، بۆ رۆمان؟!

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر تێگەیشتم ئەوەی وای لەمن کرد سەرەتا بێ ترس رۆمان بنووسم، هۆی گەرانم بوو بەدوای خۆمدا، من عەزابەکانی مەنفا فێریانکردم بەدوای خۆمدا بگەرێم، حەکایەتی خۆم بگێرمەوە بۆ ئەوەی پیشانی بدەم منیش هەم و نامەوێت ونبم، منیش حەکایەتێکم هەیە و داوای ئەوە دەکەم گوێم بۆ بگیرێت. ترسی خۆ نەناسین و

لەرزۆکی شوناسی خۆم وەك کوردێك لەمەنفادا وای لێکردم بیر لەنووسینی رۆمان بکەمەوە. رۆمان تەنها دەروازە بوو بۆ منی پەناهەندە و دەرکراو کە بتوانم جاریکی تر بچمەوە ژووریٚ بۆ ناو دنیا، پێشموایە هەر داهێنانی رۆمان لەلایەن ئینسانەوە ئەو پاشخانە مێژوویی و رۆشنبیرییەی لەپشتەوەیە کە دەیەوێت بەهۆیەوە جارێکی تر بێتەوە ناو ژیان و حورمەت ببەخشێتەوە بەئینسان بەڵام لەدەرەوەی حەکایەتەکانی دین و ئایدۆلۆژیاکانەوە. بۆیە کە ئێستا من بیر لەو خترانەی سەرەتای خۆم دەکەمەوە کە پاڵپشتێکی سەرەتایی بوون بۆ من کە رۆمان بنووسم، بەخۆم دەڵێم گەر من لەمەنفا نەژیامایە رەنگبوو رۆمان و سەفەرنامەم نەنووسیایە، گەر ئاوردانەوە لەو ترسی بەجێهێشتنانەی نیشتمان نەبوایە رەنگبوو رۆمانم ئاوا بەو شێوەیە خۆشنەویستایە.

دیارە دواتریش ئەزموونی (سەفەرنامە) وەك کتێبێك هەوڵدانێك بوو بۆ خۆرزگارکردن لەو یادەوەریانەی کە نەیاندەهێشت پێم لەسەر ئەرزی مەنفا وەك خۆی دابنێم، دوای نووسینی ئەو کتێبە بەیەکجاری باوەرِم بەمەنفی بوونی خۆم هێنا. هەروەها دوای بڵاوکردنەوەی نامەکانی من و (سەحەر رەسایی)ش لەکتێبی (بۆنی شەراب لەهەناسەم دێت)، چوونە ناو کایەیەکی تر بوو بۆ من کە ئەویش کایەی ئەدەبی نامەیە، ئەوەی وای لێکردم هەم سەفەرنامە بنووسم و هەم لەگەڵ سەحەردا بیر لەبڵاوبوونەوەی نامەکانی خۆمان بکەینەوە، نەبوونی ئەو دوو کایە ئەدەبییە بوو بەشێوەیەکی دیار و دەوڵەمەند لەئەدەبی کوردیدا. دیارە ئەو سێ ئەزموونە پاڵپشتێکی گەوەبوون جیا لەئەزموونی شیعریم کە توانیم ئەم رۆمانە نوێیە بنووسم.

دیارە من لێرەدا نامەوێت باس لەرۆمانە نوێکەم (منالێك لەسەر مانگە) بکەم و لەچەند دێرێکدا کورتی بکەمەوە، چونکە کورتکردنەوەی رۆمان وەك رانانێك لەچەند دێرێکدا وەك کورتکردنەوەی ئینسان و دنیا وایە لەچەند دێرێکدا کە ئەمەش دیارە مەحاڵەو ناکرێت، گەر ئەم کورتکردنەوەیە هەروا ئاسانبوایە ئەوا پێش هەر شت ئەدەب بوونی نەدەما. پێشموایە هەر لەسەرەتاوە ئەوەی ئەم هونەری رانانەی داهێناوە بازارِە، ئەوە بازارِە وادەکات تەشویق دروستبکات بۆ فرۆشتنی رۆمانێك لای خوێنەران بەکورتکردنەوەی لەچەند دێرێکدا. من دەتوانم لێرەدا هەر ئەوەندە بڵێم کە ئەم رۆمانە رۆمانی گەرِان و پشکنینە، رۆمانی ئەو جۆرە رێکەوتانەیە کە سەرلەبەری ژیانی ئینسان دەگۆرِن،

هـەروەها دیـسانەوە بەکارهێنانــەوە و ژیانــەوەی هــەموو ئــەو دەســتەواژە شــیعریانەی شیعرەکانی نالی و مەحوییە لـەناو خـەیاڵ و بیرکردنـەوەکانی پاڵـەوانی ڕۆمانەکـەدا، ئـەم ڕۆمانە ٢٢ بەشەو ٢٢٥ لاپەڕەیە. لەچاپخانەی چوارچـرا لەسلێمانی چـاپدەکرێت. بڕیـارە لەیەکی مانگی نۆی ئەمساڵدا ٢٠٠٧ بکەوێتە بازاڕەوە.

هەروەها ئەوەشی کە وای لەمن کرد لەهونەری فۆتـۆگراف نزیکبمـەوە ئـەو کوبینییـەی خۆم بوو بـۆ فێربـوون و دۆزینـەوەی دنیـای تـر و گـەڕان بـەدوای جوانییەکانـدا، هونـەری فۆتۆگراف بۆ من چاوێکی ترە بۆ بینینی دنیا بەبێ تێکست، کـە لەڕاسـتیدا تێربـوونی مـن لەبینینی و دۆزینەوەی شتەکان و جوانییـەکان لـەڕێگای چـاوەوە زۆر شـتی فێرکـردم کـە پێشتر لەڕێگای ئەدەبیاتەوە فێری نەبووبووم. ئێستا ئەوەندە ئەو هونـەرەم خۆشـدەوێت زۆرینەی کات لەپیاسەکانمدا کامێراکەم پێیە، فۆتۆگرتن بۆ من هـیچ جیاوازییـەکی لەگـەڵ شیعرنووسیندا نییە، هەمان لەزەت دەبەم لەدۆزینەوە و ڕاوکردنی تاریکی و ڕووناکی وەك نووسینی ئەو وێنە شیعریانەی کە دیسانەوە لای خۆمەوە دنیایان پێدروستدەکەمەوە.

ئەم گەڕانانەی من لەناو ئەو کایە ئەدەبیانـەی تریـشدا بـۆ نموونـە تەنانـەت نووسـینی چیرۆکی منداڵان و شانۆنامە و وتار و وەرگێڕان دا، هەر هۆی ئەوەیە کە دەمەوێت دەستم بگات بەهەموو ئەو نهێنیانەی کە هەست دەکەم وەڵامی بەشێك لەو پرسیارانەی تێدایە کە هەم دەیان دۆزمەوە و هەم دروستیشیان دەکەم.

کەم نووسەری دنیا هەیە لەم چـەرخە ترسـناك و خێراڕەوتـەی کـە ئێـستا ئێمـەی تیـا دەژین بتوانێت ڕازیبێـت بەتـەنها کـارکردنی لـەناو کایەیـەکی ئەدەبیـدا، تـا دنیـا و ژیـان ئاڵۆزتربێت، تا جوانی واز لەیەك مانایی خۆی بهێنێـت و بـەش بەشـبێت بەسـەر کۆمـەڵێك مانای جیاوازدا، تا ئەگەرەکانی فەوتاندن و قڕکردنـی ئینـسان زیاتربێـت، تـا ڕووداوەکـان خێراتێبپـەڕن و گۆڕانکارییـەکان خێـرا بـێن و بـڕۆن، نووسـەر پێویـستی بـەکارکردنی هەمەلایەنە و کایەی تازە هەیە بۆ ئەوەی فریابکـەوێت بـاس لـەو هـەموو دیـوە جیاوازانـە بەچەندەها کایەی جیاواز بکات.

پێموایە ئەوەی کە وای لەشاعیرانی سەردەمانی پێشوو دەکرد تەنها شاعیربن سادەیی ژیان بوو، سادەیی دۆزینەوەی جوانی بوو، مادام ژیان ئاڵۆزە و پـڕە لەپەرێشانی، مـادام ماناکانی تێگەیـشتن لەشـیعر و داواکـاری لەشـیعر هەمیـشە لەگۆڕاندایـە، کەواتـە بەتـەنها

شیعر فریای ئەو هەموو گوزارشتکردنە ناکەوێت لەناو ئەم هەموو پەرێشان بوونانەی ئینساندا. تا نووسەریش ئاستی تێگەیشتن و مەعریفەی زیاتر و دەوڵەمەندتر بێت و دەستی بگاتە سەرچاوە جیاوازەکانی خۆرۆشنبیرکردن، ئەوا ئەگەری کایەکان بۆ گوزارشتکردن لەخۆیی و لەدنیا بەرەو زیادبوون دەچن. تا سەرچاوەکانی رۆشنبیری نووسەر زۆرتربن، گوزارشتەکانی پەلکێشتر و پەلوپۆدارتر دەبن.

من پێموایە لەئێستادا هەر کوردبوون بەسە بۆ ئەوەی گەر تۆ شاعیربوویت تەنها بەشیعر رازینەبیت، ئەم هەموو رووداو و نەهامەتیانە دێن و دەچن پێویستیان بەقسە لەسەرکردن و خوێندنەوەی جیاواز هەیە، تۆ لەکۆمەڵگەیەکدا دەژیت سەرتاپای لەناو کێشەدا غەرقە و پێویستی بەقسە لەسەرکردنە، کۆمەڵگەیەکە کە هەموو ئەو مانا لەرۆژکانەی لەسەری وەستاوە پێویستیان بەدەستکاریکردن و گۆڕانە، هەر لەمانای کوردبوون خۆیەوە تا ماناکانی نیشتمان و شۆڕشگێڕیی و پیاوبوون و جوانی و ناشیرینی. ئیدی چۆن تۆ وەك شاعیرێك رازیدەبیت تەنها شیعری خۆت بنووسیت و بێدەنگ بیت، ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ من کە تەنها هەر شیعر نەنووسم، بەڵکە لەهەموو ئەو کایانەدا کاربکەم کە هەست دەکەم دەتوانم تێیاندا بیربکەمەوە و بنووسم.

پێموایە رازیبوونی شاعیر تەنها بەشیعر نووسین دەگەڕێتەوە بۆ نەگۆڕانی ماناکانی شیعری و ئەو تەعریفە نەگۆڕەی کە بۆ شیعر هەیەتی، هەروەها هەر شیعر نووسین و مانەوەت وەك شاعیر لەئاستێکی لۆکاڵی کوردیدا هونەرێکی هێندە ئاڵۆز و گەورە نییە کە لەئیستادا هێندە جێی شانازیبێت و دڵت بەو کێبەرکێیە خۆشبێت کە هەیە. شیعر بەشێکە لەئاڵۆزییەکانی پێکهاتەی خەیاڵی ئینسان نەك هەمووی، بەڵام هەموو دیوە جیاوازەکان و شێوازەکانی تری گوزارشتکردن و گەڕان بەدوایاندا کۆی ئاڵۆزییەکانی ئینسان پێکدێنن.

# گفتوگۆیەک لەسەر شیعرو رەخنە

## کەمال ئەمینی: نەبوونی رەخنە خەسارەتێکی گەورەیە

ئامادەکردنی: ئیدریس عەلی



کەمالی ئەمینی دەنگێکی تازەو شێوازێکی نوێی شیعری کوردییە لەکوردستانی ئێران، لەم دواییانەدا کتێبێکی شیعری بەناوی (قالآو) بلاوکردەوە، خوێنەر لەخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم کتێبەی کەمال-دا تووشی جۆرێك لەشۆك دەبێت، بەو مانایەی ئیتر خوێنەر ئاوێزان بەشێوازێکی تر لەخوێندنەوەو جۆرە زمانێکی ترو کەشێکی هونەری و ئیستاتیکیی جیاواز دەبێت، لەڕێگەی ئیمەیلەوە توانیمان ئەم چەند پرسیارەی ئاراستەبکەین:

*ئێوە شێوازێکی ترتان لەزمان و فەزای شیعری و دەربڕین و مانا هێنایە ناو شیعری تازەی کوردییەوەو سەرباری دنیابینی جیاواز لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوی سیستمی زمانەوانیدا کار دەکەن، ئایا پێشوەخت بڕیارێکی هاوشێوە لەلایەن ئێوەوە هەبووە بۆ بڕیاردان لەسەر تێکشکاندنی فۆرمی شیعری باوی نەوەکانی بەر لەخۆتان؟

-لەچاو شیعری کوردییەوە راستە دنیابینی و شێوازێکی جیاوازی دەبڕین و داڕشتن لەشیعرەکانی مندا خۆی دەنوێنێت، بەلام لەگەڵ ئەوەدا نیم لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوی سیستمی زماندا بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە من بۆ خۆم قایل نیم بەدیاریکردنی چوارچێوە بۆ شیعر بەو شێوەیەی پێشتر چوارچێوەیەکم بۆ زمان دانابێت یاخود پێشوەخت لەسەر چۆن نووسینی شیعر بڕیارم دابێت. راستە پرۆسەی کەڵکەڵەی شیعری

هاوكات لەگەڵ تازەگەريدا لەقـەوارەی هەنـدێك تـەكنيك و تەمهيـدی تايبـەت و بگـۆڕ بـەو مانايە كە هەركام و لەهەر شۆينێكدا دەتوانن كاركردو بۆچوونی جياواز لـەخۆ نيـشانبدەن پێشوەخت لەزەينی مندا پرۆسە دەكرێن.

دیارە هەر كـام لـەو تەمهيـدو تەكنيكانـە مەبەسـتێك و عـەقڵێك و روانينيكـی تايبـەتی فيكـری يـان زمـانی لەپـشتەوەيە، پاشـان هاتوونەتــە نـاو كايـەی زمـانی شـيعرەوە لەهەمانكاتدا دەروونيكردنەوەی ئەوانە بەڕاستی پێويستە، چونكە ئەگەر وا نـەبێت شـيعر بەرەو دەستكرديبوون دەچێت و لايەنـە شـيعرييەكەی تووشـی كێشەو خەسـار دەبێـت و دادەبەزێت.

هەربەم بۆنەيەوە، ئەگەر ئاوڕێك لەدەقە شـيعرييەكانی ئـەو كتێبـە بدەنـەوە دەبيـنين كەسيستمی زمانی و چۆن داڕشتنی هەر كام لەو شيعرانە سـەرەڕای هاوبەشـی لەهەنـدێك رەهەندا، هاوكات كۆمەڵێك جياوازيی بەرچاويان پێوەديارە، ئەمەش ئەوە دەگـەينێت كـە من قەناعەتم بەتاكزمانبوونی شاعير نييـە بـەو مانايـەی كـە هـەر شـاعيرێك دەبێـت زمـانی تايبەت بەخۆی هەبێت و ئەو جۆرە سيستمە بـەو شـاعيرەوە ناسـرابێت، چـونكە پێموايـە لەگەڵ رەوتی گۆڕانی ئەمری واقيع زمانيش لەشيعردا دەبێت بگۆردرێـت راسـتييەكەی مـن پێمـسەيرە كـە هەنـدێك شـاعير لـەرەوتی شـيعری خۆيانـدا بـۆ هـەر فەزايـەكی مانـايی و دەلالەتی بەيەك سيستمی زمانی ئيشدەكەن، ئەمە بەلای منـەوە هەڵەيـەكی زۆر گەورەيـە كە دەبێتە هۆی نا ئەمنەوی زمان و ئەزموونی ژيانكراو.

من باوەڕم بەبگۆڕبوونی زمان هەيە لەبەرامبەر ئـەزموونی جيـاوازو دەلالـەتی جيـاوازو گوتاری جياوازو... بۆ نموونە چۆن دەكرێت زمانی حەماس و عاتيفـەو سياسـەت و مـەرگ و... وەك يەكبن و يەكجۆر داڕشتنيان هەبێت؟، ئـيتر ئـەو جـۆرە سيـستمە كـە بـەردەوام كاری لەسەر دەكرێت زەرفييەتەكانی لێوڕێژ دەبن و نابێت چاوەڕێی تازەگـەريی لێبكـەين ئەو جۆرە شيعرە لەيەك شوێندا دەمێنێتـەوە داهێنـانی پێناكرێت، بـەڵكو هەرچـی هەيـە داهێنانەوەيەو خۆدووبارەكردنەوە، راهاتن بەيەك سيستمی زمانی دواجـار تـەنيا شـانازيی تايبەتبوونی بۆ دەمێنێتەوە، كە بڵێن ئەم زمانە زمانی فـلان شـاعيرەو... رەنگـە لای زۆر كەس ئەم تايبەتبوونە بەشانازيی و ئيمتياز لەقەڵەم بدرێت، بەڵام من بەكێشەو خەسـاری

دەناسم. ئاخۆ چۆن دەکرێت بەیەك سیستمی زمانی و چەند تەکنیك و تەمهیدێکی زۆر دوبارە کراو لەنیگایەکی تازەوە تەعبیری واقیع بکەین؟ ئەو واقیعە کە تۆی شاعیر هەوڵی لەتێکدان و سەر لەنۆی دروستکردنەوەی ئەوە دەدەیت و پاشان بەشێوەیەکی جوانی ناسانە دەیگوازیتەوە بۆ نا و زمان واقعێکی تاك رەهەند و یەك لایەنە نییە، واقیعێکی ساکار و بەردەست نییە، تەنیا یەك گوتار و یەك مەعریفە و یەك جۆرە روانین تێیدا حاکم نییە، بەڵکو واقیعێکی بەتەواو مانا ئاڵۆزە و پڕ لەقەیرانی جۆراوجۆر و ئەندیشە و ئینسان و شتوومەکی جۆراوجۆر، لێرەیە کە شیعر بۆهەر ئەزموونێك زمانی جیاواز و تەمهیداتی جیاوازو تایبەت بەخۆی دەوێت. چۆن دەکرێت شیعرێك کە باس لەئەنفال دەکات بەهەمان زمان فەزا بۆ دڵداری ساز بدات؟ ئەنفال زمانێکی ئەنفالکراوی دەوێت، زمانێك کە ئەزموونی خۆی لەئەزموونی ئەنفالەوە نزیك بکاتەوە، ئەگەرچی وەها شتێك لەدایرەی مومکیندا ناگونجێت، بەڵام بەپێی ئەزموونی ژیانکراوی شاعیر و لێهاتوییەکانی دەبێت ئەو زمانە لەو ئەزموونە نزیك بکاتەوە.

لێرەوە ئەگەر بچمە سەر پرسیارەکەتان دەڵێم.

دیارە من یەکەم و تەنیا کەس نیم کە لەم بوارەدا و بەم شێوازە ئیشدەکەم، پێش من و دوای من شاعیرانێکی تر هەن کە وەها هەوڵێك بەکارەکانیانەوە دیارە و هەوڵیان داوە کە فەزایەکی جیاوازیی شیعریی چ لەڕووی رەهەندی زەینییەوە چ رەهەندە بابەتییەکەی بەنسبەت فەزای شیعری کوردییەوە بخولقێنن، لەوانە رەزا عەلی پوور وەك یەکەم کەس کتێبی لەچاپداوە و وەکو شاعیرێکی نوێخوازیش زۆر کاریگەر بووە لەسەر ئەم فەزا شیعرییە، کە بۆ خۆم ناتوانم نکۆڵی لەبالایی شیعرەکانی بکەم.

لەڕاستیدا هەڵوێستی من وەکو شاعیرێك بەرانبەر بەفەزای شیعری کوردی لەسەرەتاوە هەوڵدانە بۆ تێکشاندنی فەزایەکی شیعری کە دەیەوێت ببێتە گوتاری زاڵ، بەمانایەکی تر خەریکی دروستکردنی ستانداردێکە بۆ شیعر بەو واتایە کە هەموو شاعیرێك دواتر بکەونە ژێر رکێفی پێوەر و پێوانەکانی ئەو فەزایەو ئیتر لێرەویە کە رەوتی شیعر پرۆسەی گۆڕان تێناپەڕێنێت و لەشوێنێکدا دەوستێت و لەباتی تازەگەریی و کەشفی تازە تووشی وەستان و خۆ دووبارە کردنەوە دەبێت. پاشان هیچ نەبێت قەناعەت کردن بەوە کە زمانی

کوردی ئەوەندە پوتانسییەلی هەیە کە کاری تازەی پێبکرێت و شیعر وەکو ژانەرێکی ئەدەبی بتوانێت خۆی لەگۆشەیەکی تری زماندا بدۆزێتەوە، قەناعەتێکی حاشا هەڵنەگرەو یارمەتی ئازاد کردن و کەشفکردنی لایەنە شاردراوەکانی زمان دەدات.

لەلایەکی ترەوە من وەکو گەنجێکی ئەم سەردەمە ناتوانم لەیەك کاتدا تەنیا بیر لەیەك شت بکەمەوە. قەرەباڵغی ژیان و ئەو هەموو ئامرازە نوێیانە و سەردەمی پێوەندییەکان و هێرشی زانیارییەکان و قەیرانەکان و... هەموویان راستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرن لەسەر مێشکی مرۆڤ، ئەمانە وا دەکەن کە شاعیر لەشیعرێکدا باس لەچەند دیاردە یان بابەت و گوتار و کێشە بکات، دیارە هەر کام لەوانەش زمانی تایبەت بەخۆیان دەوێت. لێرە کە دەڵێم زمان مەبەستم تەواوی ئەو حاڵەتانەیە کە لەیەك پێکهاتەدا کۆ دەبنەوە لەتەکنیك و تەمهیدەوە بگرە تا تەقتیع و چۆن داڕشتن و موسیقای دەروونی و یان ئیقاع کە لایەنە دەرکییەکەیەتی. لێرەوەیە کە لەشیعرێکدا رووبەڕووی چەند پێکهاتەی جیاواز دەبینەوە کە تەنانەت بچڕان لەناو دێڕەکاندا وەك ئەمرێکی ئاسایی و تەنانەت وەکو تەمهیدێکی شاعیرانە خۆی دەنوێنێت، خودی ئەمە وەك نموونەیەك دەتوانێت یەکێك لەجیاوازییە گەورەکانی نێوان شیعری ئەم بەرەو شیعری شاعیرەکانیتر بێت کە هێشتا قەناعەتیان بەیەکدەستبوونی شیعر هەیە : زمان و زەمان و موسیقا و بابەت و شوێنی یەکە و یەکدەست.

بەگشتی دەتوانم ئەو دیعایەم هەبێت کە ئەم شێوازە لەشیعر هەڵقوڵاوی ئەمری واقیعە و ئاوێتە بەخواستە زەینییەکانی خودی شاعیرە.

*لەگەڵ هاتنی هەر شێوازێکی تازەدا کۆمەڵێك لێرەو لەوێ دەکەونە دژایەتیکردن و رەخنەگرتن ئێوە تا چەند دووچاری ئەم حاڵەتە بوون یا خود ئەو رەخنە و قسانەی لەسەر شێوازی ئێوە هەیە تا چەند رەخنەی زانستین؟ پاشان تا چەند ئەم ستایلەی ئێوە لەنووسین جێکەوتەبووە و جۆرێك کاریگەریتان لەسەر کەسەکانی پاش خۆتان داناوە؟

–وەك خۆتان دەڵێن ئەمجۆرە دژایەتیکردنانە شتێکی ئاساییە و مێژووی ئەدەبی گەلان بەئاشکرایی ئەمە نیشان دەدەن. ئەم حاڵەتە رووبەڕووی هەرجۆرە تازەگەرییەك و لەهەر بوارێکدا دەبێتەوە. منیش بۆ خۆم ئاگاداری ئەو شتەم و پێم سەیر نییە ئەگەر جنێویش بدەن کە تا ئێستا زۆریشانداوە، ئەمە قەیرانی زمانێکە کە پتر لەوەی رەخنەی

تیا رووبدات قسەو قسەلۆکی چەقەخانەیی تیا دروستبووە، من بەڕاستی دەڵێم گوێ و دڵی بیستنی هەموو ئەو قسانەم هەیە و بەلاشمەوە گرنگ نییە. لەلایەکی ترەوە کێشەکە زۆر بنەڕەتیترە کە دەگەڕێتەوە بۆ غیابی ڕەخنە.

زۆربەی ئەو قسە و هەڵویستانە لەبەرانبەر ئەم شێوازەی کارکردنی ئێمەدا بەشێوەی زارەکی بووە و کەس نەیتوانیوە یا ڕەنگە نەیویستووە یا تەنانەت نەیوێراوە کە بەشێوەی نووسین لەسەر ئەم دەقە شیعرییانە بەشێوەیەکی نێگەتیف قسە بکات، چونکە بەڕاستی زۆربەی زۆریان بۆنی زانستیی پێوەنییە بەس دژایەتیکردنە[١]، دەشێت هۆکارێکی تری ئەم حاڵەتە لەئەو زەینە باوەدا ببینین کەستاندارێکی قبوڵکردووە و نایەوێت لەو ستانداردە چ لەنووسینا چ لەخوێندنەودا لابدات.

ئەوانە کە هەوڵ لەخراپ نواندنی ئەمجۆرە نوسیینە دەدەن زۆربەیان کاری ئەدەبی دەکەن، ڕەنگە ترسیان لەوە بێت کە شوێن پێی خۆیان لەق بکرێت لەکاتێکدا وانییە هەر شتێك لەهەر دەورەیەکدا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و هیچ تازەگەرییەك بەمانای ڕەتکردنەوەی ستایلەکانی تر نییە ئێمە ئیستا و ئیستاکەش هەر شیعری کلاسیك دەخوێنینەوە و چێژی لێوەردەگرین، ئەمە لەکاتێکا ماوەیەکی زۆرە کە گۆران و شێخ نووری شێخ سالح شیعریان نوێکردووەتەوە، بۆ نموونە با بەخێرایی باسی ڕەوتی شیعری فارسی بکەم : نیما یوشیج شیعری فارسی نوێکردەوە ماوەیەکی زۆر خۆی شاردەوە، بەڵام کەم کەم ئەو جۆرە شیعرە جێکەوتەبوو پاشان ئەحمەدی شاملو چەند ڕەخنەیەکی ئاراستەی شێواز و ستایلی نیما کرد کە زۆریش زانستییانە بوو، لەوێوە شیعری سپی هاتە مەیدانی ئەدەبەوە، لەم ستایلەدا زۆرکەس بەشێوەی جیدی دەقیان خولقاند و... لەوانە خودی ئەحمەدی شاملوو. -کە بەشاعیرانی دەیەی چلی فارسەکان ناو بانگیان دەرکردووە[١]- شیعری دەیەی چل زۆر بەربلاو بوو یانی زۆر شاعیرتر لەو بوارەدا ئیشیانکرد، هەر ئەمە بووەهۆی ئەوە کە ئەم شێوازە شیعرییە ببێتە باوك بۆ شیعری نوێی فارسی، پاشان چەند کەسێك و لەوانە براهەنی بەگواستنەوە کۆمەڵێك باس و تیۆر لەڕۆژ ئاواوە ئەو فەزایەی تێکشکاندو شیعری بەلایەکی تردا برد. وردە وردە هەموو جۆرە شیعرێك دەنووسرا و ئیتر شیعری دەیەی چل بەشێوەی جاران درێژەی پێنەدرا و ئێستا فارسەکان بۆ خۆیان کاری تازە دەکەن، شیعرێك دروستبووە کە بەشیعری دەیەی حەفتا

ناوی دەرکردووە و ئێستاش ئەو فەزایە بەردەوامە و بزۆزی خۆی نیشاندەدات، ئەمرۆکە لەناو شاعیران و خوێنەرانی فارس نەحافز و نەسەعدی، نە نیما و نە ئەخوان، نەشاملوو نە فروغ و نە هیچ کەسی تر رەت ناکرێتەوە هەمووشیان پلەو پێگەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە نەیانهێشت هیچ شێوازێکی شیعری تا هەتاهەتایە وەك ستاندارد لەسەریان بمێنێتەوە. ئێمەش ئێستا نالی و مەولەوی دەخوێنینەوە گۆران و سوارەش دەخوێنینەوە رەفیق سابیر و شێرکۆ–ش دەخوێنینەوە و لەئایندەشدا هەر خوێندنەوەی ئەمانە پێوستە و رەت ناکرێنەوە، بەڵام تا چەند دەقی ئەوانەی کە هەوڵی تازەگەریی دەدەن دەخوێنینەوە و ئەگەر رەخنەیان لێدەگرین زانستییانەیە؟ خوێنەر دەبێت وەك ئاو نەرم بێت و بتوانێت شتی تازە قبووڵ بکات، ئەگەرچی هەر دیاردەیەکی تازە حەتمەن بەقووەت و باڵا نییە، تازەگەریی لەشیعردا پتر تایبەتمەندییە تا ئمتیاز، بەڵام ئایا خوێنەری ئێمە دەتوانێت لەناوکارە تازەکاندا شتی باش و خراپ لێك بکاتەوە؟ ئایا دەتوانێت شیعری باڵا و شیعری تەم ومژ لێك جیابکاتەوە؟

ئایا ئەسڵەن شیعر لەناشیعر لێك جیادەکاتەوە؟ بەگشتی کێشەکە زۆرگەورەترە لەوەی کە بەم ناسانییە باس بکەین، ئەگەرچی ئەم قەیرانە لەزۆر وڵاتی تردا نموونەی هەیە هەر لەپەنا دەستمانەوە فارسەکان زۆر گلەییان لەو حاڵەتە هەیە. بەکورتی ئەگەر بگەڕێمەوە سەر وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان دەتوانم بڵێم سەرەرای کۆمەڵێك دژایەتی زارەکی لەشێوەی نووسیندا، کۆمەڵێك وتاری جیدیش چ لەلای برادەرانی ئەودیو چ لێرە و چ لەهەندەرانیش لەبارەی شیعری بەرەی چوار نووسراوە، ئەگەرچی بەداخەوە زۆربەیان تەئویل و لێکدانەوەی ماناییان هەبووە و کەمتر خۆیان لەقەرەی زمان و رەهەندە بابەتییەکەی داوە.

بۆ بەش دووەمی پرسیارەکەتان دەتوانم بڵێم ئەم شێوازە شیعرییە هێشتا بەنیسبەت شێوازەجێکەوتەکانی تر تەمەنێکی وای نییە و ئەم کتێبەی من دووەم کتێبێکە کە هاتووەتە مەیدانی داهێنانەوە.[1] بەم حاڵەشەوە سەرەڕای کەم تەمەنی من لەرۆژ هەڵاتدا بەئاشکرایی کاریگەرییەکانی ئەم شیعرە لەسەر شاعیرانی لاو زۆر دەبینم کەپتر شیعرەکانیان لەگۆڤار و حەوتەنامەکاندا بڵاو دەکەنەوە.

*کتێبی شیعری (قالاو) یانی قەفەسێکی خاڵی، هەوڵێکە بۆ دەربـاز بـوون لـەو زمانـە باوەی کە تا ئێستا شاعیرانی ئێرە و ئەوێش پشتی پێدەبـستن بـۆ نووسـینی شـیعر، لـەم شـیعرانەی تـۆدا جـەختێکی زۆر لـەزمان کراوەتـەوە، بـەڕای خـۆت ئەمـە نابێتـە هـۆی فەرامۆشکردنی رەگەزە بنچینەییەکانی تری شیعر؟

–شیعر رووداوێکی زمانییە، یا با بڵێم شیعر دیاردەیەکـە کـە لـەناو زمانـدا روودەدات، ئەگەر هەر شیعرێك لەرووی زمانییەوە سەیری بکەین کۆمەڵە کایەیەکە لەگەڵ توخمـەکانی زماندا کراوە. ئەو توخمانە کە بارگاویکراون بەخەیاڵ و فەنتازیا و ئیقاع و بەگشتی مـانۆڕ و کایەیەکی جوانی ناسانە.

لەهەمانکاتدا شیعر وشیعرییەت بێ زمان مەحاڵـە. شـتێك کـە نووسـراوەیەکی ئاسـایی لەشــیعر جیــا دەکاتــەوە هــەمان شــیعرییەتە. خــودی شــیعرییەتیش پێناســە یــان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە[١] شیعرییەت بەپێی ئەزموونی ژیانکراو لەبارەی شیعرەوە لەلای خوێنەر خۆی نیشاندەدات من بێجگە لەشیعرییەت رەگەزێکی بنـچینەییتر بـۆ شـیعر ناناسم، جا ئێستا ئەگەر خوێنەری ئێمە شیعرییەت لەیەك حاڵەتدا ببینێت ئەمە گرفتێکی زۆر گەورەیە. ئیتر پاش شیعرییەت یـا هـەمان جەوهـەری شـیعریی هەرچـی هەیـە زمانـە، تەنانەت خودی شیعرییەت لەناو زماندا ئیمکانی دەرکەوتنی بۆ دەڕەخسێت، پاشان شیعر مانۆڕە لەناوزماندا، بەومانایە تۆ وەکو شاعیر تەواوی ئەزموونەکانت بخەیتە رێگەی ئـەوە کە مانۆڕێکی دروست بدەیت و هەوڵ بدەیت کە لەم مانۆڕەدا لەزەرفییەتەکانی زمان کەڵك وەربگریت.

دیارە لەلایەکەوە ئێوە راسـت دەڵـێن جـەختکردنی زۆر لەسـەر زمـان و لـەناو شـیعردا ئەگـەر وەکـو دەرکەوتـەی تیۆرەکـان بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـان لاسـایی ئاسـا خـۆی بنوێنێت یان با بڵێم ئەگەر شاعیر ئەوخوێندەواری و زانیارییانـەی خـۆی لـەبارەی زمـان و سووچ و مەوداکانی دەروونی نەکاتەوەو دەقاودەق هەرچی لەتیۆرەوە فێر بووە بیهێنێتـە ناو شیعر ئەو کاتە شیعر تووشی خەسار دەبێت. ئەوەش هەمان خەساری میکانیکیبوونە، ئەمەش تا چـەند مـن توانیومـە خـۆم لـەو خەسـارە لابـدەم، یـا خـود چـەندە شـیعرییەت لەشیعری مندا پارێزراوە دەگەڕێتـەوە بـۆ رای خوێنـەرەکان هەڵبـەت ئـەو خوێنەرانـە کـە پەیجۆر و بزۆز و سەرچڵن نەك خوێنەری تەمەڵ.

ئینجا پێموایە هەرکام لەخوێنەرەکان دەتوانن بەشێك لەحەقیقەتی بوون یان نـەبوونی شیعرییەت باس بکەن، نەك بەشێوەیەکی رەها بەڵکو ئەمە ئەمرێکی زۆر رێژەییە.

*بەگشتیی بۆ شاییەکی گەورە لەبواری رەخنەی ئەدەبیـدا هەسـت پێـدەکرێت، ئەمـە وایکردووە ئیتر تێکستی ناشیعری بەبوون بێت و بەبێئەوەی رەخنـە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکات. هاوکات کۆمەڵێك دەقی جاوید و نەمریشمان هەیە. هەست ناکەیت نەبوونی رەخنـە دەبێتە هۆی بزربوونی ئەو دەقە جوان و دەگمەنانە؟

–راسـتە، نـەبوونی رەخنــە لەفـەزای ئـەدەبی کوردییـدا کێـشەیەکی زۆر بـەر چـاو و گەورەیە ئەمە خۆی لەخۆیا لەسەر خودی دەقەکان کاریگەری نییە، بەڵکو لەسەر فەزاکـە کاریگەریی هەیە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە هاندەرە دەرونییەکانی شاعیر بۆکاری تـازەو جیدی دەکوژێت.

نەبوونی رەخنە خۆی بۆ خۆی خەسارێکی گەورەیە، بـەڵام لـەوە گـەورەتر ئـەو دەقـە بەناو رەخنانەیە کە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر، ئەو دەقانە کە یان پیاهەڵدانی کەسێك دەکەن یان دەیـڕووخێنن و خـودی دەقەکـەو دلالەتـەکان و توانایيـە دەروونییـەکانی ئـەو دەقە شیعرییە چەواشە دەکەن، بەداخەوە رەخنەی کـوردی بەرلـەوەی کـەبیر بکاتـەوە و هەوڵ لەپشکنین و رێژەیی قسە کـردن بـدات بەشـێوەی رەهـا دەدوێ و پـشت بەسـتوی عەقل نییە، ئەگەرچی ئەم قسەیەی منیش رەهانییە و بێگومان رەخنەی جیدیش لەزمانی کوردییدا نووسراوە، بەڵام ئەوانەش زۆر دەگمەنن.

بەگـشتیی رەخنـــەی کــوردی پــتر لــەوەی بیربکاتــەوە و هــەوڵ بــۆ کەشـفی لایەنـە جۆراوجۆرەکانی شیعربدات خۆی بەقسە کردنەوە هیلاك کردووە، هەر ئەمەیە کە زۆربـەی ئەو شـاعیرە ئاماتۆرانـە کەبـە راسـتی ئەزموونـەکانیان لەئاسـتی چـاپی کتێبـدا نییـە زۆر بەئاسانی کتێب لەچاپ دەدەن، بەتایبەت ماوەیەك وای لێهات بەشالاو کتێبی شیعر چـاپ دەکرا تا رادەیەك کە ئێستا زۆربەی بنکە روشنبیرییەکان کە کاری چـاپ و بـڵاو کردنـەوە دەکەن خۆیان لەکتێبی شیعر لا دەدەن. زۆر بـوونی ژمـارەی کتـێبی شـیعر لەکتێبخانـەی کوردی کە زۆربەیان لەئاستێکی نزیـك بەیەکدان وایکـردووە کـە خوێنـەریش خـۆی لێمـان لابدات لەهەمانکاتداو لـەپڕێکا دیـاردە شـیعری پـوپولیـستی و شـیعری بـازاڕی روو دەدا و لـەتیراژێکی زۆردا رەوانـەی بـازار دەکرێـت وفرۆشـێکی زۆرباشـی دەبێـت، لێرەوەیـە کـە

خوێنەری ئایندەی کورد ئەوەندەی تر و زیاتر لەئێستا تووشی تەمەڵی و تیکەی ئامادە دەبێت.

بێگومان ئەگەر رەخنە لای ئێمەی کورد لەهەموو بوارێکدا بەقووەت خۆی دەنواند بارودوخەکە وانەبوو ئەم کێشەیە لەزۆر بواری تردا کتێبخانەی کوردی تووشی نەخۆشی کردووە، بۆ نمونە لەبواری وەرگێراندا کە ماوەیەك بوو بە کاسپیکردن و زۆر کتێبی باش بەچەواشەیی بوون بەکوردی یان بەپێچەوانە زۆر کتێبی شیعری کوردی دەبینم کە بە چەواشەیی کراون بەفارسی. بەڕاستی گەورەترین نەخۆشی بۆ زمان و فیکری هەر نەتەوەیەك ئەوەیە کە لەبوارە جیا جیاکاندا رەخنە لەدایك نەبێت لەسیاسەتەوە بگرە تا زانستە مرۆییەکان و هونەر و ئەدەبیات. مادام ێکە رەخنە دروست نەبێت باوك دروست دەبێت باوکی سیاسی، باوکی شیعری، باوکی روشنبیری باوکی...

*لەکوردستانی عیراق نەوەیەکی تەواو کەوتنە ژێرکاریگەریی فارسەکانەوە بەحوکمی زمانزانین رەنگە تا ئێستاش زۆرێکیان لەژێر ئەو کاریگەرییەدا مابنەوە، کەچی بەنسبەت شاعیرە کوردەکانی ئێرانەوە ئەم کاریگەرییە کەمتر و کاڵتر خۆی نواندووەو بەپێچەوانەوە لای ئێوە بەردەوام هەوڵی تازە بوونەوە هەیە، لەشیعردا لێکدانەوە و بۆچوونی ئێوە لەسەر شیعری شاعیرانی ئێرە چییە؟

–کاریگەری وەرگرتن لەزاتی خوێدا ئەمرێکی نێگەتیف نییە، بەڵام بەو مەرجەی کە کاریگەری هەبێت نەك لاساییکردنەوە، پاشان لەبیرمان نەچێت سەرەتای نوێبوونەوەی شیعر لەنازم حیکمەتی تورك و نازك مەلائیکە و بەدرشاکر سەیابی عەرەب و نیمای فارس و گۆرانی کورد هەموو خۆی نەتیجەی گواستنەوەی ئەزمونی نوێبوونەوەی شیعرە لەواڵت ویتمەنەوە بگرە تا بودلێر و...

کەوا بوو گواستنەوەی ئەزموونی شیعری جیهان بۆ ناو زمانی کوردی دەبێتە ئەزموونێکی تازە لەناو زمانی کوردی و ئیتر هیچ پەیوەندییەکی بەفارس و عەرب و تورکەوە نییە، بەڵام بەو مەرجەکە ئەو ئەزموونە لەدڵی زمانی کوردیدا جێکەوتە بێت یان بەواتایەکی تر زمانی کوردی ئەو زەرفییەتەی هەبێت هەروەها ئەو شاعیرە توانیبێتی لەزمانی کوردیدا ئەو ئەزموونە جێبخات.

بەگشتیی مـن کاریگـەری وەرگـرتن لەئـەدەبی بیـانی بەشـتێکی نێگـەتیڤی نـازانم و هیـوادارم کـە گواسـتنەوەی ئـەو ئەزموونانـە شـێوەی شـاعیرانە بەخۆیـەوە بگرێـت نـەك دەستکردی و تەقلیدی.

شاعیرانی کوردسـتانی ئێـرانیش بێگومـان کاریگـەری لەئـەدەبی فارسـی وەردەگـرن، بەڵام باشتر وایە بڵێم بەهۆی بـەقوەت بـوونی کتێبخانـەی فارسـییەوە زۆربـەی شـاعیرانی کوردستانی ئێران زۆر بەباشی ئاگاداری رەوتـی شـیعری جیهـانن و تـەنیا بەفارسـەکانەوە خۆیان گرێنادەن. بەڕاستی وەرگێران کردنەوەی دەلاقەی ئەندیشەی ئێمەیە بەرەو عـەقل و ئەزموونەکانی ئەویدی.پڕبەدڵ هیوادارم بەئەمانەتەوە وەرگێری کورد بتوانێت هەوڵ بۆ گەورە کردنی کتێبخانەی کوردی لەبوارە جیا جیاکاندا بدات لەلایـەکی تـرەوە فارسـەکان بەحوکمی زمان نەزانین لەئێمە کاریگەری وەرناگرن ئەگەر ئەوانیش بەسەر زمانی کوردیـدا زاڵ بونایە یـا خـود دەقـە باڵاکـانی ئـەدەبی کـوردی بەسـەرکەوتوویی بکـرێن بەفارسـی و رەخنەگرەکانیش وەکوو لێکدانەوە و نووسین پشتیوانی لێبکەن

ئەوجا بێگومان کاریگەری وەرگرتنەکان دوو لایەنە دەبووەوە.

من بەپێی ئاشنایی و دیدار لەگەڵ هەندێ لەشـاعیرانی کوردسـتانی عـیراق و هـەروەها خوێنـدوەی دەقـەکانیان چ لەقـەوارەی کتێـب و چ لەچاپەمانی و گۆڤارەکانـدا پـێم وایـە هێشتا بەرخوردێکی رادیکال بەنیسبەت زمانەوە دەکرێ یانی زمـانی شـیعر لەکوردسـتانی عیراق بەرەو لێورێژ بوون لەیەك حاڵەتدا دەچێ ئەگەرچـی خـودی شـاعیران لـەم کێشەیە نکۆڵی دەکەن بەڵام خودی دەقەکان ئەوە دەڵێن لەهەمان کاتدا هەندێ کەسیش هـەوڵیان داوەکە خۆیان لەئـەو سـتانداردانە لابـدەن و دەقـی باشـیان خولقانـدووە بـەس ئـەوانیش تارادەیـەك هـەر بەشـێوەیەکی رادیکـال رووبـەڕووی زمـان دەبنـەوە. تەنانـەت ئەگـەر سەرەنجی ئاوازو ئەدای شاعیران لەکاتی خوێندنـەوەی شـیعرەکانیان بـدەین بێجگـە یـەك دووکەس هەموو لەو دیو بەیەك شێوەو ئاواز شیعر دەخوێننەوە.

لێـرەش لەکوردسـتانی ئێرانـدا لـەلای هەنـدێ شـاعیردا ئـەو حاڵەتـە زۆر بەرچـاوە و تەنانەت هەر جۆرە لادان لەو ستاندارده شیعرییانە و هـەمۆرە لادانـێ لەشـێوازی نووسـین بەخیانەت و... دەزانن مادامێك ئێمـە بەچـاوێکی پـیرۆزەوە سـەیری زمـان بکـەین و ئـەو پیرۆزییە بخەینە ئاراستەی پاراستنی رەسەنایەتی زمان – زمان تووشی گۆران نابێتـەوە

رەنگە ئەمە کاریگەری ناسیونالیزمی رەسەن خوازی کوردییەکە هەمووشتێکی لەحاڵەتە رەسەنەکەیدا پەسندە و هەر جۆرە لادانێك بەخیانەتی میللی و شتی وا دەزانێ. رەنگە ناسیونالیزم لەناخود ئاگای هەموو کوردێك و بەتایبەت چینی نووسەردا بێت بەڵام ئەوە عەقڵی تازە و روانینی تازەی پێویستە نەك تەحەجور و دوگم بوونەوە. من بۆ خۆم قەناعەتم وایە ئەو جۆرە روانینە بۆ ناسیۆنالیزم نەك ناتوانێت خزمەت بکات بەڵکو بەپێچەوانەوە بەر بەگۆڕیانی فیکریی و گەورەبوونی فەزای رۆشنبیری کوردی دەگرێت.

با بچینەوە سەر باسی شیعر لەکوردستانی ئێران و عێراق : جیاوازییەکی گەورە لەفەزای شیعری ئەم دیو لەگەڵ کوردستانی عیراقدا بوونی هەیە ئەوەش نەبوونی دەسەڵات یاخود باوکە لەفەزای شیعریی ئەم دیو لەکاتێکدا بەئاشکرایی لەفەزای شیعری کوردستانی عیراق باوك دروستبووە مادامێك کە باوك یان چەن باوکێك لەفەزای شیعری هەرمیللەتێکدابن سەرەڕای ئەوەکە شاعیرانی تر حەز بەوە دەکەن کە نەکەونە ژێر سێبەری قورسی ئەو باوکە، بەڵام لەهەمانکاتدا بێئەوەی خۆیان بزانن خەریکن لەو شێوازە نووسینەو لەو ستایلەی پێڕەوی دەکەن، لەڕوویەکی ترەوە بێگومان چەند کەسێك هەن کە خۆیان هەم لەباوك بوون و هەم لەکاریگەری وەرگرتن لەباوك پاراستووە. کێشەیەکی تر کە وەکوو خەسارێکی ئەدەبی لەشیعری زۆربەی بەرادەرانی ئەو دیو دەبینم درووست کردنی کۆمەڵێ وێنەی مەوازی و هاوتەریبی شیعرییە کە یەك لەدوای یەك ریز دەکرێن و دەبنە هۆی درێژ دادری و...

لەم تەوەرەدا دەبێت کەمێك روونتر و تیوار تر و بەشێوەیەکی عەینی قسەی لەسەر بکرێت و راستییەکەی من نامەوێت کەسم لێ عاجز بێت ئەوەکاری رەخنەگرە و من بۆخۆم حەز دەکەم بەس شاعیر بم و لە بیرمان نەچێت شیعر بۆ خۆشەویستی و دروستکردنی پێوەندی و برادەرییە نەك بۆ دڵ نیگەرانی و...

بە داخەوە رەخنە لای ئێمەی کورد جێکەوتە نەبووە بۆیە ئەگەر رەخنەیەکی راستەقینەش بخرێتە ئاراوە ئەوا هەر دەبێتە مایەی دڵئێشان.




دێریدا ـ هابرمازو فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆردا

و: دلێر محەمەد

گوناهی سروشتی فەلسەفەی ئەڵمانی، قسەکردنە بەزمانی خوازە

و: ڕێبوار حەمە تۆفیق



کەسێتی عەرەب لەئەدەبییاتی ئەلبێرکامۆدا

و: سابیر عەبدوڵڵا کەریم



سەردەمی ئاتیک

و: حەمەکەریم عارف

# وەرگێڕان

# دێریدا ـ هابرمازو فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆردا

دیالۆگ لەگەڵ خاتوو: جوڤانا بورادوری

سازدانی: نادر فوسوغیان

و: دلێر محەمەد



بەرایی: ئەمەی لەبەردەستدایە دەقی گفتوگۆیەکی کورتە، کە لەگەڵ ژنە بیرمەندی ئەمریکی (جوڤانا بورادوری)دا سازدراوە، دەربارەی ئەو زنجیرە چاوپێکەوتنەی کە ئەم ژنە بیرمەندە، چەند مانگێك پاش رووداوە تیۆرریستییەکانی (١١)ی سێپتەمبەر، لەگەڵ هەردوو بیرمەندی بەناوبانگی خۆرئاوا (جاك دێریدا)ی فەرەنسی و (یورگن هابرمان)ی ئەڵمانیدا، ئەنجامی دابوون، سەبارەت بەکۆمەڵێك دیاردەو بابەتی فرەڕەهەندی وەك تیرۆر، جیهانگیری و سیاسەت. ئاشکرایە بواردوری لەساڵی ٢٠٠٤دا دەقی ئەو زنجیرە



چاوپێکەوتنانەی لەدووتوێی کتێبێکداو لەژێر ناونیشانی (فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆردا) چاپ و بڵاوکردەوە، بەڵام

چاپی فەرەنسی هەمان کتێب، لەهەمان ساڵداو لەژێر ناونیشانێکی جیاوازداو بەناوی (چەمکی ١١ی سێپتەمبەر.. دیالۆگ لەگەڵ دێریداو هابرمازدا) کەوتە بەرچاوی خوێنەرانی فەرەنسا. شایەنی باسە خاتوو بواردوری بیرمەند، بەر لەبڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە خاوەنی کتێبی (بیرمەندی ئەمریکی)یەو لەئێشتاشدا مامۆستای فەلسەفەیە لەکۆلێژی (ڤاسار).

***ئایا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (ریچارد وڵن)دا ناکۆکیت، کە دەڵێت بانگەشەکەی دێریداو هابرماز بۆ دامەزراندنی سیاسەتێکی دەرەکی ئەوروپی یەکگرتووەو زیاتر تەعبیر لەهاوپەیمانییەتێکی تاکتیکی دەکات، وەک لەوەی گوزارشت لەهاوپەیمانەتییەکی فەلسەفی بکات؟**

*بەڵێ، بەتوندی جیاوازو ناکۆکم لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا، پێش هەموو شتێك، لەم رووەوە درکم بەبوونی هیچ جۆرە ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو نەکرد کە ئەم بانگەشە بەرەو هەنگاوێکی تاکتیکی بەرێت، هەروەها رۆڵی ئەوان وەك دوو بیریاری نیشتمانی بەدڵنیایی هانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە دەدات، لەلایەکی تریشەوە هاوپەیانەتییە خێراکان پێویستیان بەئامانجگەلێکی بابەتیانەی یەکگرتوو هەیە، بەڵام پاساوێکی تر کەوای لەمن کرد جیاوازیم لەگەڵ خوێندنەوەکەی وڵن–دا، دەربارەی نزیکایەتی تازەی نێوان دێریداو هابرماز، مانیڤێستە هاوبەشەکەیانە، کە لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا بڵاوبووەوە، پاساوێك بوو کە لەدەرئەنجامێکی سروشتییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆئەو وتارانەی، کە دواتر لەبڵاوکراوە ئەوروپییەکانەوە چاپ و بڵاوکرانەوەو پەیوەندییان بەمەسەلەی تیرۆری جیهانی و رۆڵی ئەوروپاوە هەبوو لەجیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەردا. کتێبی (فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆردا) هەموو ئەو دیالۆگانە لەخۆ دەگرێت، کە لەگەڵ ئەم دوو فەیلەسوفانەدا سازدراون و باس لەهەندێك بابەتی وەك (تیرۆر) دەکەن، تیرۆر وەك پۆلێنکردنێکی سیاسی، جیهانگیری و رۆڵی دەزگا هەنووکەیی و هەمەلایەنەکان و هەروەها باس لەگواستنەوە لەماف کلاسیکی دەکەن کە لەنێوان دوو دەوڵەت یان زیاتردا دامەزراوە، بۆ دامەزراندنی سیستمێکی نوێی جیهانی، پاشان گفتوگۆکان هەموو ئەو گریمانانە لەخۆدەگرێت، کە ئەم دووفەیلەسوفە لەمانیڤێستە هاوبەشەکەیاندا گوزارشتی لێدەکەن، هەموو ئەو گریمانانەش لەرەچەڵەکە هاوبەشەکەیانەوە سەرچاوەیانگرتووە کە

ئەویش کەلەپورێکی سیاسی و ئەخلاقی سەر بەبزووتنەوەی فەلسەفەی رۆشنگەرییە لەسەدەی هەژدەیەمدا، وەك چۆن رووداوەکان جەختیان لەسەر کردووەتەوە، دواتریش کۆمەلێك مشتومڕ سەریانهەلدا کە پەیوەندییان بەئەگەری چوونییەککردنی تەفسیرەکانی هەریەك لەدێریداو هابرمازەوە هەبوو، بۆ ئەم کەلەپوورە فەلسەفییە، کە من پێموایە ئەوان توانای ئەم چوونیەککردنەیان هەیە، بەلاّم (ریچارد ولن) بڕوای بەمە نەبوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازی لەتەفسیرکردندا، گۆڕان لەلایەنگری ئەو دوو بیرمەندەدا بۆ هەمان کە لەپوور دروست ناکات، چونکە ئەم دوو بیرمەندە مشتومڕیان لەسەر هەمان کەلەپوورو هەمان بیرکردنەوەو بەلکو تەنانەت لەسەر هەمان ئامانجیش دەکرد.

***ئایا ئەو یەکێتییەی کە هەردوو فەیلەسوفەکە دێریداو هابرماز لایەنگرییان بۆی هەبوو، بریتیبوو لەبزووتنەوەی فەلسەفەی رۆشنگەری، کە وێنەی جیاوازی بیری ئەورووپییە؟**

—بەڵێ، لەو باوەڕەدام کە زۆربەی دیالۆگ و مشتومڕەکان لەو بۆچوونەدا بەیەك دەگەیشتن، کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ئەم دووبیرمەندە پەیوەندییان بەبیریارانی بزووتنەوەی رۆشنگەرییەوە هەیە، بەشێوەیەکی تایبەتیش هەردووکیان وابەستەن بە(کانت)ەوە، چونکە کانت خالێکی هاوبەشی بۆ بەرپرسیارییەتی سیاسی بۆ فەلسەفە دروستکرد، کە بێگومان ئەو خالە دیاریکراوەی (کانت) لەڕەچەلەکدا ئەورووپییە، لەنەریتی ئەنگلۆ—ئەمریکیشدا فەلسەفەو سیاسەت لێکجیاوازن، راڤەکردنی پابەندی (ئیلتیزام) وەك مەسەلەی هەلبژاردنێکی تایبەتی وایە، بەلاّم فەلسەفە خۆی دەخاتەژێر بارێکی رەخنەگرانەوە بۆ هەولدان و گەڕان بەدوای حەقیقەتی نەمریدا، لێرەوە نموونەی (ناووم چۆمسکی) لەیادەوەریماندا دەردەکەوێت، چونکە کارکردنی ئەو لەناو زانستی زماندا، بەتەواوەتی جیاوازە لەکارکردنی ئەو وەك کەسێکی سیاسی چالاك، بەپێچەوانەی ئەم حالەتەشەوە، فەلسەفە لەڕووی مێژووییەوە خۆی بەنەریتی ئەورووپییەوە دەبەستێتەوەو دەبێتە کاردانەوەیەك بۆ بەلێن و پێکدادانەکانی سەردەمێکی دیاریکراو، کاردانەوەی (کانت) لەبەرامبەر بەلێنەکانی شۆڕشی فەرەنسی و هەروەها پەرچەکرداری (هیگل)یش لەبەرامبەر تیرۆرکردنی ئەم شۆڕشەدا نموونەن، هەر لەم رووەشەوە (سارتەر) وا لەفەلسەفە دەکات، کە تراژیدیاکانی جەنگی دووەمی جیهانی بگێڕێتەوە،

بەهەمانشێوە (هابرمان)و (دێریدا)ش، دوای ئـەم شـێوازە فەلـسەفییە کـەوتوون، لەگـەڵ وابەستەبوونێکدا کە لکاوە بەهەنوکەوەو لێی جیانابێتەوە، لەبەرئەوەی درێژە بەو رێگایـە دەدەن کـە (٢٠٠) سـاڵە رووناکبیرانی بزووتنـەوەی رۆشـنگەریی ئاوەڵایـانکردووە، هـەر لەبەرئەمـەش مانفێستەکەی ئـەم دوو فەیلەسـوفە مەسـەلەیەکی تـاکتیکی نییـە، بـەڵکو بانگەوازێکـە بـۆ شـێوازی بیرکردنەوەیـەکی هاوبـەش، سـەبارەت بەمەسـەلە سیاسـییە چارەنووسسازەکان، لەم زەمەنە پێچەوانەیەدا.

*** چـۆن وەڵامـی ئـەو بۆچـوونەی (وڵـن) دەدەیتـەوە کـە پێیوایـە (دێریـدا) بەڕاشکاوی ئاماژە بـەوە دەدات کـە (یاسا)و (دادپـەروەری) دووشـتی نـاکۆکن و یەکێکیان دژایەتی ئەویتریان دەکات؟**

—مـن جیاوازییـەکی گـەورەم هەیـە لەگـەڵ ئـەم وەسـفکردنەی (وڵـن)دا، بـەدڵنیایی بەیاننامەکەی (دێریدا)، کە تایبەتە بەیاساو دادپەروەرییەوە، وەهەم روونکردووەتەوە، کە یاساو دادپـەروەریی نـاکۆك و دژ بەیـەك نـین، یـان پێـچەوانەی یـەکتریش نـین، بۆچـوونی دێریدا ئەوەیە کە دادپەروەریی و یاسا دوو چەمکی جیاوازن و ئەوەش کارێکی هەڵەیە کـە دادپەروەریی مل بۆ یاسا کەچ بکات، پێویستە دادپەروەریی ملکەچی یاسا نەبێت، چونکە هـــەموو یاســـاکان لەهـــەناوی خۆیانـــدا دادپـــەروەرییان هەڵنـــەگرتووەو لـــەکاتی پراکتیککردنییاندا زۆرجار دادوەر ناچاردەبێت، کە لێدوانێك یاخود سـکاڵایەك وەرگرێـت، تاکو کاریگەریی پرەنسیپی یاسایی خۆیی بەڕێوەبچێت، گەربتـەوێت پـشتگیریی بکـەیت. بەم شێوەیە لەبۆچوونی (دێریـدا)دا، لێـدوان پێویـستی بەرەتکردنـەوەی شـەرعیی هەیـە، چـونکە لـەم چوارچـێوەیەدا بەپێـچەوانەی یاسـاوە، بـەتێڕوانینی دێریـدا دادپـەروەریی هەمیـشە بەتـەواوەتی جێبـەجێناکرێت، بـەڵکو یاسـا خوازیـارە کـە دادپـەروەریی چارەسەربکات، ئەمەش بەو مانایە نییە کە جیاوازیی لەنێوان یاساو دادپەروەرییدا هەیـە وەك دوو شتی پێچەوانە.

***بۆچی هەردوو فەیلەسوفەکە، وێنەی جەنگی دژە تیرۆر دەکێشن، چۆن دژایەتی بیروباوەڕە سوننەتییەکان دەکەیت، وەک خەسڵەتی دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی؟**

–هابرماز دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە کاتێك دەربارەی تیرۆر دەدوێین، ئەوا ئێمە مشتوورِ لەسەر شتێك دەکەین، کەجیاوازە لەهەر تاوانێکی ڕێکخراو لەسەر ئاستێکی فراوان، بۆ نموونە تیرۆر وەك تاوانی بازرگانیکردن نییە بەمادده بێهۆشکەرەکانەوە، ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٣ سەبارەت بەبازاڕەکانی جیهان ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، کە سەنتەری هەواڵگری ئابووری کە بارەگاکەی لەشاری (لەندەن)ە، لەڕووی هێرشە تیرۆریستییەکانەوە، وڵاتی (کۆلۆمبیا)ی لەپلەی یەکەمدا ڕیزبەندکرووە، ئەمە لەکاتێکدا کە دەزانین تیرۆر لەکۆلۆمبیا بەهۆی سیستمی قاچاخچییەتیکردنی بەماددەی بێهۆشکەرەکانەوە بەڕێوەدەچێت، هەربۆیە دەشێت جەنگ لەدژی ڕێکخراوێکی تاوانباری وەك ئەمە لەسەر ئاستێکی فراوان بەرپابکەین، چونکە گەر تیرۆر بەتەواوەتی لەتاوانێکی ئاسایی جیابکرێتەوە، ئەوا تیرۆر بەتەنیا پشت بەناوەرۆکە بنەڕەتییە سیاسییەکەی دەبەستێت، بەڵام کامانەن پاڵنەرە سیاسییەکانی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، بەلای (هابرمان)ەوە، ناوەرۆکی سیاسی تیرۆر بریتییە لەدڵسۆزیی بۆ ئامانجەکانی، تەنانەت گەر ئامانجەکانیشی واقیعی نەبن وەك ئامانجی تێکشکاندنی ژیاری خۆرئاوا، کە تیرۆریستان پێیانوایە ژیاری خۆرئاوا ئیمپراتۆریەتی خراپەیە، لەم حاڵەتەشدا ناکرێت تیرۆر لەتاوانێکی سیاسی جیابکرێتەوە، بەڵام بەبەراورد بەبیرکردنەوەکانی هابرمازو دێریدا لەو باوەڕەدایە کە تیرۆر سیمبول و نیشانەیەکە بۆ ئاژاوە، کە خاوەنی پاراستن و بەرگرییەکی خودگەرانەیەو کاریگەریی لەسەر جیهان بەجیهانگیریکراومان هەیە، هەروەها تیرۆر وەك نموونەی جۆرە ئامێرێکە کە بەئازادییەکی گەورەوە لەدەرەوەی سنووری خۆی و لەسەر چەندین ئاست دەستبەکارە، بەدڵنیایی لەڕووی مێژووییەوە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕابردوودا هەستاوە بەپڕچەککردن و ڕاهێنانی ڕەوتە ئیسلامییە پەڕگیرەکان، دژی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران لەئەفغانستان، خودی (بن لادن)یش یەکێکبووە لەو ئیسلامییە توندڕەوانە، کە لەو کاتەدا سیمبولی

میلیشیاكان بووەو هەنووكەش دڵی ستراتیژیی بزووتنەوەی قاعیدەیە، هەروەها لەڕووی سایكۆلۆژییەوە تیرۆر كار لەسەر رووداوی شۆكئامێزو دینامیكی دەكات. تیرۆر لەسەر ئەو هێزە بزۆكانە گەمە دەكات، كە فڕێی دەدەنە ئایینەوە، دێریدا دەڵێت تیرۆر پتر لەئایندەدا نیشتەجێ دەبێت، وەك لەوەی كە لەڕابردوودا نیشتەجێ بێت، هەر ئەمەش وایكردووە كە بەبەدرەوامی چاوەڕوانی روودانی بین، واتە تیرۆر هێشتا لەهەموو جێگایەك روو دەدات، یاخود ئەگەری روودانی هەیە، تیرۆر لەسەر فۆرمی (هەواڵە كتوپڕو خێراكان) دەڵەوەڕێت، كە لەساتەوەختی رووداوەكانی ١١ی سێپتەمبەرەوە دەستیان بەسەر كەناڵەكانی خۆرئاوادا گرتووە.

***ئایا دێریداو هابرماز، لەنووسینەكانیاندا، یاخود لەبەیاننامە گشتییەكەیاندا لێكچوونیان دەرخستووە؟**

—نزیكایەتیی ئەم دوو بیرمەندە زۆر تازەیە، بەبۆچوونی من وابەستەیی و پەیوەندیی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ داواكارییە چارەنووسسازەكان، كە لە ١١ی سێپتەمبەرەوە سەریانهەڵداوە، ئەم رووداوە تیرۆریستییە ئەوانی وەك دوو رووناكبیری نیشتمانی خستەڕوو، كە هەریەكێكیان باوەڕی وایە دژایەتیكردنی تیرۆری جیهانی، شێوازێكی دیاریكراو دەخوازێت بەگواستنەوەو دەستبەرداربوون لەمافی نێودەوڵەتی كلاسیكی، كە هێشتا لەسەر شێوازو نموونەی سەدەی نۆزدە بۆ دەوڵەتی نەتەوە بوونیادنراوە، بەرەو سیستمێكی نوێی جیهانی، كە تێیدا دەزگا هەمەلایەنەكان و هاوپەیمانەتییە كیشوەرییە فراوانەكان ببنە فاكتەرێكی سەرەكیی سیاسی.

دیارە لەئێستادا هەندێك لەم دەزگایانە بوونیان هەیە، گەرچی هێشتا پێداویستی بۆ دامەزراندنی دەزگای زیاتر لەئارادایە، هەروەها فەلسەفەش رۆڵێكی دیاریكراوی دەبێت و هەڵدەستێت بەوێناكردنی كارو بەرپرسیارییەتی ئەم دەزگایانە، ئەم دوو بیرمەندە هەستیان بەوەكردووە تیرۆر چەمكێكی سەرسامكەرە، بەشێوەیەكی ترسناك و مەترسیدار، ئیدارەی ئەمریكی بەشێوەیەك زاراوەی تیرۆر بەكاردەهێنێت، وەك ئەوەی كە واتایەكی روون و شەفاف هەبێت، هەر ئەمەش رێگە بەحكومەتەكەمان دەدات كە تا ئەندازەیەكی دوور بەشێوازی پراگماتیكی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی تیرۆردا بكات، بەڵام

ئەم مەسەلەیە تەنیا بەشێوازی پراگماتیکی ئاڵۆز نییە، بەڵکو لەڕووی تیۆریزەکردنیشەوە ئاڵۆزو دژوارە، ئایا جەنگی بێتیرۆر بوونی هەیە؟ واتە ئایا جەنگێك بوونی ماوە بەدەرە لەکوشتنی کەسانی مەدەنی، بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەدەروونیاندا، یاخود بۆ دەستگرتن لەسەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییەکی دیاریکراودا؟ ئایا جیاوازیی نێوان تیرۆر لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی چییە؟ یاخود جیاوازی تیرۆر چییە، لەسەر ئاستی ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان؟ ناکرێت بەئاستی مانای تیرۆر روونبکەینەوە، لەکاتێکدا کە چاکە لەلایەکی دابێت، خراپەش بکەوێتە لاکەی تریەوە، یاخود لەکاتێکدا لەگەڵماندا بێت و یان دژی ئێمەبێت، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو (ئێمە)یە کێیە؟ وادیارە بۆ من و هابرماز ئەوروپایە، کە لەجیهانی دوای رووداوەکانی سێپتەمبەر وەك شوێنێکی دیموکراسی و مەدەنی راستەقینە سەرهەڵدەدات، ئەوروپا نموونەی فاکتەرە سیاسییە تازەکانە کە لەدەوڵەتی نەتەوەیی کۆن ناچێت، بەهەموو رەچەڵەکە هەریمایەتی و ئەتنییەکانییەوە، هەروەها لەدەوڵەتی فیدراڵی زۆر سادەو ئاسانیش ناچێت، بەڵکو کیشوەری ئەوروپا لەجەوهەردا بریتییە لەیەکەیەکی فرەڕەهەندو هەمەلایەن کە لەهەناویدا هەڵگری یادەوەریی سەردەمێکی درێژخایەنی ئازاراوییە لەزەمەنی جەنگ، هێشتا تیراژیدیا لەیادوەری ئەوروپییەکاندا دەژی بەپیروگەنجەوە، دژایەتیکرنیشیان بەبەشداریکردن لەجەنگی عیراقدا، سەلماندی کەبوونی ئەوروپا ئەزمونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە شارەزایی وپسپۆڕییەکەی لەناو ئەقڵانییەتەکەیدایە.

سەرچاوە: رۆژنامەی (الادیب)ی ژمارە (٤٢).

# گوناهی سروشتی فەلسەفەی ئەڵمانی، قسەکردنە بەزمانی خوازە(١)



و: ڕێبوار حەمە تۆفیق

(کارل رایمۆند پۆپەر) لە٢٨ی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٨٧ دا، تەمەنی دەبێتە ٨٥ ساڵ. بیری ئەم فەیلەسوفە تەنها پەیوەندی بەزانستی سروشتییەوە نییە، کە لەم سەدەیەدا(مەبەست لەسەدەی بیستەمە) کاریگەری هەیە، بەڵکو لەبواری سیاسەتیشدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە، دەربارەی دەسەڵات، فەرمانڕەوایی، رێگەی پڕدڕکەڵانی حەقیقەتو هەڵەکانی(سیگموند فرۆید)یش قسەی خۆی هەیە.

**رۆژنامەی دی ولت:** بەڕێز پرۆفیسۆر پۆپەر، ئێوە(سەرکەوتوترین) فەیلەسوفی دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمن،(سەرکەوتوو) لەلایەنی کاریگەریتانەوە لەسەر ڕای گشتی، رێبازی رەخنەگرانەی ئێوە، هەم لەسەر تیۆرە زانستییەکانو هەم لەسەر سیاسەت، بەرهەمی قوڵی لێکەوتووەتەوە. سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاو ئەڵمانیا دان بەوەدا دەنێن کە لەئێوەوە چەند شتێکیان بەدەست هێناوەو لەتەواوی وتنە تیۆریو

پراكتیكییەكانتان، لەسەر ئەو بابەتە سەرەكیانەی كە ئێوە خستوتانەتەڕوو، ڕۆڵدەگێڕن، ئەگەر ئێوە چاوێك بەبەرهەمەكانتاندا بگێڕن، سەرەكیترین بەرهەمتان بەكام بەرهەمە دەبیننەوە؟

**پۆپەر**: ـ وتنی ئەم داوایە زۆر قورسە. ئەوە ڕاستە كەمن سەركەوتنی دەرەوەم زۆر هەیەو ژمارەیەكی زۆر دكتۆرای ڕێزلێنانم وەرگرتووەو هەروەها ئەندامی چەند ئەكادیمیایەكی جیاوازیشم، بەڵام سەرەڕای هەبونی ئەمانەش، هەستدەكەم(یان تەنانەت هەندێك زیاتر لەوەی كە هەست بكەم) كتێبەكانم بەدەگمەن دەخوێندرێتەوە. هەڵبەتە ئەوە ئاشكرایە كە چەندان كتێب دەفرۆشرێت، بەڵام لەڕاستیدا خەڵكانێكی زۆركەم ئەوانە دەخوێننەوە. ئەم ئاراستەیەو ڕێزێك كە سەبارەت بەمن هەیە، بێگومان پەیوەندی بەفەلسەفەی سیاسی منەوە هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، من پەیوەندییەكی كەمم بەسیاسەتەوە هەیە، واتە پەیوەندی ڕاستەقینەی من پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییە، ئەوەی كە لەپێش هەرشتێكەوە بۆمن جێگەی سەرنجە، سروشتو زانستی سروشتییە، واتە جیهانە.

**ڕۆژنامەی دی ولت**: ئالێرەدا، بۆ ئەوەی كە لەسنوری فەلسەفەی سیاسیدا بمێنینەوە دەمەوێت بپرسم: ناوەندی سەرەكی بیرو ئەندێشەی سیاسی ئێوە لەسەر چ شتێكە؟

**پۆپەر**: ـ لەڕاستیدا، من لەم بارەیەوە، شێوازێكی نوێی خستنەڕوی مەبەستو كێشەی لەمێژینەی سیاسەتە. فەلسەفەی سیاسی ناسراو بابەتی سەرەكیو بنەڕەتی(سیاسەت) لەچوارچێوەی ئەو پرسیارەدا دەخاتەڕو كە(دەبێت چ كەسێك حكومەت بكات ـ دەسەڵات بگرنەدەست ـ و: كوردی؟) كەمن پرسیارێكی ترم لەشوێنی ئەمە دانا (كە هیچ كەسێك سەرنجی پێنەدا). پرسیارە نوێیەكەش ئەوەیە كە: (چۆن دەتوانرێت حكومەت تا ئەندازەیەكی وا لەژێر فشاردابێت كە كاری زۆر نالەبارو ناپەسەند بەئەنجام نەگەیەنێت)؟ وەڵامەكەی وەهایە: لەڕێگەی ئەوەی كە دەوڵەت(یان حكومەت) لابرێت. بنەڕەتی دیموكراسیش ئەوەیە كە بتوانرێت دەوڵەت بەبێ خوێنڕشتن لابرێت.

بەبڕوای من ئەو پرسیارەی: كە(دەبێت چ كەسێك حكومەت بكات؟)تەواو نادرووستە، چونكە ناتوانین سەرەتا هەناوی تاكەكان شرۆڤە بكەینو تاقیانبكەینەوەو دواتر ڕێگەیان

بدەین کە حوکمڕانێتی بکەن، بەڵام بنەڕەتی کاری گرنگ لەوەدایە کە بتوانین ئەوان لاببەین، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتوانین ئەوان تا سنورێك مەجبوور بکەین کە گوێ بدەنە رای گشتیو ڕێزی لێبگرن. ئەو پرسیارەی کە(دەبێت چ کەسێك حکومەت بکات؟) (زانایانی کەم یان نەزانانی زۆر؟) هەمیشە بابەتی سیاسەت بووە. لەئەفلاتونەوە بگرە تا نزیکەی تەواوی فەیلەسوفەکان، هەروەها کارل مارکسیش لەسەر هەمان بابەت(دەبێت چ کەسێك حکومەت بکات؟)دەپرسێت: (سەرمایەداران یان کرێکاران؟)، وەڵامی ئیستای ئێمەش کە(دیموکراسی)ناوە، وەڵامی هەمان پرسیارە کە لەبنچینەدا نادروستە، چونکە(دیموکراسی)بە (دەسەڵاتداریتی خەڵك) پێناسەکراوەکە لەئەنجامدا وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: (دەبێت چ کەسێك حکومەت بکات؟) بەو جۆرە دەداتەوە کە(خەڵك) دەبێت حکومەت بکات. بەڵام خەڵك لەهیچ شوێنێکدا حکومەتیان نەکردووەو ناشیکەن، ئێمە دەبێت دەستورە دیموکراتییەکانمان لەسەر بنەمای پرسیارێکی ئاقڵانە، واتە لەسەر بنەڕەتی بابەتی تر تەفیسر بکەین، ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەتوانین بەجۆرێکی زۆر کاریگەر پشتگیری لەخراپە بکەین(تەنانەت ئەگەر بەدڵنیایشەوە نەبێت).

ئەم گۆڕانە لەبنەڕەتدا بووە هۆی خستەڕووی پرسیاری ئاشکراکردنی فەلسەفەکە، پێش هەرشتێك پێچەوانەی فەلسەفەی ئەڵمانییە. مەبەستم ئاشکراکردنی ئەو بابەتەیە کە نەدەبوو لەبابەت(زات)ەوە پرسیاربکرێت. خستنەڕووی پێشاندانی(زات)و فەلسەفەی(زات) لەبڕوای مندا هەڵەیەکی بنەڕەتییەو ئایندەیەکی خراپی هەیە.

ئەگەر پرسیار بکرێت کە(زاتی دیموکراسی چییە؟) دیارە وەڵام ئەوەیە کە(حکومەتی خەڵك)ە، بەڵام شتێکی ئاوەها هەرگیز بوونی نییە ئەمە تەنها وەڵامێکی سەرزارییە. لەکوێدا(تائێستا)بینراوە کە خەڵك حکومەت بکات؟ تەنانەت لەشۆڕشی فەرەنساشدا شتی وانەبووە، ئەوە خەڵك نەبوو کە(گیوتن)ی بەکارهێنا، بەڵکو ئەوە تەنها ژمارەیەك لەڕابەرانی دیوانەی خەڵك بوو. لەسەر ئەم بنەمایە خستنەڕوی پرسیارێك لەبارەی زاتی دیموکراسییەوە کۆتایی بەتیۆریایەکی نادروست هێنا کە خەڵکی دەبێت حکومەت بکات. بەڵام خەڵکی حکومەت ناکات، بەڵکو ئەوەی کە حکومەت دەکات دەوڵەتە، خاڵی سەرەکی لەوەدایە کە دەبێت لەبەرامبەر ئەم حکومەتە یان ئەم دەوڵەتەدا بەشێوەیەك

لەشێوەکان دەسەڵاتیان بەسەردا بسەپێنن، ئەم کارە تەنها لەکاتێکدا شیاوە کە بتوانن ئەوان لەکاربخەن.

لەسەرکارلابردنی دەوڵەتی خراپ یان مەترسیداریش تەنها بەسیستمی هەڵبژاردنی رێژەیی یان نزیک لەرێژەییەوە نابێت. بەرەخنەگرتن لەسیستمی هەڵبژاردنی رێژەیی، دەتوانن یەکێك لەرەنگدانەوەکانی دانانی ئەو پرسیارە نادروستە ببینن. سیستمی هەڵبژاردنی رێژەیی لەسەر ئەو تیۆرەیە بیناکراوە کە پەرلەمان دەبێت ئاوێنەی رای گشتی گەل بێت: پەرلەمان دەبێت (نوێنەر)ی گەل بێت بەجۆرێك کە گەل بتوانێت بەهۆی نوێنەرەکانیەوە حکومڕانێتی بکەن. ئەم کارە دیسان(خستنەڕوی) کێشەیەکی نادروستە، دەسپێکی هەڵەو خستنەڕوی پرسیارێکی هەڵەیە، واتە ئەو پرسیارەی کە(دەبێت چ کەسێك حکومەت بکات؟). بەگشتی هیچ شتێك ناخوێنمەوە کە دەربارەی من نوسرابێت، بەڵام ئەوەندە سەیریان دەکەم کە ببینم ئایا ئەو قسەیە لەبارەی گۆڕانی بنەڕەتی پرسیاری پەیوەندیدار بەدیموکراسییەوەیە یان نا. وادێت بەبیرما کە تائێستا هیچ کەسێك بەڕاستی سەرنجی لەوە نەداوە.

**رۆژنامەی دی ولت:**بەرهەمی یەکەمین‌و گەورەی ئێوە، هەروەکو کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی‌و هەژاری مێژوو لەم لایەنەوە کاریگەرییەکی قوڵی هەبووە کە ئەو یۆتۆپیایەی گوایە دەتوانێت"دەسەلات پەیدا بکات‌و هەموو کۆمەڵیش بگۆڕێت" هەرچەندە نەوەستاوە، بەڵام لەزۆر رووەوە جێگەی گومانە. ئەمڕۆ سیاسەتمەدارانی دیموکرات کاتێك دەیانەوێت لەبزوتنەوە یۆتۆپییەکان کەم بکەنەوە، پشت بەئێوە دەبەستن، ئایا ئەمە ئێوە بێتاقەت ناکات؟ ئایا ئەمە لەیەکتر تێنەگەیشتن نییە؟ ئایا ئەمە جێگەی خۆشحاڵی‌و شادی تۆیە؟

**پۆپر:** باوەڕناکەم کە ئەمە لەیەکتر تێنەگەیشتن بێت، لەڕاستیدا چەند تیۆرێکم دەربارەی دیموکراسی نووسیوە، بەڵام دەربارەی دیموکراتییەکە هەندێك بەجۆرێکی ترە. لەیەکتر تێنەگەیشتن لەوێدایە کە کەسێك وابیربکاتەوە من پەیڕەوی لەحزبێك یان چەند حزبێکی دیاریکراو دەکەم. من هەمیشە نەیاری حزبە تایبەتەکان بووم نەك لەگەڵیاندابم.

**فرۆید نەیتوانی جیاوازیی لەنێوان سێکس و عەشقدا بکات**

**ڕۆژنامەی دی ولت:** ئایا ئەوەی کە ئێوە بۆ دەوڵەتی دیموکراسی رایدەسپێرن، بۆ تـەواوی ناوەنـدە کۆمەڵایەتییـەکانی تـریش؟ بـۆ نموونـە بـۆ خێـزان، پیـاوی عاشـقو مەعشوقەکەی یان بۆ پەیوەندی مامۆستاو قوتابی؟

**پوپر**: بەڵێ، بەباوەڕی من بۆ تەواوی ئەوانە شیاوە. کاتێك کە سەبارەت بەپەیوەندی عاشقانە قسەدەکەن، من فرۆیدم بیردەکەوێتەوە. کەسێك ناتوانێت ئینکاری ئـەوە بکـات کە غەریزەی جنسی بـوونی هەیـەو ئـەم غەریزەیـە بەشـێکی گرنگـی لـەژیانی ماسـی یـان مرۆڤدا داگیرکردووە، بەڵام لەبەرهەمەکانی فرۆیدا ئەم تێزەی خوارەوە لەهەموو شوێنێکدا بوونی هەیە(هەرچەندە ئەو هـەرگیز بـەدیاریکراوی ئـەوەی نەخستووەتەڕوو): عەشـق؟ : عەشـق تـەنها بـەواتای سێکسە. بـەباوەڕی مـن، ئـەم تێـزە کاریگـەری زۆرڕوخێنـەری بەجێهێشتووەو تەواو نادروستە. ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی کە ئەم تێزە بەهەڵـە دابنرێـت کاتێك کەسـێك تـەنها پـەیوەنـدی سـۆزداریی بەسـەگەکەیەوە هـەبێتو ئـەوی خۆشـبوێت. ئەگـەر مـرۆڤ چـاوەکانی سـەگێك ببینێـت کـە بـەئارەزووەوە تەماشـای دەکـات، یەکسەر هەست بەوە دەکات کـە ئـەو سـەگە بـەبێ ئـارەزووی جنـسی ئـەوی خۆشـدەوێت، وەکـو ئەوەی کەسەگێك خاوەنەکەی بەجۆرێکی باوکانە ببینێت، بەڵام بابەتەکە هەرگیز وانییـە، گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت پەیوەندی عاشقانە بهێنێتە ئاراوەو بتوانێت لێپرسراوێتی هەبێتو لـەم بارەیـەوە شـەرمەزار نـەبێت، چـونکە بەپێـچەوانەی ئـەم وێنەیـەوە، عەشـق کۆتایی پێدێت، بەڵێ، مـن وابیردەکەمـەوە کـە دەروونناسـی لـەم بارەیـەوە زۆر لێپرسـراو بووە.

هەڵبەتە دەرونزانـی بـاشو لـەباریش بونیـان هەیـە، بـەڵام(جوڵانـەوە)ی دەروونناسـانە شتێکی ترسناکە. ئەم جوڵانەوەیـە تـەنها لەئەمـەریکا نـەبوو کەئایـدۆلۆژی زۆر ترسـناکی هێنایـە ئـاراوە. مەبەسـتم لـەو تیۆرییەیـە کـە دەڵێـت هـەرجۆرە لێگرتنەوەیـەکی کەسـی بـەواتای قڵپکردنـەوەی مـەیلی جنـسی مرۆڤەکانـەو لەئەنجامـدا جێگـەی مەترسـییە. لـەم بارەیەوە پێویست بەگفتوگۆی زیاتر ناکات. بەپێچەوانەی ئەمەوە واتە بەبێ لێگرتنـەوەی غـەریزەی جنـسی بەدەسـتی خـودی کەسـەکان خۆیـان، پێویـستیی پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤەکان شتێکە مەحاڵە. ئەمـەش بـەم سـادەییە راسـتێتی هەیـەو(فرۆیـد ئـەم راسـتییە دەزانێت).

سەرەڕای ئەمە، بەهایەکیش بوونی هەیە، فرۆید لەهیچ جێگایەکدا بەشێوەیەکی فراوانو هەمەلایەنە زۆر پەیوەندیی جنسی دوپات نەکردووەتەوە. پەیوەندیەك کەلەسەرێکەوە(هۆکاری) کوشتنی جنسییەو لەسەرێکی ترەوە ئەو عەشقەیەکە ئامادەی قوربانیدانی خۆیەتی. ئەو لەهیچ شوێنێکدا ئەمەی نەنوسیوە کە لێرەدا، بەهاش بوونی هەیەو دیارە، (لەبەرهەمەکانی فرۆید)دا وتەیەك لەبارەی بەهاگەلی نادیارەوە لەسەر عەشق لەئارادا نییە، تەنانەت یەك وشەش نییە لەم بارەیەوە. عەشقێك تاسنوری قوربانیدانی خۆی دەڕوات کە سێکس نییە بەتەنها، بەڵام من لێرەدا نامەوێت لەسەر ئەوە ئامۆژگاریی بدەم، ئەگەر ئێمە لێرەدا بەم شێوەیەو بەپێچەوانەوە قسەنەکەین(دەبینین) کە چەند سادەو ڕۆشنە. قسەکردنی پێچەوانەو ناڕێك ـ زمانی ئەدەبی ـ میراتی فەلسەفەی ئەڵمانییە.

**ڕۆژنامەی دی ولت:** ئەم بابەتەپەیوەندیی بەتیۆری زانینی ئێوەوە هەیە، واتە بەجیاوازیی نێوان سەلماندنی ڕاستی(٢) و سەلماندنی درۆوە(٣). بەو مانایەی کەئەگەر نەتوانین نادروستیی تێزێك بسەلمێنین، ئەوا ئەو تێزە تا هەڵنەوەشێتەوە هەر جێگەی بڕوا دەبێت. سەبارەت بەسەلماندنی ڕاستی لەڕێگەی هەوڵدان بۆ سەلماندنی درۆ یان هەڵوەشاندنەوەی گریمانەکانەوە، ئایا ئێستاش لەسەر هەمان باوەڕی ناسراوی خۆتانن یان ئەوەتان گۆڕیوە یان تەواوتان کردووە ؟

**پوپر**: تەواو ڕاستە، شکستی هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی تێزێك، لەڕاستیدا سەلماندنی ئەو تێزەیە. سادەیی‌و ئاسان تێگەیشتنی هەندێك لەشێوازەکانم بنەڕەتی کۆی بەرهەمەکانمە، کەئەوەش بەگرنگ دەزانم. ڕەنگە بێ بۆنە نەبێت کە شتێکی تریش بڵێم. من هەمیشە دەربارەی مەبەستو کێشەکان قسەم هەیە، زیاتر لەبارەی مەبەستو کێشەکان دەدوێم تا دەربارەی ڕێگە چارەکانیان. ڕێگە چارەکان زۆر گرنگن، بەڵام مەبەستی سەرەکی من ڕێگە چارەی تاقیکردنەوەکانە. گرنگ ئەوەیە کە کێشە یان مەبەست یان بابەت ببینرێتو لێی تێبگەین دواتر ڕۆشنو سادە بخرێتەڕوو. بێگومان هەمیشە جەختکردن لەسەرکێشەکانە و دەبێت ئێمە هەرچی ڕۆشنو ڕۆشنتر ئەوانە بناسینو پێناسەیان بکەینو نەخشەیان بکێشین. بێگومان دەبێت ئێمە لێرەدا ڕێگەچارەکان (پێشنیاری ئێمە لەبارەی) کێشەکانەوە تەنها گریمانەکردن بێت. دەبێت

سەرنجی ئێمە بۆ ئەو بابەتە بێت کە ڕێگەچارەکان ئەوەندەی کە لەتوانادابێت کۆنترۆڵبکرێن و تاقیکردنەوەو کۆنترۆڵکردن بەشێوەیەکی ڕاست ئەنجام بدرێت. ئەم بابەتانە تەنها لەزانستی سیاسەتدا نییە، بەڵکو لەسیاسەتیشدا هەروەهایە، هەستدەکەم هەندێك کاریگەریی هەبێت. لەسیاسەتیشدا ڕاگەیاندراوەکان لەڕێگەی خستنەڕووی پێشنیارەکانەوە ڕێگەی خۆیان دەگۆڕن. دەبێت ئەوە پێشنیار بکەن، ئەو پێشنیارانەی کەدەخرێنەبەر باسکردن و بتوانین ئەوانە شرۆڤەو کۆنترۆڵ بکەین. تەسەوردەکەم ئەم گۆڕانە لەسیاسەتیشدا وێنەی هەبێت.

**نزیکەی تەواوی زانینەکانمان لەکاتی لەدایکبونەوە لەگەڵماندایە**

**ڕۆژنامەی دی ولت:** بەڕێز، پرۆفیسۆر، لەتیۆری ئێوەدا بابەتی بینین (٤) چ وێنەیەکی هەیە؟ ئایا بینین لەلای ئێوە بۆ خستنەڕوی یەکەمین گریمانە پێویست نییە ؟ مەبەستم لەگریمانەیەکە کە دواتر هەوڵ دەدات تا ڕاستی ئەوانە بسەلمێنێت؟

**پوپر:** بەبێ بوونی بینین هیچ کارێك بەرەو پێشەوە ناڕوات، بەڵام (ئەم کارە زۆر گرنگە)بینین جۆرێك لەڕوانینە جۆرێك وەرگرتنەکە کە بەهیچ شێوەیەك پێویستی بەحەقیقەتی ئێمە نییە، بەڵکو ئەگەر بەهەڵەش بێت، بینینەکانی ئێمە ڕەنگە لەگەڵ بوونی تەواوەتی هێزی باوەڕپێکردندا کەلەخۆیدا شاردویەتییەوە تەنانەت هەڵەبێت. نەبەبێ بینین و نە بەبێ ویستی پێویست بۆ کارێك کە لەم لایەنەوە بەدەست دێت کارێك بۆ پێشەوە ناڕوات، بەڵام دەبێت ئەوە بۆ ئێمە ڕۆشن بێت کە لەزۆرێك لەدۆزینەوە دەرونییەکانی ئێمە هەڵەیەو دەبێت ڕەخنەگرانە شرۆڤەیان بکەین.

نزیکەی تەواوی فەیلەسوفەکان لەو باوەڕەدان کە ئێمە زانینی خۆمان لەڕێگەی ڕوانینەوە، لەڕێگەی سەیرکردنی دنیای دەرەوەوە بەدەست دەهێنین. من ئەم سەرنجە(هاوڕا لەگەڵ کانتدا) بەنادروست دەزانم. تەسەوردەکەم کە ئەمڕۆ تەواو ڕۆشنە کە ئێمە بەنزیك کراوەیی لەگەڵ تەواوی زانینی خۆماندا لەدایك دەبین، نزیکەی تەواوی زانینەکانمان لەبەشی جینەکانی DNS کۆکراوەتەوە.

منداڵ چاوەڕوانی خۆشەویستیو خۆراکە، لێرەوە ئەوە دەبینین کە زانین بەدەستهاتی چاوەڕوانییەکانە. ئەمە سەرەتای ئەوەیە کە تەواوی زانینی ئێمە، دەستهاتی چاوەڕوانیو گریمانەیە. منداڵ بەم گریمانەیە، واتە بەم چاوەڕوانییە(دیارە کە هێشتا زمانی

نەگرتووە)دێتە دنیاوە کە ئەویان خۆش بوێت و خۆراکی بدەنێ، بەڵام بەداخەوە لەزۆر باردا ئەم چاوەڕوانییە نایەتەدی، واتە منداڵ خۆشەویستی نابینێت یان خۆراکی نادرێتێ یان رەنگە لەهەردوکیان بێبەش بێت، چونکە دەبینین کە یەکەم: ئێمە لەگەڵ چاوەڕوانیدا دێینە دنیاوەو ئەمە واتە زانین‌و دووەم: ئەم زانینە نایەقینە. جیاوازی من لەگەڵ کانتدا لەم لایەنەوەیە.

کانت وا تەسەوردەکات کە ئەو زانینەی لەگەڵ ئێمەدایە، یەقینییە، زانین پەیوەندی بەشوێن‌و کات‌و هۆو هۆکارەوە هەیە، بەڵام من وایدەبینم کە ئەم زانینە نایەقینییە، ئەم زانینە زانینی گومان یان روداوێکە، هەرلەم لایەنەشەوەیە کە من جیاوازم لەگەڵ ئەوانەی کە پەیڕەوی لەکانت دەکەن.

**رۆژنامەی دی ولت:** ئێوە کارتان بە(دووکێشەی بنەڕەتی تیۆری زانین) دەستپێکردو دواتر بەشێکیانتان بەناونیشانی (لۆجیکی لێکۆڵینەوە) وە بڵاوکردەوە، ئەمە دەستپێکردنی دەورەیەکی نوێ بوو لەفەلسەفەدا. واتە دەستپێکردنی ئەوەی کە ئێمە لەمڕۆدا لەژێر ناونیشانی (تیۆری زانستی) دا ناوی دەبەین.

**پوپر:** نەخێر، ئەم قسەیە تەواو دروست نییە. دەستپێکردنی کار لەسەر (تیۆری زانین) هەندێك لەپێشترە. تیۆری زانین لەکانتەوە دەستپێدەکات. من خۆم بەیەکێك لەپەیڕەوکەرانی کانت دەزانم، خۆم بەبەردەوامی پێدەری کانت دادەنێم و هەروەها بەردەوامی پێدەری کانتم لەپلەی لێکۆڵەری زانستی سروشتیداو من کانت بەدنیاناس دەزانم.

باوەڕی من ئەوەیە کە ئێمە چالاکانە لەهەوڵی ئەوەدابین کە زانینی خۆمان لەسەر سروشت‌و جیهانی دەروبەر تاقیبکەینەوە. هەروەکو چۆن منداڵ کە وڕك دەگرێت و هاوار دەکات و هەوڵدەدات تاوەکو زانینی خۆی، واتە چاوەڕوانییەکانی بێتەدی، ئێمەش هەروەکو ئەو منداڵە هەوڵدەدەین، واتە هەمومان منداڵێکی چالاکین لەزەمینەی زانینی خۆماندا.

تێزی بنەڕەتی (دیکارت) هەروەها(جان لاك)کەهێشتا هەندێك لەئەزموون گەراکان، راستییەکەی دەسەلمێنن، ئەوەیە کەهێزی دەرکپێکردنی ئێمە چالاکەو دەستەبەری(چمانت) راستەقینەییبوونی دەرکپێکردنی هەمان چالاکی بوونی ئەوانە. واتە

ئەمە كـارى دەسـتەبەرییە بـۆ وێنانـدنى ئێمـە لەسـەر واقیـع. لەهـەمان گوزارشـتدا(هێـزى دەركپێكردن) (wahrnehmung) زاراوەى (هەقیقەت) wahrheit شاراوەیە.

دەمەوێت تاقیكردنەوەیەكى زۆر سادەتان بۆ بهێنمەوە تاوەكو ئەوەتان بۆ بخەمە روو كە ئەمرۆ ژیان لەواقیعدا بەجۆرێكیتر رێككەتووە. ئێوە بەباشى چـاو ببڕنـە شـتێك لەسـەر درەختـى باخەكـەتان دواى ماوەیـەك چـاوتان ببەسـتن. ئینجـا پـێش ئـەوەى كەچـاوتان بكەنەوە هەوڵبدەن بەوردى ئەوە بخەنەڕوو كە لەسەربنەماى ئەوەى ماوەیەك پێش ئێستا بینیبوتان، چاوەڕوانى چ شتێك دەكەن؟ سەرەنجام كاتێـك چـاوتان دەكەنـەوە، شـتەكان هەندێك جیاواز لەوە دەبینین كە چاوەڕێتان كردبوو. ئەمە ئەوە نیـشاندەدات كـە یەكـەم: دەركپێكردنــى ئێمــە چــاوەڕوانى دەهێنێــتو لەئەنجامــدا گریمانــە كــانن. دووەم: ئــەم دەركپێكردنە وردو بەدڵنیاییەوە نییە.

**حەقیقەت چییە؟**

**تەنها بەحەقیقەت دەتوانین نزیک بینەوە**

هەر كەسێك دەتوانێت دەستبەجێ ئەم تاقیكردنەوەیە بەئەنجام بگەیـەنێت: سـەرەتا، بـاش سـەرنج لـەمرۆڤێك یـان درەختێـك بـدە، دواى ئـەوە چـاوەكانت ببەسـتەو بـەوردى تەسەوەربكە كە دواى چاوكردنەوە چ شتێك دەبینیت، دواى ئەمـە چـاوەكانت بكـەرەوە. ئەوە دەبینیت كە حەقیقەت هەندێك جیاوازە لەگەڵ ئەوەى كە تەسـەورت كـردووە. ئەمـە واتە بەتاڵو لابراوە. لەسەر ئەم بنەمایـە، ئێمـە نـە تـەنها هەمیشە چـاوەڕوانیمان هەیـە، بـەڵكو تــەواو لەگــەڵ ئــەو راســتییەدا رووبــەڕوو دەبینــەوە كەئــەم چــاوەڕوانییە لەگــەڵ حەقیقەتدا هاوتا نییە. واتە چاوەڕوانى ئێمە بۆ هاتنیـان نییـە. ئـەم بابەتـە گرنگـى زۆرى هەیە، چونكە ئەو هەستە بەئێمە دەڵێت كە لەڕاستیدا، لـەدنیاى واقعیـدا، ژیـان دەكـەین. واتە هیچ شـتێك بـەوجۆرە نییـە كـە ئێمـە چـاوەڕوانى دەكـەین یـان تەسـەورى دەكـەین، داوایـەك كـە فەلـسەفەى ئایدیالیـستى بـاوەڕى پێیـەتى ئەگـەر بەئەنـدازەى پێویـست كردبێتمانـەوە، رەنگـە ئایدیالـەكانى ئێمـە بـەهۆى واقیعییەتەكانـەوە چـاك بكرێـت. ئـەم چـاككردنە دووبـارە دەبێتـەوە هـەتاوەكو سـادەترین هەسـتكردنمان بـەخۆمان كـە ئێمـە لەدنیاى واقیعیدا بەسەرى دەبەین. دنیایەك كە وابەستە نییە بەئایدیاو چاوەڕوانییەكانى ئێمەوە.

**رۆژنامــەی دی ولــت:** ئێــوە لــەم تاقیکردنەوەیــدا، چ ئــەنجامێکی تیۆریتــان دەستدەکەوێت؟

**پــوپر:** ئــەم تاقیکردنەوەیــە ئــەنجامێکی تــەواو دیــاریکراوی هەیــە، زانینــی ئێمــە لەچــاوەڕوانی ئێمەدایــە. ئاژەڵــەکانیش چــاوەڕوانیان هەیــە، واتــە ئاژەڵــەکانیش توانــای زانینیان هەیـە. زۆربـەی چـاوەڕوانییەکانی کـە ئێمـە هەمانـە بەڕێژەیـەك دروسـتن، بـەڵام شــتگەلێکی نادروســتیش بــوونی هەیــە. کاتێــك کــەمن لەســەر کورســییەك دادەنیــشم، چـاوەڕوانی ئــەوە دەکــەم کــە کورســییەکەی ژێــرم نەشــکێت. ئــەم بــارە زۆربــەی کــات لەئارادایە، بەڵام بۆ هەمیشە نا. زانینی ئێمـە لەکۆمـەڵێك چـاوەڕوانی زۆر دەوڵەمەنددایـە. من جارێك ناوی ئەوەم بەئاسۆی چاوەڕوانی[٥] برد. ئێمەش هـەم زانینـی ئاژەڵیمـان هەیـە هەم زانینی گیانلەبەری، واتە ئێمە هەموو جۆرە چاوەڕوانییەکمان هەیە، بۆ نموونە: کاتی بــاران بــارین، ئــاژەڵو گیانلەبــەریش بەهــەمان شــێوە ئــەو کــارە نیــشاندەدەن. ئــەم چاوەڕوانکردنە لەسەر بنەمای گریمانەیـەو لەگـەڵ وشـەی(زانـین)دا تـەنها گریمانـە بـوونی ئەوانە شاردراوەتەوە.

دەوترێت کەزانین، واتە زانینی تەواوەتی(یەقین). لەئەنجامدا، ئەگـەر یـەقینم بەشـتێك نەبێت، ئەوا لەسەر ئەو شتەنازانم. ئەمە راستە، من بۆ ئەمـە زاراوەی(زانینـی گومـانی)[٦] بەکاردەهێنم. بەسەرنجی من، زانینی ئێمە زانینی گومان نییە.

لەڕوانگـەی فەلـسەفەی مرۆڤــەوە یــان لەڕوانگـەی فەلـسەفەی ژیانــەوە، ئــەم بابەتــە گرنگترین بابەتە. ئێمە گەیشتنێکی بـەرزمان لـەجۆرێکی پێگەیـشتوو هەیـەو گومانـەکانی ئێمە بـەهۆی ژیـانی واقیعییـەوە بـەوردی دەخرێتەبـەردەم تاقیکردنـەوەوە، ئێمـە ئێـستا لەدنیادا لەسەر زانینە گومانلێکراوەکان ژیان دەکەین، چەند بـارێکی وەهـا لەئارادایـە کـە گومانێکی زۆر تەواویان لەسەرە، بەڵام یەقین بارێکی هۆشەکییە، بەپێچەوانەوە حەقیقەت بڕیارێکی عەینی و رێکوپێکی نییـە: حەقیقـەت بریتییـە لەبـەراوردکردنی(ئـەحکام) لەگـەڵ بڕیـاری واقعیـدا، واتـە بـەراوردکردنی ئـەحکام لەگـەل واقیعیاتێـك کـە لـەدەرەوەی بـیری ئێمەدایە. حەقیقەتی عەینی و رەهایە.

**رۆژنامەی دی ولت: ئایا لەزانستی بیرکاریدا بەمجۆرە نییە؟**

پوپر: لەهەموو شوێنێکدا وەهایە، ئێمە ئەگەر شانسمان هەبێت دەتوانین لەهەندێك شوێندا بگەین بەحەقیقەت، بەلآم هەرگیز لەوە دڵنیانین کە پێیگەیشتووین. ئەمە گرنگترین کارە! واتە بەراوردی گریمانە لەگەڵ واقیعدا، ئەمە بەشێوەیەکی زۆر سادە واتا حەقیقەت. هەرکەسێك ئەوە دەزانێت کاتێك کەسێك لەبەردەم دادگادا دەوستێو دادوەر پێیدەڵێت: دەبێت حەقیقەت بخەیتەڕوو، ئەو کەسە سوێند دەخوات کە حەقیقەت بڵێت. هەرکەسێك دەزانێت کە مەبەست لەمە چییە؟ مەبەست لەمە خستنەڕووی ئەو شتەیە کە لەبەراوردکردنایە لەگەڵ واقیعدا. بەمجۆرە زیاتر دەتوانین حەقیقەت بەدەست بهێنین، بەلآم ئێمە نازانین کە ئایا بەدەستی بهێنین یان نا. تەواوی زانینی مرۆڤ بێ هەڵەنییە، واتە زانینی ئێمە تەنها زانینی گومانە. هیچ دڵنیاییەك بوونی نییە کە ئێمە لەڕێگەی حەقیقەتەوە بەدەستمان هێنابێت. بەرامبەر ئەمە، حەقیقەت تەنها بەمانای زانینی گومان بەدەست دێت، نەك لەڕێگەی یەقینەوە.

هەروەها، حەقیقەت بوونی هەیەو لەبەردەستدایە، بەلآم ئێمە هەرگیز یەقینی تەواومان نییەو دڵنیانین کە ئایا بەدەستی دەهێنین یان نا. هەمیشە توانای چاککردنو تەواوکردن بوونی هەیە. بەباوەڕی من، ئەمە گرنگترین بنەمای تیۆری زانینە، من یەکێکم لەنەیارانی سەرسەختی ڕێژەگەرایی[٧]، ڕێژەگەراییەك کە حەقیقەتی عەینی و ڕەها ناگرێتەخۆ.

ڕۆژنامەی دی ولت: ئەگەر ئێوە یەکێك بن لەنەیارانی سەرسەختی ڕێژەگەرایی، چۆن هەندێك لەقوتابیانی تۆ وەکو(فیرابێند)[٨] یان(کۆهن)[٩] ڕێژەگەرایانە بیردەکەنەوە؟

پوپر: بەداخەوە قوتابی خراپیش بوونی هەیە، قوتابییەك کە بیری ڕاستەقینەیان لەڕاستیدا (دەرخستنی) حەقیقەت نییەو لەژێرکاریگەری ڕۆژگاردا شوێنی خۆی دەکاتەوەو ئەوە دەگۆڕێت بۆ پایەبەرزی.

پەراوێزەکان: ـ

١ـ ئەم گفتوگۆیە لە٢٨ی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٨٧ دا بەئەنجام گەیەنراوە.

- سەبارەت بەوشەی(خوازە): واتە، شتێك کە لەبەرامبەریدا وشەیەکی فەرهەنگی هەیەو بەو مەبەستە بەکارناهێنرێت، بەڵکو مەبەستێکی تری هەیە کە ناگەڕێتەوە سەر وشە فەرهەنگییەکەی، واتە زیاتر مانایەکی رەوانبێژی هەبێت ـ وەرگێڕی کوردی.

٢- verification

٣- falsification

٤- intuition

٥- horizot der erwartungen

٦-vermutungswissen

٧-relativismus

٨-feyerabend

٩-kuhn

سەرچاوە: ـ

ئەم بابەتە لەکتێبی(می دانم کە هیچ نمی دانم)وەرگیراوە. گفتوگۆی(گناە فکری فلسفە المان، سخن گفتن بەزبان استعارە است)، روزنامەی دی ولت diewelt ترجمە: پرویز دستمالچی، ص ١٥ـ ٢٧.

# کەسێتیی عەرەب لەئەدەبییاتی ئەلبێرکامۆدا

نووسینی: کازم سەعدەدین
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵڵا کەریم

کامۆ پێشەکییەکی بۆ دەقی وەرگێڕدراوی ئینگلیزی ڕۆمانی (نامۆ) نووسی کەتیایدا دەڵێت: پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەوە تاوانبارکراوە کەپەیڕەوی یاساکانی گەمەکەی نەکردووە بەو واتایەی کەئەو نامۆیە بەو کۆمەڵگەیەی کەتیایدا دەژی واتا ئەو لادەدات و هەڵدەخلیسکێت بەرەو پەراوێز بوون، چونکە ڕازی نییە درۆ بکات ئەو ڕاستی دەڵێت و ڕازی نییە هەستەکانی بشارێتەوە، ئەوەش مەسەلەیەکە کۆمەڵگە وای دەبینێت کەهەڕەشە لەقەوارەکەی دەکات.



ئەو پێشتر داوای لێکرابوو کەپەشیمانی خۆی دەرببڕێت لەبەرامبەر ئەنجامدانی تاوان بەپێی ئەو شێوازە پەیڕەوکراوەی ئەو قۆناغە، ئەویش لەوەڵامدا درکاندی ئەوەی کەئەو هەستی پێدەکات لەتەنها پەشیمانییەك تێپەڕی کردووە، بۆیە لەم واتایەدا ئەوەندە هەیە کەتاوانباری بکات.

(مەرسۆ) پیاوێکە مردنی پێخۆشە لەپێناوی دەرکەوتنی ڕاستیدا منیش زۆرجار دەمگوت کەهەوڵمداوە لەڕێگەی ئەم کەسایەتییە ڕۆمانییەوە

وێنەی ئەو تەنها مەسیحە بکێشم کەدەمانەوێت، ئەو بەرامبەر ڕێزگرتنی ماف و راستی خۆڕاگرە و نەرم نابێت، چونکە ئەوتوندییەکی سەرسوڕهێن نیشاندەدات، بەڵکو بەجۆرێکی قارەمانانە، بەڵام هەڵوێستەکانی لەکۆتاییدا دەبێتە مایەی لێسەندنی ژیانی.

## * قارەمانی ڕۆمانی نامۆ کێیە؟

مەرسۆ کەنووسەرێکی بارزگانییە لەجەزائیر قارەمانی ڕۆمانی (نامۆ)یە دایکی لەخەڵوەتگەیەکی پیراندا مرد، چونکە مەرسۆ لەتوانایدا نەبوو هەڵسێت بەبەخێوکردنی و چاودێریکردنی، بۆیە دوای مردنی چوو بۆ ئەوێ، بۆئەوەی لەتەك تەرمەکەیدا شەونخونی بکات، بەڵام کەگەیشتە جێ دەرکەوانەکەی ژووری مردووەکان سەری سوڕما کاتێك مەرسۆ رازی نەبوو سەیری تەرمی دایکی بکات کە لەناو تابوتێکدا راکشابوو تاوەکو پاسەوانەکە پرسیاری لێکرد کەئایا حەز دەکات لێی بڕوانێت یان نا. ئەو لەئێوارەدا قاوەیەکی بەشیرەوە خوارد و جگەرەیەکی کێشا و داوایکرد کە ڕووناکی گڵۆپەکان کەم بکرێتەوە، بەڵام ئەوە شتێکی مومکین نەبوو، پاشان سەرخەوێکی کەمی شکاند. هاوڕێ و دۆستەکانی دایکی لەپیرەژن و بەساڵاچووەکان هاتن بۆ خەڵوەتگەکە و دەستیانکرد بەگریان سەرلەبەیانیش وەکیلەکان هاتن بۆ ئامادەکردنی تەرمەکەی دایکی بەمەبەستی بەخاکسپاردنی، لەوکاتەدا بەڕێوەبەری خەڵوەتگەکە لێی پرسی کەئایا دەیەوێت بۆ دواجار نیگای دایکی بکات یان نا ئەویش لەوەڵامدا وتی: نەخێر پاشان ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی بەڕێوەچوو.

مەرسۆ لەڕۆژی دووەمدا گەڕایەوە بۆ جەزائیر و ڕوویکردە کەناری دەریا بەمەبەستی خۆشتن لەوێ چاوی کەوت بە(ماری) کەدەیناسی و کاتێك کەزانی دوێنێ دایکی مردووە خەمبار بوو.

لەئێوارەدا مەرسۆ (ماری) برد بۆ بینینی فیلمێکی کۆمیدی پاشان بردی بۆ شوقەکەی خۆی تا لەوێ بنوێت.

مەرسۆ دوای ئەوەی چاوی کەوت بەدراوسێیەکی خۆی کەناوی ریمۆن بوو پیشەی گەوادی بوو، ریمۆن لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا تێکچووە کەیەکێك بوو لەلەشفرۆشەکان کەریمۆن دەیگوت هەڵیخەڵەتاندوە و لەگەڵ یەکێکی تردایە سەرەڕای ئەوەی کەخەرجی دەکێشا. ریمۆن لای مەرسۆ پێشنیاریکرد کەتەمبێی بکەن، بۆیە داوای لێکرد کە بەناوی

ئەوەوە نامەیەکی پڕ لەسوکایەتیپێکردنی بۆ بنووسێت کەوای لێبکات لەو کردەوەیەی پەشیمان بێتەوە، کاتێکیش کەگەڕایەوە بۆ لای لەگەڵیدا دەچێتە نێو جێگە و لەکاتی دەستبازییکردن لەگەڵیدا تف دەکاتە نێوچەوانی و دەریدەکاتە دەرەوە. مەرسۆ رایەکەی پێباشبوو رازیش بوو نامەکەی بۆ بنووسێت، بەڵام لەناوی کچەکەوە مەرسۆ زانی کەئەو کچە عەرەبێکی جەزائیرییە. پاشان ئەم کچە جەزائیرییە گەڕایەوە بۆ لای ریمۆن و کاتێك مەرسۆ و ماری گوێیان لەهاوار هاواری کچە بوو کاتێك ریمۆن لێیدەدا، ماری داوای لەمەرسۆ کرد کەداوای پۆلیس بکات، ئەویش داوای لێبوردنی لێکرد، پاشان کچە جەزائیرییەکە شکاتی کرد و ریمۆن راپێچی دادگا کرا و مەرسۆ لەوێ شاهیدی بۆ داو وتی: ئەم کچە خیانەتی لەریمۆن کردووە و هەڵیخەڵەتاندوە و ئیهانەشی کردووە. بۆیە پۆلیس بەبێ لێپێچینەوە لەشایەتییەکەی مەرسۆ کەبزانن وایە یان نا ریمۆنیان ئازاد کرد.

### * مەرسۆ عەرەبێکی بەبێ پاساو کوشت

لەڕۆژی دووەمدا ریمۆن هەریەك لەمەرسۆ و ماری و هاوڕێیەکی خۆی و هاوسەرەکەی دەعوەت کرد بۆ مەلەکردن لەنزیك رۆخی دەریا ریمۆن کۆمەڵێك عەرەبی بینی کەبرای ئەو کچەیان لەگەڵدا بوو کەخۆشی دەویست، شەڕێك لەنێوانیاندا دروست بوو یەکێك لەعەرەبەکان خەنجەرێکی دەرهێناو ریمۆنی برینداركرد دای لەدەستی و دەموچاوی، بەڵام برینەکەی قووڵ نەبوو. پاشان لەنزیك کەنار دەریا دووبارە تووشی عەرەبەکان بوونەوە و ریمۆن ئەمجارە ویستی برای کچەکە بەدەمانچە بکوژێت، بەڵام مەرسۆ پێی وت: ئەگەر ئەو پیاوە چەقۆ دەرنەکات ناتوانیت ئەو کارە بکەیت ریمۆن وتی: من جنێوی پێدەدەم و ئەگەر وەڵامی دامەوە ئەوا تەقەی لێدەکەم. مەرسۆ پێی وت: دەمانچەکەم بدەرێ و بەبێ چەك بۆ یەکتری دابەزن و ئەگەر عەرەبەکەی هاوڕێی هاتە نێوانتان یان ئەگەر چەقۆی دەرهێنا ئەوا من تەقەی لێدەکەم.

مەرسۆ دەمانچەکەی لێوەرگرت و کاتێك دوو عەرەبەکەی تر ئەوەیان بینی دوورکەوتنەوە و چوونە پاڵ بەردەکان. لەوکاتەدا مەرسۆ بەتەنها لەنزیك کەناری دەریا دەڕۆیشت و برای کچەکەی بینی کەلەسەر پشتی پاڵ کەوتبوو کەشوهەواش زۆر گەرم بوو.

مەرسۆ نەگەڕایەوە بۆ ئەو جێگەیەی لێوەی هاتووە، بەڵكو بەرەو عەرەبەكە هەنگاوی دەنا، بەڵام ئەو لەجێی خۆی هەڵنەستا، بەڵام خەنجەرەكەی دەرهێنا كەبەتیشكی ڕۆژەكە دەبریسكایەوە، مەرسۆ لەوكاتەدا هەستیكرد دەریاكە خەریكە هەڵدەچێت و ئاسمانیش باران دەبارێنێت بۆیە دەستی خستە سەر پەلە پیتكەی دەمانچەكە و فیشەكێكی تەقاند و عەرەبەكەی بریندارکرد بێئەوەی ڕاست بێتەوە ئینجا (٤) فیشەكی تری نا بەجەستەیەكی ساردبۆوە و كوشتی.




### *لێكۆڵینەوە لەتاوانەكە

مەرسۆ دەستگیركراو لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا كرا، مشتومڕەكەش زیاتر ئاڕاستەی هەستونەستی تایبەتی و ڕەفتاری بەرامبەر دایكی كرابۆوە كاتێك لەژیاندا بوو، هەروەها مامەڵەی كەكاتی شتنی تەرمەكەی و مەراسیمی بەخاكسپاردنیدا ئەوە مەسەلەیەك بوو زیاتر لەكوشتنی عەرەبەكە پێدرا. لێكۆڵەرەوەكە داوای لێكرد كەچەند مەسەلەیەكی دەربارەی ڕەفتارەكانی بۆ ڕوونبكاتەوە. دوایی چەند شایەتحاڵێك بانگكران، دەرگەوانی خەڵوەتگەكە وتی: ئەم تاوانبارە حەزی نەكرد تەرمی ببینێت، بەڵكو جگەرەی دەكێشاو چوو قاوە و شیری دەخواردەوە كاتێك دایكی تازە مرد بوو. شاهیدێكی تر وتی: مەرسۆ هەرگیز بۆ دایكی نەگریا، شاهیدی سێیەم وتی: ئەو حەزی لەقسەكردن نییە. پرسیار كرا لەماری دەربارەی سەرەتای پەیوەندییان ئەویش وتی: لەدوای مردنی دایكییەوە پەیوەندیمان هەیە و پێكەوە چووین بۆ بینینی فیلمێكی كۆمیدی. داواكاری گشتی دادگاكەش وتی: بەڕێزان ئەم پیاوە لەكاتی مردنی دایكیدا چووە بۆ نزیك دەریاكە تاوەكو خۆی بشوات و پەیوەندییەكی نامەشروعی دروستكردووە و چووە بۆ بینینی فیلمێكی كۆمیدی، هەروەها مەرسۆی بەوە تاوانبار كرد كەهاوڕێی ڕیمۆنی گەوادە و دەستیان پێكەوە تێكەڵاو كردووە، بەڵگەكەشی ئەو نامەیە بوو كەبۆی نووسی و كوشتن و

شـاهیدیدان لەبەرژەوەنـدی ریمۆنـدا لەبـەر چـەند هۆیـەك تـاوەکو سـوکترین پەیوەنـدی گەنـدەڵی رەوشـتی رێکبخـات. ئـەم قـسانە وایکـرد کەپارێزەرەکـەی بڵێـت ئایـا مەرسـۆ تاوانبارە بەناشتنی دایکی یان بەکوشتنی پیاوێك؟

داواکاری گشتی داوای سەری مەرسۆی دەکرد واتـا کوشـتنی، چـونکە ئـەو پەیوەنـدی بەکۆمەڵگەیەکەوە نەماوە کەنکۆڵی لەهەموو چـەمکە بنەڕەتییـەکانی دەکـات و لـەکرداری دڕندانە زیاتر هیچ کارێکی تر لەڕووخساریدا نابینم.

کامۆ دەڵێت: پاڵـەوانی رۆمانەکـەی نامۆیـە، چـونکە پـەیڕەوی گەمەیـەکی نـەکردووە، بۆیە ئەو بەم مانایە لەکۆمەڵگەکەیدا کەتیایدا دەژی نامۆیـە ئـەو بـەرەو پـەراوێز لایـداوە، چونکە درۆ ناکات و نەیکردووە لەمەشدا هەڕەشەیەك بۆ سەر کۆمەڵگە دەبینرێت. شتێکی راست نییە کەمەرسۆ کەسێکی دڵڕەقەو بەرامبەر رێزگرتنی راستی نەرم نییە، چونکە ئـەو یارمەتیدەر بوو لەوروژاندنی ئەو رووداوانەی کەبوونـە هۆنـەی کوشـتنی عەرەبەکـە، بـەڵام مەسیح ئەو کەسـە نییـە کەئەمـە کردەوەکـانی بێـت ئەگـەر گـۆڕا بێـت بـۆ مەسـیحییەکی ئەوروپی نوێ کەدرۆو داوێن پیسی و کوشتن بکاتە پیشە.

## * رۆمانی تاعون

تــاعون بەواتایــەکی ورد رۆمــان نییــە، بــەڵکو بریتییــە لــەوەعزێکی سـیمبولییانەو لەهۆنینـەوە بـەدەرەو جگـە لەسـێ کەسـایەتیی، کەسـی تـری تیادانییـە ئـەوانیش شـارو حیکایەتخوان و تاعونن، حیکایەتخوانەکە دکتۆر (ریۆ) یە کە پـشتی بەسـتووە بەیاداشـتە رۆژانەییەکانی کەسێك کە ناوی (تارۆ) یـە ئـەویش پـشتی بەسـتووە بەلیـستی قوربانیـانی نەخۆشی تاعون کە (گران )ی نووسەری شارەوانی شارەکە نیشانی دەدات جـەرمین بـرێ کــە کــامۆ دەرفــەتی ئــازادی چاوخــشاندنی ئــەو تێنوســانەی پــێ بەخــشیوە کــە بڵاونەکراونەتەوە دەڵێت:ئەلبێر کـامۆ بیرۆکـەی تـاعونی داهێنـا لـەپێش جـەنگی دووەمـی جیهانیداو لـەکاتی داگیرکردنـی فەرەنـسا لەلایـەن ئـەڵمانیاوە زۆربـەی خامـەکانی لەسـەر داڕشت، سیمبولیش لەم رۆمانەدا پێش هەڵگیرسانی جـەنگی دووەمـی جیهـانی کـەوتووە. شارەکە شاری (وەهران) ی جەزائیرە ئـەویش کەسـێتی دووەمـە، بـەڵام کەسـێتی سـێیەم خودی تاعونە کە هەموو ئەمانەش سیمبولن، کەواتە ئایا ئەم سیمبولانە چین؟

کاتێک کامۆ پەیوەندی بەبزوتنەوەی کرێکاری و حزبی کۆمۆنیستییەوە هەبوو لەجەزائیر تاوەکو ساڵی ١٩٣٧ حزبی کۆمۆنیست لەو کاتەدا ئەرکی بانگهێشتکردنی بۆ حزب لەناو ریزی عەرەبەکاندا پێسپارد، بۆیە ئەو زۆر ئاگاداری بارودۆخە سیاسییەکانی جەزائیربوو کە بەرهەڵستی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسای دەکردو لەخۆئامادەکردندا بوو بۆ بەرپاکردنی راپەڕین و سەربەخۆبوون، دوای دوو ساڵ دەستەی رۆژنامەی (الجمهوریە) ی چاپی جەزائیر ناردییان بۆ نوسینی راپۆرتێك سەبارەت بەبارودۆخی ئەو هۆزە شاخاوییانەی کە دەکەونە باشووری جەزائیرەوە. جەرمین برێ لەمبارەیەوە دەڵێت: بەربەرەکان نەتەوەیەکن هێشتا بیرەوەرییە شاراوەکانی دەسەلاتی رۆماو نەسرانیەکانیان تێداماوە، ئەو سەردەمەی کە بەدەستپێکردنی فەتحی عەرەبی لەو ناوچانەدا لەناوچوو، ئەوەبوو کامۆ بەراپۆرتێکەوە گەڕایەوە کە ئاماژەی دەکرد بۆ هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لەدواییدا لەهەموو نووسینەکانی ئەلبێر کامۆدا رەنگییان دەدایەوە. واپێدەچێت ئەم ئەزمونانەی کە ئەلبێر کامۆ ئەنجامیدان بوونە هۆی ئەفراندنی رۆمانی (تاعون)و کورتە چیرۆکەکانی تری. راپۆرتەکەی چیبوو، پێشنیاری چی تێدا کردبوو؟ ئایا وروژاندنی بیرەوەری رۆماو نەسرانییەکان کارێك نەبوو دژی عەرەب و ئیسلام و وروژاندنی هەستێکی جوداخوازی و دابەشبوون نەبوو لەجەزائیر؟.

جەرمین برێ دەڵێت: شارەکانیش لەچیرۆك و رۆمانەکانی کامۆدا رۆڵی بەندیخانە دەبینن، بۆیە دەبینین ئەو لەئاماژەکردنی دا بۆ شارەکان بەمەنفا ناوی بردون و فەرەنساشی بەمەلەکوت ناوبردووە هەروەك لەگروپی کارەکانیدا ئەو ناوە بەرچاو دەکەوێت. کامۆ لەدەفتەری یادەوەرییەکانی دا نوسیویەتی: لەرێگەی تاعونەوە دەمەوێت ئەو هەستی خنکاندنەو ئەو کەشوباری هەڕەشەو نەفیکردنە دەربېرم کە هەموومان چەشتومانە. برێ هەروەها دەڵێت: کامۆ نەیوێرا واتای راستەقینەی تاعون دەربېرێت کاتێك لەساڵی ١٩٤٧ دا بلاویکردەوە. رەخنەگران و توێژەرەوەکانیش وتیان وەهران گۆڕەپانی رووداوەکانی رۆمانی تاعونە کە ئاماژەیەکە بۆ فەرەنسا لەسایەی داگیرکاری ئەڵمانی نازیدا، واتا تاعون ئاماژەدەکات بۆ داگیرکەری فەرەنسا کە ئەڵمانیای نازی بوو. لەم بۆچوونەدا پێچەوانەییەکی روون و ئاشکرا لەگەڵ راکەی جەرمین دەردەکەوێت کە گوتویەتی ئەوە پێش هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی کەوتووە.

### * وەهران جیاوازە لەفەرەنسا

کامۆ لەرۆمانی (تاعون) دا دەڵێت: ئەو رووداوانە لەوەهران رویانداوە، ئەو شارەی کە لەواقیع دا بەشارێکی ئاسایی خۆی نیشان دەدات بەلای ئەو کەسەوە کە بۆ یەکەمجار دەیبینێت، ئەو شارە جگە لەپارێزگایەکی فەرەنسی لەسەر کەنارەکانی جەزائیر زیاتر نییە، ئێمەش کێین ؟ ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە ئەو شارە بەخودی خۆی دیمەنێکی قێزەونی هەیە، شارێکە باڵندەو کۆترو درەخت و باخچەی تیانییەو لەوێ گوێت لەشەقەی باڵ و خشەی گەڵای دارەکان نییەو لەوەرزی هاویندا خەریکە تیشکی خۆر ماڵە وشك هەڵاتووەکان دەسوتێنێت، دانیشتوانەکەشی لەپشت دەرگاو پەنجەرە داخراونەوە نەبێت ناتوانن بژین، ئا بەمشێوەیە دەبینین ئەم شارە هیچ جوانی و سەوزاییەکی تیانییەو بێگیانە لەناوەندی پێدەشتێکی وشك و بریندا کە بەگردۆڵکەی خنکاو لەتیشکی هەتاو دەورەدراوە.هەموو ئەوەی لەم رۆمانەدا باسیان لێوەکراوە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە وەهران شارێکی راستەقینەی نارەمزییە، کەواتە بۆچی کامۆ لەم واقیعە هەڵاتووە و خەسڵەتێکی پێوەهەڵچووی لەرۆمانەکەیدا داناوە کە نائارامی و نەبوونی متمانەی بەسیمبول پێبەخشیوە ؟

رۆژنامەنوسێك کە ناوی (رامبێر )بوو سەردانی وەهرانی کرد کە لەلایەن یەکێك لەرۆژنامە گەورەکانی پاریس–وە نێردرابوو بۆ توێژینەوە لەبارودۆخی بژێوی عەرەبەکان و کۆبوونەوەلەگەڵ دکتۆر (ریۆ) دا، ئەوەبوو ئەو رۆژنامەنووسە هەندێك زانیاری سەبارەت بەباری تەندروستی عەرەبەکان لەرێگەی دکتۆر ریۆوە چنگ کەوت. کاتێك کە تاعون دەردەکەوێت عەرەبەکان ون دەبن و ناوی هیچ کەسێکیان لەهەموو رۆمانەکەدا نابینین، بەڵکو بەتەنها ئەو بەشە دەمێنێتەوە کە عەرەبەکان لەشەقامە پێچاوپێچەکانی کە دەورەدراون بەدیوارە خانووە مەغریبیە شین و وەنەوشەییەکان تیایدا نیشتەجێ بوون. بەمانایەکی تر نووسەر لەرێگەی تاعونەوە ئاماژە بۆ عەرەب دەکات، هەر لەبەرئەوەش بوو کە ئەوان لەبەرچاو نەمان و کەوتنە بەرهەڵستکردنی ئەوروپاییە داگیرکەرەکان. رامبیری رۆژنامەنووس چووە ریزی رێکخراوی قەڵاچۆکردنی تاعونەوە واتا (شۆڕشی رزگاریخوازی جەزائیر بۆ رزگاربوون لەچنگی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی)، رامبیر لەمەدا مەبەستی ئەوەبوو رێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ دەرچوون لەو شارەی کە هەمیشە تیایدا

هەستی بەنامۆیی دەکرد و دەیوت کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەوەهرانەوە نییە بۆیە ئەو نامۆیە بەم شارە. کەواتە وەهران فەرەنسا نییە، بەڵکو جەزائیرە، بەڵام (کاستڵ) کە هاوڕێی دکتۆر ریۆ بوو دەڵێت: من دەزانم ئەم نەخۆشییە چییە، چونکە بەشێك لەخزمەتەکەم لەچین دا بەسەربردووە و هەندێك لەو حاڵەتانەشم لەپاریس بینیوە پێش (٢٠) ساڵ لەمەوبەر. ئەم نەخۆشییە لەخۆرئاوا واتا (نیشتمانی بیری رزگاریخوازی و شۆڕشگێڕی) دا نەماوە. ریۆ بەکاستڵی هاوڕێی وت: سەنتەرەکەمان چەکی تیادانییە بۆیە پێویستە لەپاریسەوە چەك بێت بۆ بەگژداچوونەوەی شۆڕشی رزگاریخوازی جەزائیر. هەواڵی بڵاوبوونەوەی تاعون و داخستنی شارەکە راگەیەنرا، واتا دەسەڵاتی کۆلۆنیالی فەرەنسا هێشتا جڵەوەکەیان بەدەستەوەیە و فەرمانیان دا بەداخستنی شارەکە.

تاعون لەڕاستیدا شۆڕشی خەڵکی ئەو وڵاتە بوو نەوەك داگیرکەری نازی ئەڵمانی، هەرچەندە هێزەکانی ئەڵمانیای نازی هێرشیان کردەسەر دەروازەو سنوورەکان، بەڵام فەرەنسییەکان نەیانتوانی هیچ بکەن لەئاستیدا، لەبەرئەوە دەرکەوت کە ریۆ و گروپەکەی نوێنەرایەتی هێزەکانی فەرەنسایان دەکرد کە جەزائیریان داگیرکردبوو نەك نوێنەرایەتیکردنی بەرهەڵستی فەرەنسی لەفەرەنسا کە وەك تاعون ونە. تاعون لەشاری وەهران گیری کردبوون و تەواو دابڕاندن لەوانەی کە لەوڵاتی خۆیان (فەرەنسا – ئەوروپا) خۆشیان دەویستن، بۆیە گەڕانەوەشیان کارێکی ئەستەم بوو. بۆیە لێرەدا دکتۆر ریۆ دەڵێت: خۆوڵاتیانم واتا فەرەنسی و ئەوروپییەکان هەوڵدەدەن کە کاروبارەکانیان لەم مەنفا کتوپڕەدا بەڕێوەبەرن واتا (وەهران جەزائیری مەنفایە نەوەك فەرەنسای مەلەکوت)، هەروەها دەڵێت: ئێمە هەموومان هەمان ئەو نانەمان دەخوارد نانی مەنفا کەواتا جارێکی تریش دەڵێم ئێمە لەوڵاتی خۆماندا نین، بۆیە وەهران شوێنێکی فەرەنسی نییە.

### * تاعون شۆڕشێکە بۆ شەڕ

لەهەمان رۆماندا و بەپێی رووداوو وتن و دانپێدانانەکان دەبینین کە تاعون شۆڕشێکی جەزائیرییە نەك جەنگی دووەمی جیهانی. دکتۆر ریۆی فەرەنسی لەگەڕەکە هەژارنشینەکانی وەهراندا جرجی بەڕێژەیەکی زۆر دەبینی (کێ هەژارە لەشاری وەهران جگە لەعەرەبەکانی جەزائیر؟)، پیاوێکی پیر پێی گوت ئەو جرجانە بەهۆی برسێتییانەوە دێنە دەرێ، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە جرجەکان لەدەرەوە نەهاتوون بۆ ئەوێ، ئەوەش نیشانەی شۆڕشی جەزائیرە نەك شەڕی داگیرکاری ئەڵمانیا. تارۆش لەبارەی ئەو

تا نادییارەوە قسەی کردووە، کە خەڵکی نیگەران کرد، ئەوەبوو هەموو خەڵکی شارەکە تووشی تا هاتن ( شۆڕش وەك تا وایە و داگیرکردنیش وەك ئاگر).

کاستل وتی من چاك دەزانم کە ئەمە تاعونە( واتا شۆڕش)، بەڵام دانانیان بەوەدا بەشێوەیەکی فەرمی ناچارییان دەکات کە چەند ڕێوشوێنێکی بێبەزەییانە بگرنەبەر، ئەو ڕێوشوێنانەش کەبەزەیی نازانن بێگومان دژی لایەنێکی هەڵگەڕاوە بەکاردێت کە هێزێکی گەورەتریان نییە، بەواتایەکی تر ئەو ڕێوشوێنانە لەلایەن فەرەنسییە کۆلۆنیالییەکانەوە دژی شۆڕشگێڕە جەزائیرییەکان پەیڕەودەکرێن. ڕۆمانەکەی کامۆ لەسەرەتایەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی ناوخۆیی بەسەریدا زاڵە کە لەڕێو گروپەکەیدا خۆی بەرجەستەبووە، ئەوانەی کە فەرمان دەدەن بۆ داخستنی دەروازەکانی شارەکەو قەدەغەکردنی هەموو جۆرێکی گواستنەوەی نامەو نوسراوەکان بۆ ئەوەی نەبنە هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە سیاسییەکانی شۆڕش، هەروەها فەرمانی ڕێگەنەدان بەدەرچوونی هیچ کەسێك لەشارەکە، چونکە ئەوە هۆکارێکە بۆ کۆچی پێچەوانە یان کۆچی گەڕانەوە بەرەو فەرەنساو ئەوروپا، هەر ئەوەش بوو کە شۆرشگێڕەکان هەوڵیان بۆ دەدا ئەوانەی کە وەك تاعون ئاماژەیان بۆ دەکرا.

تارۆ هاوڕێی ڕیۆو خاوەنی یاداشتەکان وتی: من پێش ئەوەی شاری وەهران بناسم تووشی تاعون بووم، واتا بیری ڕزگاریخوازیی و شۆڕشگێڕی لا دروستبووە پێش ئەوەی بێتە وەهران، مانای ئەوەیە کە وەهران فەرەنسا نییە بەو پێیەی خۆی فەرەنسییە، چونکە ئەو لەدواییدا ئەو شارەی ناسی.

تارۆ هەروا دەڵێت من کاتێك گەنج بووم بەبیرۆکەی بێتاوانی و پەپولەیی خۆم دەژیام، واتا من هەرگیز بیروڕایەکم نەبوو، بەڵام ئەو مەسەلەیەی کە بەسەر بیرمدا زاڵبوو ئەو سزای لەسێدارەدانەبوو کە باوکم داوایکرد بەناوی کۆمەڵگەوە بدرێت بەسەر پیاوێکدا کە بێگومان شۆڕشگێڕێکی عەرەب بوو، بۆیە لەو کاتەوە دەمەوێت پاکتاوی حساباتی خۆم بکەم لەگەڵ کوندەبەبووە سورەکەدا واتا (چینی فەرمانڕەوای فەرەنسا)، لەئەنجامی ئەو مەسەلەیەشدا هاتمە ناو کاری سیاسییەوەو پاڵم دایە ئەو خەڵکانەی کە خۆشم دەویستن، ئەمەش لێکدانەوەی تووشبونمە بەپەتای تاعون واتا هەڵگرتنی بیری شۆڕشگێری و پشتیوانیکردنی گەلی جەزائیری لەپێناو ڕزگاربوون و بەرهەڵستیکردنی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی. ئەو کات دەوترا دەبێت هەندێك قوربانی بدرێت بۆ گەیشتن بەجیهانێك کەکەس کەسێکیتر نەکوژێت، زانیشم کە من بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداریم کردووە لەلەسێدارەدانی هەزاران کەسدا، بەڵکو بومەتە هۆی مردنیان کاتێك ئەو

کردەوەو بیروباوەڕانەم پەسەندکرد کە رایکێشان بەرەو مەرگیان. من بەخۆم دەوت ئێمە ئەگەر تەنها جارێك ئاشتیخواز بوینایە پێویستی بەو چەق بەستنە نەدەکرد دەریش کەوت کە راکەی من راستە، چونکە ئەوەتا ئەمڕۆ خەڵك پێشبڕکێیانە لەیەکتر کوشتندا، هەموویان هەستیان بەپەتای کوشتن کرد واتا (پەتای تاعون کە پەتای یەکترکوشتنی نێوان شۆڕشگێڕەکانی جەزائیرو فەرەنسییە ئەوروپیە کۆلۆنیالەکانە، ئەوان ئەمڕۆ ناتوانن رێگە لە دەروونی خۆیان بگرن تاوەکو یەکتری نەکوژن، چونکە ئەوە بەشێکە لەو مەنتیقەی کە تیایدا دەژین تا ئەو ئاستەی من هەستم بەشەرمەزاریکرد لەوەی کە هەموومان پێکەوە لەناو تاعوندا دەژین.

هەروەك رەخنەگران دەڵێن تارۆ لەڕاستیدا وەك ئەلبێر کامۆ پشتگیری جەزائیرییەکانی کردو لەوەش پەشیمان بۆوە، بۆیە دەبینین تارۆ دەڵێت: تووشی گرێیەك بووم لەناو دەممدا ئیتر وامدەبینی کە نووستنی ئادەمیزادە ئاساییەکان زۆر پیرۆزترە لەژیانی تووشبوان بەتاعون، بۆیە پێویستە وازبهێنین تا تووشی پەتای تاعون نەبین واتا دووربکەوینەوە لەپشتیوانیکردنی جەزائیرییەکان، چونکە تەنها بەوە دەتوانین هیوامان بەئاشتی هەبێت، ئەگەر ئەوەش نەڕەخسا بۆمان دەبێت هیوای مردنێکی لەسەرخۆ بخوازین، لەبەرئەوە بڕیارمدا هەموو ئەوانە رەتبکەمەوە کە دەبنەهۆی کەسێك لەدوور یان لەنزیك. کەواتا تارۆ بڕیاریدا لەگروپە نهێنییەکانی شۆڕشی جەزائیر جیابێتەوەو پشتیوانیان نەکات، کامۆش پێش دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی هەمان هەنگاوی نابوو، ئاشکراشە کە ئەم ئەزموونە بووە ئیلهامی کامۆ لەنووسینی رۆمانی تاعون دا.

لەگۆڤاری (الموقف الثقافي) —ژمارە (٩) وە وەرگیراوە

بەشی شەشەم

دەروازەی دووەم

# سەردەمی ئاتیک

نووسینی: باکنەر ب – تراویك

و: حەمەکەریم عارف

**کورتەیەکی رەخنەکان:**

بە زۆری ئیرادی ئەوە لەتوسیدیدس دەگرن کە قورس و دژوار دەنووسێت. لەرادەبەدەر وشك و پابەندی نووسینی رووداوانەو نووسینەکانی شیرین و دڵگیر نین، ناوەرۆکی مێژووەکەی ئەو سنووردارەو بایەخ بەجوانیناسی یان بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان نادات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەرهەمێن توسیدیدس زۆر لایەنی پۆزەتیڤی تێدایە، و بەپێچەوانەی هیرودوت–ەوە مێژوونووسێکی وردو ئەمینە. لەهەڵبژاردنی سەرچاوەکاندا راراو دوو دڵە و لەرووی تۆمارکردنی رووداوانەوە لەهەموو روویەکەوە جێگەی متمانەیە. توسیدیدس کە بۆخۆی بەشداری شەڕی کردووە، زۆر بەوردی رووداوە سوپاییەکان دەخاتە بەر وردبینی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنەوە. ئەمە جگە لەوەی کە یەکەمین مێژوونووسە کە لەگۆشەنیگایەکی زانستی و رەخنەییەوە کەوتۆتە شەرحی رووداوە مێژووییەکان، توسیدیدس یەجگار کنەکارو وریایە و لەشیکردنەوەی هاندەرە مرۆڤانییەکاندا بێلایەنە. وێڕای ئەوەی کەئاتین بابەتی سەرەکی مێژووەکەی ئەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توسیدیدس هیچ مەیلێکی لایەنگریی لەئاتین یان ئەسپارتەی نییە.

**گیزنۆفۆن (٤٣٤- ٣٥٥ پێش زایین):**

خەڵکی ئاتین، مێژوونووس و نووسەر، سەرداری جەنگی و هاونشینی سوکرات بوو. گیزنوفون لەسایەی فەرماندەیی کورشی بچووکی شازادەی پارسدا، بەهاوڕێیەتی دەهەزار سەربازی بەکرێگیراوی یونانی، لەشەڕی ئەردەشێری دووەمی هەخامەنشیدا (٤٠١- ٣٩٩ پێش زایین) بەشداری کرد. پاشان لەئەسپارتە ئاکنجی بوو و لەجەنگی کورونیادا[1] –٣٩٤

پێش زایین) دژی ئاتین بەشداریکرد. لەبەرئەمە لەئاتین دوور خرایەوەو تاساڵی ٣٧١ پێش زایین لەئولمپیادا ژیا، پاشان چوو بۆ کورنت و تا مردن لەوێندەر ژیا.

**بەرهەمەکانی:**

(دیالۆگەکان)

بەرهەمێن گیزنۆفۆن دەربارەی سوکرات بریتیە لەچوار کتێبان لەشێوەی دیالۆگدا: بەرەڤانی لەسوکرات، زیافەت، بیرەوەرییان و پەیامی ئابووری یان ئابوورینامە. بۆچوون و تێورییەکانی گیزنوفۆن دەربارەی سوکرات سەرڤە سەرڤەیە. ستایشی سوکرات دەکات، بەڵام توانای تێگەیشتنی وردەکارییەکانی فەلسەفەی سوکراتی نییە، گیزنوفون شەیدای فەلسەفەی پراکتیکییەو چ مەیلێکی لەهزرێن تیۆریی نییە.

**بەرهەمە مێژووییەکانی:**

**هیلنیکا:**

درێژەی مێژووەکەی توسیدیدس-ەو مێژووی رووداوەکانی یۆنان لەساڵی ٤١١ەوە تا ساڵی ٣٦٢ نیشاندەدات. هیلنیکا وەکو کتێبی سەرچاوە بەرهەمێکی بەنرخە، بەڵام زەحمەتە بتوانرێت بەهاوتاو هاوسەنگی مێژووە رەسەنەکەی توسیدیدس دابنرێت. گیزنوفۆن بەبێدەنگی بەسەر رووداوە سەرەکییەکانی مێژووی ئاتیندا تێدەپەڕێت و لایەنگرانە دەکەوێتە ستایشی ئەسپارتە.



**ئاناباز (گەڕانەوەی دەهەزار نەفەری):**

چیرۆکی "بەناوبانگترین پاشەکشەی مێژووی سەربازییە". گیزنوفۆن لەم کتێبەدا لەشکرکێشی ناکامی دە هەزار سەربازی بەکرێگیراوی یۆنانی دەگێڕێتەوە کە لەساڵی ٤٠١ پێش زایین پێشڕەوی دەکات تا یارمەتی کورشی بچووکی شازادەی هەخامەنشی بدات کە دەسەڵات لەچنگی ئەردەشێری دووەمی برای دەربێنێت. ئاناباز چیرۆکی ئەم قۆشەن کێشییە لەساردەوەو لەڕێگەی

ئاسیای بچووك و بیابانی عەرەبستانەوە بۆ کوناکسا دەگێڕێتەوە. لەم شوێنەدا کورشی بچووك دەکوژرێت. لەشکری دە هەزار نەفەری دەشکێت و دووچاری پەشێوی و پاشاگەردانی و پەراگەندەیی دەبێت. یۆنانییەکان بەناچاری گیزنوفون بەفەرماندەیی هەڵدەبژێرن و لەڕێگەی کوردستان و ئەرمەنستانەوە بەرەو سەنتی باکور پاشەکشێ دەکەن تا دەگەنە کەناری دەریای رەش. لەوێندەرەوە بۆ کالسدون و بیزانس دەڕۆن و دەچنە ژێر رکێفی سیوتس-ی شای تراکیە.

سەرەنجام، نزیکەی شەش هەزار کەسیان دەمێننەوە لەساڵی ٣٩٩ پێش زایین، لەئاسیادا دەچنە ژێر رکێفی ئەسپارتە. گیزنوفون-ش بۆ ئاتین دەگەڕێتەوە.

**پەروەردەی کورش (کوروپدیا):**

ئەم بەرهەمە بریتییە لەهەشت کتێبان. وێڕای ئەوەی کە درێژو تاقەتبەرە، لەباری مێژووییەوە لەبەر سێ هۆ بایەخی هەیە:

١- یەکێکە لەکۆنترین نووسراوان لەواری بنەمایانی تیۆری پەروەردەو فێرکردنەوە کە لەوێدا بۆچوونەکانی کیزنوفون سەبارەت بەپەروەردەی سیاسی و سوپایی پێویست بۆ شازادەیەکی لاو دێتە دەربڕین. گیزنوفۆن ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن کۆرشی گەورەی شای ئێران (حوکمڕانی ٥٥٠- ٥٢٩ پێش زایین) ڕێوڕەسمی راو، سەربازی و وڵاتداری، فەرماندەیی، لاوچاکی و پاشایی فێر دەبێت. بەشێك لەم نامەیە(نووسین) مێژوو دەگێڕێتەوەو بەشەکەی تری ئەفسانە، بەڵام فەسڵ و بەشە گرینگەکانی ئەم کتێبە تەرخانن بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی گیزنوفۆن خۆی. ئەو لەپەروەردەی حوکمڕانانی نموونەییدا ئاوێتەیەك لەشێوەی پەروەردەیی و ئەخلاقی پارس و ئەسپارتە دەزانێت.

٢- ئەم نامەیە یەکێکە لەکۆنترین سەرچاوەکانی بواری کۆمەڵگەی یوتوبیایی. کورش وڵاتێکی خەیاڵی دادەمەزرێنێت کە تەنیا یەك شاری هەیە. گیزنوفۆن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەڵکی ئەم یوتوبیایە هەموو خزمەتێکی خۆشگوزەرانیان لەواری زەوجین و ساغڵەمی گشتیدا بۆ فەراهەمکراوە.

٣- هەندێك بەشی ئەم کتێبە شێوەی جۆرە رۆمانێکی مێژوویی هەیە. ژیانی کورش بەشێوەیەکی مەیلەو ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوەو سەربوری ئابراداتاس[٢] و پانتیای هاوسەریشی تەقریبەن چیرۆکێکی ریسکی مێژووییە.

**فەلسەفەی مێژوو:**

فەلسەفەی مێژوو لەگۆشەنیگای کیزنوفۆنەوە بەئاسانی پێناسە ناکرێت، هەرچەند عادەتەن ئەو بەجێگری توسیدیدس دەزانن، نیاز و مەبەستی ئەو جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو مێژوونووسەدا هەیە. گیزنوفون بەتایبەتی حەزی لەنەقڵ و گێڕانەوەی ڕووداوانە، تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەخۆی شانازیی بەشداری لەو ڕوووداوانەدا هەبووە. ئەو لەواری پراکتیکیدا هیچ هەوڵێك بۆ هەڵسەنگاندن یان لەبنج و بناوانکردنی ڕووداوە بەشەرییەکان لەباری سایکولۆژییەوە نادات.

**شێوازو تەکنیک:**

زمانی گیزنوفۆن ڕاستەوخۆ سادەو ناسکە، لەڕاستیدا زمانی وی پەیڤ و ئاخافتنی پیاوێکی ئەهلی ئەدەب و کارە. شێوازی وی لەواری مێژوونووسیدا نە مینا هیرودوت رۆمانتیکی درێژدادڕانەیەو نەوەکو توسیدیدس پڕ ئاو تاوو دەستکردە.

**کورتەیەکی رەخنەکان:**

گیزنوفون لەمەقامی مێژوونووسدا نەهاوتای هیرودوتەو نە هاوسەنگی توسیدیدسە. دورە لەتواناو بەهرەی رەخنەگریی و کاریگەریی مەعنەوی و ئەخلاقی. لەمەسەلە مەعنەوییەکاندا ئەوەندە وردبین نییە و بەتەرەفداری و لایەنگری (لایەنگری لەئەسپارتە) و خۆپەرستی و لاف و گەزافبێژی مەحکومە. لەلایەکی دیکەوە لەدیتنی ڕووداوەکاندا وردە و عادەتەن لایەنگری لەشتە ئابڕومەندەکان و مرۆڤانی و دلێرانەکان دەکات. ڕاشکاوی و توندی و رەوانی زمان، لەتایبەتمەندییەکانی نووسینەکانی ئەون. گیزنوفۆن کۆنترین گوتار (مقالە) نووسی یونانە. دوا پەیڤ ئەمەیە کە ئەو خاڵی لاوازی سەرەکی ئیمپراتۆری گەورەی پارسی بەیۆنانیەکان ناساند.

**شانۆنامە**

**تراژیدیا:**

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی:

تراژیدی یۆنان، وەکو شانۆنامەنووسی لەئینگلیستاندا، لەسروت و رسوماتنامە مەزهەبیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەفیستیڤاڵەکاندا گروپی کۆرس و کوراڵانی پیاو کەوڵی بزنیان دەپۆشی (رەنگە بۆ ئەوە بووبێت کە وەکو ساتیرەکان[٣] بنوێنن)و

دەڕەقسین و گۆرانی دیتورامب-یان لەسەر شەرەفی دیونوسوس-ی خوای شەراب و پیت و بەرەکەت دەگوت.

لە ساڵانی ناوەندی سەدەی شەشەمی پێش زایین تسپیس[٤]-ی ئاتینی، کە بەباوکی شانۆنامەنووسی بەناوبانگە، ئەو ئەکتەرەی هێنایە ناو جیهانی شانۆوە کە وەڵامی هەندێك بەشی دیالۆگی دەستەجەمی لەبەینی پەردەکاندا لەبەشی لیریکی نمایشدا دەدایەوە. بەمجۆرەو لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم بەشانەداو بەزیادبوونی هەندێك تۆخم و رەگەزی ئەفسانەیی تازە شانۆ هاتە ئاراوە. پاشان ئاسخیلۆس ئەکتەری دووەمی لەشانۆدا کردە باوو بەمجۆرە گفتوگۆو دیالۆگ لەشانۆدا باوی پەیداکرد. دوای ماوەیەکی دیکەش، سوفوکلوس ئەکتەری سێیەمی هێنایە ناو شانۆ.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی تراژیدییەوە تا رۆژگاری ئورپیدس، بەهەمان ئەندازەی زیادبوونی رۆڵی ئەکتەران، رۆڵ و بایەخی گروپی کۆراڵ کەم دەبووەوە. ژمارەی کەسانی گروپەکانی کوراڵ کە لەسەردەمی تسپیسدا پەنجا کەس بوون، لەسەردەمی ئاسخیلۆسدا هاتە سەر دوانزە پازدە کەس و لەڕۆژگاری سوفوکلوسدا گروپێن پازدە نەفەری بوو بەباو.

**دیمەنئارایی و دەرهێنان:**

هەر چەندە پەرستنی دیونوسوس لەسەرانسەری یۆناندا باو بوو، بەڵام لەئاتینندا بایەخێکی تایبەتی هەبوو. لەنێوان ساڵانی ٦٣٥- ٦٣٤ پێش زاییندا جەژنێکی گەورەی تازە بۆ دیونوسوس بەناوی دیونوسیای شار-ەوە بەو مەبەستەی لەئاخرو ئۆخری مانگی مارسدا ئەنجام بدرێت هاتە ئاراوە. گروپی کۆراڵی دیتورامب و پاشان شانۆنامەی تەواو، بوون بەیەکێك لەتایبەتمەندییە باوەکانی ئەم رێوڕەسمە. لەسەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا دانی خەڵات بەشانۆنامە براوەکان بوو بەباو. بۆ هەر یەکێك لەو سێ شاعیرەی کە لەپێشبڕکێیەکەدا بەشداریدەکرد، رێبەرێکی گروپی کۆڕاڵ هەڵدەبژێردرا، رێبەری گروپی کۆڕاڵ لەسەر حیسابی خۆی و بەپارەی خۆی پێداویستییەکانی گروپەکەی فەراهەم دەکردو ئەکتەرەکانی پەروەردە دەکرد. هەر شانۆنامەنووسێك چوار پارچەی نمایشی (تیترالۆجی) پێشکەش بەئاهەنگەکە دەکرد کە دەبوایە یەك تریلۆجی و (سێ تراجیدی کە دەربارەی یەك بابەت بن، وەکو تریلۆجی

ئورستیا-ی ئاسخیلوس) یەك شانۆنامەی تەنز ئامێز یان ساتیریك[٥] (وەكو سیكلۆپەكان-ی ئورپیدس) لەخۆ بگرێت:

لەم رۆژگارەدا هەموو ئەكتەرەكان پیاو بوون كە وادیارە زیاتر بەهۆی رەسایی دەنگیانەوە نەك بەهۆی بەهرەو توانای ئەكتەرییەوە، هەڵدەبژێردران. دیمەنە شانۆییەكان یان تەختەی شانۆ وەستایانە دەڕازێنرایەوە. جلوبەرگ و پێداویستییەكانی شانۆ بەتەواوەتی ئامادە دەكرا. هەر ئەكتەرێك دەمامك و كڵاوگیسێكی لەسەر بوو رەنگدانەوەی تەبیعەت و خوی وی و نیشانەی رۆڵەكەی بوو. پێڵاوێكی پاژنە بەرزیشی لەپێ دەكرد تا بەژن و باڵاو هەیبەتی زیاد بكات. لەسەردەمی ئاسخیلوسدا دوو ئەكتەرو (پاشان بوو بەسێ) دەچوونە سەر شانۆ، بەجۆرێك كە هەر ئەكتەرێك ناچار بوو لەهەر یەكێك لەو چوار نمایشەی كە نیشاندەدران چەند دەورێك بگێڕێت.

شانۆنامە بەمەبەستی دەرهێنان لەهاماجی ئازادا دادەڕێژرا. كورسییەكان (هەوەڵجار دارین، و پاشان بوون بەكورسی بەردین) بەشێوەیەكی مەیلەو بازنەیی بەناوی ئۆركستراوە دادەنران كە شوێنی گروپی كۆراڵ بوو. لەپشت بەشی ئۆركستراوە شوێنی جل گۆڕین هەبوو كە شوێنی گۆڕینی جل وبەرگ و دیكۆر بوو. عادەتەن گۆڕینی دیمەن و پەردە لەئارادا نەبوو. هەندێجار ئامێرێن وەكو سلینگ[٦] بۆ دەرخستن و نیشاندانی هیمادگەری غەیبانی لەسەر شانۆكەوە بەكار دەهێنرا.

**بونیادی تراجیدیا:**

بونیادی تراجیدی یونانی بەشێوەیەكی گشتی لەم بەشانە پێكدێت:

١- دەستپێك ( كەلە لەتراجیدیا كۆنترەكاندا لادەبرا)

بریتییە لەپێشەكیەك سەبارەت بەشەرح و شرۆڤەی شانۆنامەكە كە بەشێوەی مەنەلۆگ پێشاندەدرێت.

٢- رێگە، مەبەست پێی ئاوازی مقەدەماتی گرووپی كۆراڵە.

٣- رووداوی رەوتەنی و نامۆ (سێ یا چوار رووداو) ئەو بەشانە دەگرێتەوە كە كارەكتەرە سەرەكییەكان تیایاندا دەكەونە نیشاندانی هەندێك بەش لەپلۆت و نەخشەی شانۆنامەكە.

٤- مەقام، ئەو ئاوازەیە کە گرووپی کۆڕاڵ لەدوای هەر ڕووداوێکی ڕەوتەنی و نامۆ دەیخوێن.

٥- بەند، بەو شتانە دەگوترێت کە پاش مەقام ئەنجام دەدرێن.

**بابەتی تراجیدیا:**

بابەتی تراجیدی یونان یا ئەفسانەیە یا سەربهوردی پاڵەوانانە، یا هەردووکیانە. عادەتەن خواوەندان یان گەورەپیاوانی سەردەمی پاڵەوانی کارەکتەرانی سەرەکی شانۆنامەکان پێکدێنن.

**شێوەو تەکنیک:**

**پلۆت (نەخشە):**

تراژیدی یونانی پلوتێکی تەواوی نەبوو هەندێك لەتەماشاڤانان پێشوەختە خاڵە گرنگ و سەرەکییەکانی چیرۆکەکەیان دەزانی و زیاتر بۆ دیتنی ئەمە دەهاتن کە بزانن ئامادەکاری شانۆنامەکە چۆن بابەتەکەی بەرهەمهێناوە، نەك بۆ دیتنی ئەنجامی چیرۆکەکە.

لەسەر شانۆدا جوڵە کەم بوو یا هەر نەبوو. سنووورداری خودی شانۆکەو وەزع و حاڵی جلەکان کۆسپ بوون لەبەردەم جوڵەی پێویستدا. هەندێك لەڕووداوەکان عادەتەن لەدەرێی شانۆدا ڕووی دەدا (وەکو کوشتنی ئاگامەمنون) یان لەڕێگەی جاڕچییەکەوە جاڕ دەدرا (وەکو خۆکوژییەکەی ئانیتگۆنەو هەمۆن).

تراژیدیا نووسانی یونان هەندێجار یەکێتی کات و شوێن(٧) یان ڕەچاو دەکرد، بەڵام یەکێتیی کار لەڕاستیدا هەمیشە ڕەچاو دەکرا.

زۆربەی شانۆنامەکانی ئاسخیلوس و سوفوکلوس لێوان لێون لەسۆنگەو ئەنگێزەی دراماتیکی بەرزو باڵا، لەشانۆنامەکانی ئورپیدسدا، کاتێك زنجیرەی ڕووداوەکان دەئاڵۆسکێ و گرێ کوێرەیان تێدەکەوێت و قارەمان یا کاراکتەر دەگاتە بنبەست، لەبری ئەوەی کە بەدوی یەکدا هاتنی مەنتیقی و لۆژیکی ڕووداوەکان، ئەنجامی چیرۆکەکە بەرهەم بێنێت، گرێیەکان بەدەستی یەکێك لەخواوەندەکان دەکرێنەوە. هیمدادکاری غەیبانی، لەشێوەی ئامێرێکی سلینگ ئاسادا لەسەرووی شانۆ دەردەکەوێت و گرێی کارە گرێخواردووەکەی قارەمان دەکاتەوە. لەشانۆنامەدا کەشف و ناسینش کە هۆی کۆتایی

چاوەڕوانیە باو بووە. پێشگۆیی، ئیلهام و بەخت گرتنەوەو هەروەها گروپی کوڕاڵ و ئەکتەرانی سەرەکی هەمیشە لەواری کەشف و زانیندا دەوری گرنگیان هەبووە.

**کاراکتەرسازیی:**

مامەڵە کردن لەگەڵ خەسڵەت و سیرەتدا ئەگەرچی (بەگوێرەی بۆچوونی ئەرستۆ) پاش قۆناغی پلۆت و نەخشەیە لەتراجیدی یونانیدا بایەخی فرەی هەبوو. لەهەندێك شانۆنامەیاندا کاراکتەرەکان تۆزێك لەئاستی هاوڕەگەزی خۆیان باڵاترن، بەڵام لەزۆر تراجیدی دا، کاراکتەر هەم بەشێوەی نەوعی و هەم بەشێوەی فەردی دەخرێتە روو و هەندێکیان سیمایەکی ئەوەندە مرۆڤانیان هەبوو کە دەیانتوانی مایەی ستایشی هەموو خەڵکی جیهان بن.

**کێش:**

لە تراجیدی یونانیدا بەشە دیالۆگییەکان زیاتر لەسەر وەزن و کێشی سیانی ئیامبیك یان لەسەر وەزن و کێشی چواری تروکایکە[٨].

ئەو غەزەلیات و بەندە لیریکییە غەمین و شادانەی، کە گروپی کۆڕال و کاراکتەر ئەنجامی دەدەن، کێش و وەزنی لیریکی هەمە جۆریان هەیە.

پەراوێزەکان:

(١)کورونیا: شارێکی کۆنی یونانی بووە لە باکووری رۆژئاوای تب دا کە مەیدانی دوو جەنگی گەورە بووە.

(٢)ئابرادا تاس: فەرمانڕەوای شوش بووە، کە لە شەڕی ئاشورییەکان لەگەڵ کورشدا، هاوپەیمانی ئاشور بوو، پانتەئا–ی خێزانی بەدیلی دەکەوێتە دەستی سوپاییانی کورش، و بە هۆی رەفتاری جوامێرانەی کورش لەگەڵیا، ئابراداتاس پەیوەندی بە کورشەوە دەکات.

(٣)ساتیرەکان Satyrs (لە ئەفسانەکانی یۆناندا) لە خواوەندانی جەنگی بوون کە لاقی بزنیان هەبووە. ئەم بوونەوەرانە پتر کاتی خۆیان بەسوڕو سەماو رابواردنەوە دەگوزەراندو لە موریدانو خولامانی دیونوسوس بوون.

(٤)تسپیس (دەوروبەری ٥٣٤ پێشن): شاعیرێکی یونانییە. بە داهێنەری تراجیدیا دەژمێردرێ، و یەکەمین ئەکتەرە کە لە شانۆییدا بە تاقی تەنیا دەوری بینیوە.

(٥)ساتیریك: جۆرە شانۆییەکە، ئەمە پتر گەمەی پێکەنیناوی بووەو ئەکتەران بەدەم سەماو سازەوەو بەجلوبەرگی ساتیرانەوە لە ستایشی دیونوسوسدا ئەنجامیان داوە.

(٦)سلینگ: لە هەندی نمایشی یونانی کۆندا لە ساتی بڕیاردراودا خودایانیان بەهۆی ئامێری وەکو سلینگەوە دا دەبەزاندە سەر شانۆ تا قارەمان لە تەنگانە رزگار بکەن و گرێیەکان بکەنەوە.

(٧)یەکێتیی کات و شوێن: لەو شانۆنامانەدا یەکێتیی کات رەچاو دەکرێ هەموو کارەکان لە ماوەیەکی ٢٤ سەعاتەدا روو دەدەن. لەو شانۆنامانەدا کە یەکێتیی شوێن رەچاو دەکرێ گۆڕینی جددی دیکۆرو دیمەن زۆر پێویست نییە. لەو شانۆنامانەدا کە یەکێتیی کار رەچاو دەکرێ، پلۆت و نەخشەکەشی سادەو تایبەتە.

(٨)تروکایك: شیعرێکە کە کێشەکەی لە بڕگە بڕگە کردندا لە هیجایەکی درێژو لە هیجایەکی کورت پێك بێ.

## دیدار لەگەڵ عومەر دەروێش

دیداری: شۆڕش محەمەدحسێن



## دیدارێک لەگەڵ مەریوان جەلال

دیداری: چنور محەمەد



## گەشتی عاشقێک بەرەو مەرگ ئینگمار بێرگمان

ئامادەکردنی: ئـاری محەمەد



# هونەر

عومەر دەروێش:

# من موعانات لەئیشی گەنجەکاندا نابینم، خەم و خۆشی و چێژ و بابەتیش نابینم

دیداری: شۆڕش محەمەدحسێن



یەکێك لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی کورد کە خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیەتی لەکاری هونەری شێوەکاریدا و لەکاتی گفتوگۆدا بەوپەڕی شەفافانەو ڕاستگۆیانە قسەی خۆی دەکات و بێباکە لەوەی ئەو ڕاستیانە کێ و کێ دەرەنجێنێت هونەرمەندی شێوەکار (عومەر دەروێش)ە، بۆ قسەکردن لەسەر کارەکانی ئەم هونەرمەندە و هەڵوێستەکردن بەرامبەر چەند مەسەلەیەکی گرنگی شێوەکاری ئەم دیدارەمان لەگەڵ (عومەر دەروێش) ی هونەرمەندی شێوەکار بە پێویست زانی.

***دەکرێت بڵێن کردنەوەی پێشانگای هاوبەش زۆربەی کات بۆ دەرخستنی جیاوازییەکانە؟**

–رەنگە ئەوە لایەنێکی بێت بەڵام من دەتوانم بڵێم زۆرجار وەکو شتی رۆحیش وەکو سۆزێکی هاوڕێیانەیە و بێگومان مەبەستت لەو پێشانگا هاوبەشەیە کە لەگەڵ (سامان قادر) دا کردمەوە چونکە من و سامان هەردوکمان هاوڕێی منالێن و هەم هونەرمەندیشین ئەو حاڵەتەت لەلا دروست دەکاتەوە کە جارێکی تر بەسەرکردنەوەیەك لەنێوان هەردوکتاندا هەبێت بۆکردنەوەی پێشانگایەکی وا بەهاوبەشی.

***لە زۆربەی تابلۆکاندا دوو شت زیاتر سەرنج رادەکێشن و لە زۆربەی تابلۆکاندا دوبارە دەبنەوە کە ئەوانیش هەردوو فیگەری (دەرگا و منالی)ە ئەمانە لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

–تەواوی ئیشەکانم، هەر لەسەرەتاوە تادەچمە دوایترین ئیشم گەرانەوەیە بۆ دونیای منالّی و باوەشکردنەوەیە بەدونیای منالّیمدا و جارێکی تر دەمەوێت لەمنالّی خۆمدا خۆم ببینمەوە، ئیشەکانیشم بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوون، لەسەرەتا یەکەمیان بەمنالّی دەسپێدەکات و تابلۆکانیش میناتۆرن و قەبارەیەکی بچوکم داونەتێ کەهەر نزیکبن لەوێنەی منالّیمەوە دووەم حەزێکە و سێهەمیشیان ئیتر دێمەوە ناو دونیای گەورەیی کە دونیای ئەمڕۆیە، بەلاّم لەهەمویاندا من نالّیم تەوزیفم کردووە لە ئیشەکانمدا، ئیشەکان چیرۆکێکن لەسەرەتاوە تاکۆتایی چیرۆکێکن.

***دەکرێت بلّێین ئەو منالّییە لە نێوخوودی عومەر دەرویّشدا تا ئێستا هەر زیندووە؟**

–لەهەمووماندا ماوە بەلاّم لەمندا دەمەوێ رەسمی بکەم و جارێکی تر تەعبیری لێبکەم و جارێکی تر منالّیم بنەخشێنم و منالّیم بکەم بەتابلۆیەك کە ئەوەندەی تر زیندوێتی بدەمێ لەرێی تابلۆ و دەربڕینەکەوە.

***ئەوەندەی ئاگاداری ئێرەبیت ڕەوتی هونەری شێوەکاری کوردی چۆن دەبینی و لەچ ئاستێکدایە؟**

–من لەبەر ئەوەی زۆر لێرەنیم ناتوانم وەلاّمی ئەوە بەتەواوی بدەمەوە، بەلاّم من دەبینم بەنمونە چالاکی هونەریی زۆرە، بەلاّم بەپێی پێویست و لەو ئاستەدا نییە، تۆزێك شێوەکاری باشترە، بەلاّم چەمکەکانی تر هەرهەموویان چونەتە چوارچێوەی بازرگانییەوە، من لەهونەری بازرگانی زیاتر هیچی تر نابینم، تاکە تاکەی تێدایە کەدلّخۆشکەرەیە، تاکە تاکەی تێدایە کەجێی ئومێد و هیوایە کە بۆ سبەینێ جێی گەشبینییە. بمبەخشە من زۆر کالّ و کرچ ئەمڕۆی هونەر دەبینم، ئەوەتا لەدونیای مۆسیقاو گۆرانیدا تەهریج دەکرێت و سوکایەتی کردن هەیە بەگۆرانی رەسەنی کوردی سوکایەتی هەیە بەزەمەن و رۆژگار و شتە جوانەکان و بەها جوانەکان گالّتە پێکردنە بەهەموو شتە جوانەکان.

***تۆ پێت وانییە بەشێک لەو گوناهە بکەوێتە ئەستۆی وەرگر کە چێژی هونەری لەلای ئەو لاواز بێت؟**

-بوارێکی دوو سەرەیە یەکەم هەم ڕێپێدراو ئەوەشی کەکوێرانە سەیری شتەکان دەکات و دەیبینێ، هەردووکیان تاوانبارن بەراستی و هەردوکیان جێی لاوازی لایەنە هونەرییەکەن.

***لە ئیشی هونەریی شێوەکاریدا گەنجەکان کۆمەڵێک بەرهەمی هونەری نوێ و مۆدێرنیان پێشکەش کردووە بەنموونە کاری ئەنستلەیشن و کۆمەڵێک چەمکی تازە، تۆ تا چەند ئاگاداری ئەو هەوڵانەیت؟**

-ئەوە هەمووی درۆیە، ئەوە هەمووی فێڵە لەگەڵ خۆیاندا، ترۆپکی درۆیە لەدەرەوەی راستگۆیی، شتێکی زۆر سەیر ئەوە بۆ دووڕۆژ دەچێت پێشانگاکەمان کردۆتەوە و دوو پێگەی هونەری لێرە هەیە کە ئەوانیش پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانە، کە دوو شوێنن تایبەتن بەهونەر دوو شوێنن کە ئەمانە تایبەتمەندی ئەوانە و قوتابی ئەو قوتابخانە و شوێنەن من زۆرم لاسەیرە یەك تاکە قوتابی ئەو دوو دەزگایەم نەبینی تەعاروفێکم لەگەڵدا بکات و بڵێت من قوتابی فلان شوێنم، نازانم ئەمە پرسیارێکی زۆر سەیری لەلا دروست کردووم چۆن بتوانم وەڵامی ئەم حاڵەتە بدەمەوە. نەمامۆستاکانم بینیوە و نەقوتابییەکانیان. واهەستدەکەم ئەمە تەوجیهێك بێت بۆ حەجبکردنی هەندێك هونەرمەند یاخود چەواشە کردنی قوتابییەکان بەراستی، من زیاتر وای دەبینم تا ئێستا قوتابییەکی پەیمانگەم نەبینی بێت سەیری تابلۆیەك بکات. دواتر ئەو شتەی تۆ باستکرد لەسەرەتای پرسیارەکەت ئەبستراکت و سەربەخۆ ئیشکردنە ئەمەش هەر سوکایەتی کردنە بەهونەری شێوەکاری و گاڵتە پێکردنیشە بەخودی خۆیان، چونکە ئەوە قۆناغی دەوێت تۆ لە قۆناغی ئەزموونی زۆردا دەکەوێتە ئەوەی کەدوای ئەوە بتوانیت خۆت لە قەرەی تەجرید بدەیت، خۆ تەجرید شتێکی هەروا ئاسان و سادە نییە، من ئەوەندە دەڵێم ئەوانەی کەناتوانن لە دونیای واقعدا شتێکی واقعی تەوزیف بکەن وەکو هونەری شێوەکاری یاخود هەر کارێکی هونەری خۆدزینەوەیە لە حەقیقەتی هونەر خۆی پەنابردنە بۆ شتێکی ئاست نزم و خۆشاردنەوە تیایدا کەپێی دەڵێن ئەبستراکت.

***ئەو نائامادە بوونەی گەنجە شێوەکارەکان لەنێو پێشانگاکەی ئێوەدا تا چێتە چوار چێوەی ئەو بابەتەی کە ناوی لێنراوە (ململانێی نەوەکان)؟ بەدوێکی تردا عومەر دەروێش بڕوای بەململانێی نەوەکان هەیە؟**

–ململانێ لەکاتێکدایە کەبێت ئیشەکەی من ببینێت، خۆی گرفتەکەی ئێمە ئەوەیە کە رەخنەگرمان هەرنییە وازی، نە رەخەگری ئەدەبیمان هەیە نەرەخەگری هونەریمان هەیە بەهیچ شێویەك کەس ناتوانێت بلێت رەخنەگرمان هەیە، خەلکی مەزاجیمان هەیە خەلکێك هەیە خۆی دێت بۆ سەیری پێشانگاکان و دوودێری هاوڕێیانەی خۆی دەنوسێت، شتەکان هەمووی خۆخۆیی و هاوڕێیانەیە، سەبارەت بەوەی کە ئەمە ململانێی نەوەکانە؟ ئەمە ململانێی نەوەکان نییە با ململانێش بێت، لە خودی ململانێکە خۆیدا من بەم تەمەنەوە دەچم بۆ پێشانگای بیست ساڵێك هانیشی دەدەم و رێز لەهونەرەکەشی دەگرم و هونەرەکەشی دەبینم ئەوکاتە خۆم دەتوانم بڕیار لەسەر ئەوە بدەم و چ شتێکی لەسەر بنوسم و چی لەسەر بلێم، با ئەوبێت و ململانێکە لەوێدا بێت کە ئیشەکەی من ببینێت و دایبەزێنێت بۆ ئاستی سفر یان لەوەزنی خۆیدا رایبگرێت و بەرزتری بکاتەوە، لە وەیاندا ئازادە، بەلام بابێت بیبینێت، ململانێکە لە نەبینینی تابلۆ و بەرهەمە هونەرییەکاندا نییە، ئەوە ململانێ نییە ململانێ لەنێوان دوو ماددە یان دوو هێزدایە ئەگەر هێزی یەکەم هێزی دووەم نەبینێت و هەر بۆ خۆی بەتەنیا بمێنێتەوە ئەمە ململانێ نییە، ئەوە خۆ خەساندن و خۆ گێلکردنە.

***بەسەرجەمی ئەوشتانەی تۆ لەسەر گەنج دەیلێیت، دەکرێت بپرسم تۆ بێ هیوای لە توانای گەنجەکان لە بواری هونەری شێوەکاری؟**

و/ من بێ هیوا نیم ناتوانم بلێم بێ هیوام، چونکە بەڕاستی من زۆر لێرە نیم ئیشیانم زۆر نەبینیوە، بەلام لە کەناڵەکان و هۆکارەکانی راگەیاندن و ئەنتەرنێتدا ئیشی ئەو گەنجانە دەبینم یان کەخۆشم لێرە بووم ئیشی ئەوانم بینیوە ئەمان زیاتر ئەو چەمکەیان گرتووە کە خۆدزینەوەیە لە تەوزیفکردنی هونەری، من زیاتر ئەوە دەبینم، تاکە تاکەشیان دەبینم شتی واقعی و شتی جوانی هەیەو وورد دەڕوات، وورد وورد دەڕوات نەفیلێ لەخۆی بکات و نەخیانەتیش لە هونەرەکەی بکات، من بەهەردوو لایەنەکە هیوادارم سەرکەوتوو بن و پاڵەوانێکی سبەینێی رێگای هونەری شێوەکاری کوردی ئەم نەتەوە نەگبەتە بن، من حەزدەکەم بەلام بەڕاستی بێئومێدییەك دەبینم لەو دوو شوێنەی کەباسم کرد (پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان)کە ئەمانە گەنج پێدەگەیەنن و ئەمانەن دەبن بەهونەرمەندی شێوەکاری سبەینێی ئەم نەتەوەیە. من موعانات لە ئیشی گەنجەکاندا نابینم، خەم نابینم و خۆشیش نابینم و چێژیش نابینم، دواجار بابەت نابینم.

# دیدارێک لەگەڵ مەریوان جەلال

## نامۆبوون ئەو پەتایەیە کە لەباوەشی نیشتمانیشدا بیت بەرۆکت دەگرێت تاوەکو ئێستاش وڵاتەکەم لەوێرانبوون بەردەوامە

**دیداری: چنور محەمەد**



مەریوان جەلال یەکێکە لەو هونەرمەندانەی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمە لەهونەرە جوانەکاندا، وەك ئارەزوو ئیشی لەبواری هونەردا کردووە، نەك وەك ئەوەی کە خاوەنی بڕانامەیەکەو دەبێت ئیش لەو بوارەی خۆیدا بکات، ئەو بەردەوام گەڕاوە بەدوای ئومێدێکدا، ئەو ئومێدەی لەچاوی زۆربەی مرۆڤەکان ونە، لەشوێنێکدا دەڵێت: ئەو کاتانەی کە بیر لەژیان دەکەمەوە، کاتی دڵتەنگیی و شادیشی تێدایە، ئەوەی من دڵتەنگ دەکات ئەوەیە تاوەکو ئێستاش وڵاتەکەم لەوێرانبوون بەردەوامە.

دنیای پان و بەرفراوانی تاراوگە نەیتوانیوە لەبەرامبەر ئەو هەموو تەکنۆلۆجیا جیاجیایەی هونەری شێوەکاریدا بوەستێت، بەڕای ئەو هێندەی غوربەت لەناو وڵاتەکەی

خۆتدا هەیە، هێندە لەدەرەوەی وڵاتدا نییە، چونکە غوربەت شوێنێك نییە بۆی بچیت، بەڵکو شوێنێکە لەناخی هونەرمەندا ئامادەگی هەیە، مەریوان دەڵێت: من دەمەوێت ئاشتی و جوانی بۆ وڵاتەکەم بەرمەوە. بەشێك لەئیشە هونەرییەکانی مەریوانیش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت.

وەك چالاکی هونەریش پێشانگەی هاوبەش و تایبەتی لەزۆربەی وڵاتەکانی جیهاندا کردووەتەوە، تاوەکو ئێستا کە لەبەریتانیا دەژی سەرقاڵی کاری هونەریی خۆیەتی، ئەو پرسیارانەی لای زۆربەمان هەیە لەسەر ئەوەی کاتێك نوسەران و هونەرمەندانی کورد دەچنە دەرەوەی وڵات، بەشێوەیەك لەشێوەکان لەئیش و کارەکانی خۆیان دەوەستن.

مەریوانیش وەك هونەرمەندێك کە لەدەرەوەی وڵاتە ئەزمونی خۆیمان بۆ باسدەکات سەبارەت بەوەستان، یان سستبوونی هونەرمەندی کورد لەتاراوگە. دیدارەکەمان وا دەستپێکرد:

***لەدوا کارەکانتدا گەڕانەوەیەک دەبینم لەغوربەتەوە بۆ نیشتمان، بەپێچەوانەی کارەکانی پێشووت کە لەنیشتمانەوە بەرەو غوربەت دەچوون، واتە دوو گەڕانەوەی ئاراستە جیا. بۆچی لەدوو حاڵەتی جیادا ئەم دوو گەڕانەوەیە لەکارەکانتدا روودەدەن؟**

–پێموایە نامۆبوون ئەو پەتایەیە کە لەباوەشی نیشتمانیشدا بیت بەرۆکت بگرێت. من هێندەی لەوڵاتەکەی خۆم لەغوربەتدا بووم، هێندە لەدەرەوەی نامۆ نەبووم. ئەمە راستییەکە لای من روویداوە، راستە بیری وڵات و کەس و هاورێ و کۆڵان و جادەو تەنانەت شتە وردەکانی رۆژانە دەکەم و لێرەش هەمیشە لەگەڵمدان و بۆ تەنیا ساتێکیش لەبیریان ناکەم، من رۆژانە بیریان لێدەکەمەوەو بوونەتە سەرچاوەی کارەکانم، بونەتە رەنگ و شێوەو هێڵ. پێموایە ئەوروپا بۆ ماوەیەك دەتوەستێنێت و سڕتدەکات، ئەمەش لەو کاتەی کە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندییەکانە. لێرە من بۆ خۆم نەمهێشت ئەو سڕبوونە بەردەوام بێت، هەر زوو خۆم لێی رزگارکرد، هەرچەندە ئاسانیش نییە، ئەمەیە ماوەیەك توشی نامۆبوونت دەکات.

لێرەدا جیاوازی کەسەکان دەردەکەوێت کەسانێك کە ناتوانن دەربازبن و ئیتر دنیای لێدەبێتە شاخێکی گەورەو هەر زوو دەڕووخێت.



ئەگەر من لەغوربەتدا کارم کردبێت یان کارەکانم غوربەتیان پێوە دیاربێت، ئەوا حەزم نەکردووە وابێت، بەڵام واقیعی کوردستان، واقیعی ئەو ژیانەیە کە بەسەر (سیزیف ) دا هاتووە. هەموو مرۆڤێك لەوێ ژیانێکی قورسی هەیەو دەبێت رۆژانە کار بکات و هەوڵ بدات، بەڵام دواتر کە سەیردەکات ناگاتە ئەنجام، هەرچەندە من هێندەش رەشبین نەبووم، هەمیشە هیوایەك لەناوەوەمدا هەبووە، دەشزانم کە ئەمانە رۆژێك دادێت نامێنن، بەڵام دیارە هونەرمەند زیاترو زیاتر بەناو خەمەکاندا رۆدەچێتە خوارەوە.

واقیعی نیشتمان وات لێدەکات کەسانی ناو ئەم وڵاتە بەرەو نامۆبوونت بەرن، لەوێ لەوڵات تازەگەریی و پێشکەوتن هەیە، بەڵام نابینرێن و هەر خۆمان دەخۆینینەوەو لەبازنەیەکی داخراودایین، نازانین کێ داهێنەرە.

ئەوروپاش بێبەش نییە لەنامۆبوون، ئەگەر بڵێم لێرە وەك ئەوێ هەستم پێنەکردووە مەبەستم ئەوەیە لێرە هەموو شتێك رۆژانە خۆی تازەدەکاتەوەو فراوانییەکی زۆر لەبیرکردنەوەو کارکردندا هەیە، هەموو کەسێك سەربەستە لەکارکردندا، من هەر بەو گیانەی ئەوێوە کار دەکەم، تەنها کەرەستەکانم کەرەسەی ئێرەیە، ئەگەر ئەوەش بەغوربەت ناوببرێت ئەوا من خۆم وای نابینم.

***بێگومان تۆ ئاگاداری شەپۆل و رەوتە نوێکانی هونەری شێوەکاریی دنیای ئەمڕۆیت، باشە کە تۆ لەناو ئەم هەموو ستایلە هونەرییە جۆربەجۆرانەدا دەژیت، بۆچی شێوەی کارکردنەکانت بەهەمانشێوەو ستایلی کوردستانە؟**

–هونەرمەند هەمیشە هەوڵی تازەگەریی دەدات، هەوڵدەدات کارەکانی جیاوازو سەرنجڕاکێش بن، بەڵام مەرج نییە من دوای هەموو ئەو شەپۆلە نوێیانە بکەوم. هەموو کات ئەو شەپۆلانە تاسەر ناڕۆن، من کەم تا زۆر سوودمەند بووم لێیان. هونەری ئەمڕۆش شانبەشانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا دەڕوات، تائێستاش رەخنەگران هەموویان کۆك نین و نەبووەتە شتێکی باو و بنەمایەك کاری پێبکرێت.

ئەگەر تائێستاش بەهەمان ئەو شێوەیە کار بکەم کە لەمەوپێش هەمبووە ئەوە پێموایە هەڵەیەك نییە، من لای خۆم گۆرانکاریی روویداوەو زانیارییەکانم لەبارەی کاری هونەرییەوە زۆر جیاوازەو دەشبێت جیاواز بن، بەتایبەت لەتەکنیکی کارکردندا. کارەکانی کە بەگرافیك کراون زۆر جیاوازەو کاری جۆراوجۆری کۆلۆگراف و سکرینم بەقەبارەی گەورە کردووە، ئەمەش ئەزموونێکی زۆر باشبوو بۆ من لەم بوارەدا.

کارە سیرامیکەکان لەتەکنیکدا زۆر جیاوازن لەو کارانەی کە پێشتر کردوومن، باشتر کۆنترۆڵکراون کاری وردترم بۆ کردووەو گەڕانیکی باشم بۆ کردوون ، هەندێکجاریش هونەرمەند سەرکەوتن لەجۆریك کارکردندا بەدەست دێنێت و ماوەیەکی زۆر کاریپێدەکات.

***کاتێک هونەرمەندانی ئێرە بەمەبەستی بەرەوپێشچوونی ئیشە هونەرییەکانییان بەرەو ئەوروپا گەشتدەکەن کەچی بەپێچەوانەوە لەوێ لەو دونیا پانوبەرینەی هونەردا وندەبن، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

–ئەگەر هونەرمەند هونەرەکەی خۆشبوێت، با دنیا لەمەش گەورەتربێت هەر ون نابێت، ئەگەر ئێمە داوای بەجیهانبوونی هونەرمەندی کورد بکەین لەوانەیە ئەمەیان کەمێك گرانتر بێت، من بەجیهانبوونی هونەرمەند وەك کارێکی رامیاریی دەبینم، لای من پەیوەندە بەسەربەخۆیی وڵات و پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا، دیارە ئەمە باسێکی ترەو قسە زۆر هەڵدەگرێت. بۆیە من پێموانییە هونەرمەند ون بوبێت ئەگەر لەهەر شوێنێکدا بێت ئەو چوار دەورەی دەیناسن و پاشان پلە بەپلە سەردەکەوێت.

من لەسەرەتای کارکردنم هەر زوو شتەکانی خۆمم دۆزییەوەو دەستمکردەوە بەکارکردن و لەیەکەم پێشانگەی ئەو ناوچەیەی کەتێیدا دەژیم لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی تر کارەکانم نیشانداو توانیم خۆم بناسێنم، ئەمەش دەرگایەك بوو بۆئەوەی دەست بەخوێندن بکەم و لەم رێگەیەشەوە چەند شوێنێکی تر شارەزا ببم، لەو بڕوایەدام ئەگەر هونەرمەند مەبەستی بێت ون نابێت و لێرە جێی خۆی دەکاتەوە، ئەگەر کەمیش بێت، هەرچەند ئەم دنیایەی ئێرە زۆر پانوبەرینە، بەڵام هونەریش وەك هەموو شتەکانی رۆژانە گرنگی پێدەدرێت.

بەبڕوای من ئەوەی هونەرمەندی کوردی ونکردوە رۆژنامەگەریی کوردییە کە ئاگایان لەهەوڵ و کۆششی هونەرمەندان نییە، هەرگیز ئەوان نەهاتوون گەڕانێك بکەن و هونەرمەندان بدۆزنەوە، ئەوەشی کە کراوە بەهەوڵی تاکە کەسیی بووە. ئێمە تائێستا کتێبێکمان نییە باس لەهونەرمەندانی شێوەکاریی کۆن بکات، هەرچەندە لەساڵەکانی ١٩٥٠ـەوە هونەرمەندانمان لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا دەرچوون، هەروەها لەناوەڕاستی شەستەکانەوەو دوای ١٩٧٠ش کۆمەڵێکی زۆر هونەرمەندی شێوەکار کۆچیان بەرەو دەرەوەی وڵات کردووە، هەروەها لەدوای ساڵەکانی هەشتاوە هەمان شت روویدایەوەو کۆمەڵێکی زۆرتر لەهونەرمەندان کۆچیان کرد، کە ئەم جارەیان هونەرمەندە گەنجەکان بوون، ئێستا ئەم نەوەیە جێگای خۆی کردووەتەوەو کەسانی زۆر پسپۆڕو شارەزایان تێدایە.

کوا ئەو رێزلێنانەی وەزارەتی رۆشنبیریی بۆ هونەرمەندان کە پایەیەکی زۆر باشیان لەئەورپادا هەیە، پیشانگەیان بۆ بکرێتەوە، یاخود سوود لەئەزموونیان وەربگیرێت، ئێمە خۆمان ونمانکردوون و هەر خۆشمان دەپرسین بۆ ونبوون، راستە هونەرمەندمان هەیە چالاکی باشیان هەبوو، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بەئەورپا لەکاری هونەریی دوور کەوتونەتەوە، لەو بڕوایەدام ئەوانە زۆر کەمترن لەوانەی کاری هونەریی دەکەن و شوێن پێی خۆیان کردووەتەوە.

***بەڕای تۆ چەند پێویستە هونەرمەند قسە لەسەر کارە هونەرییەکانی خۆی بکات؟**

– ئەگەر چی هونەری شێوەکاریی بەهەموو بوارەکانییەوە بۆ خۆی زمانێکی تایبەتە بەڕەنگ و هێڵ و شێوەو تەکنیك قسەدەکات، بەڵام هەندێکجاریش پێویستە هونەرمەند قسە لەسەر کارەکانی بکات، روونکردنەوەیەکی هەبێت بۆکارەکانی، چونکە مەبەستییەتی بینەر لەو ئایدیایەی خۆی نزیکبکاتەوە، لەو روانگەیەوە بڕوانێتە کارەکانی هەرچەندە بینەر سەربەستە لەبیرکردنەوەی خۆی بۆ کارە هونەرییەکان.

یان باس لەدروستکردنی کارەکەی بکات و ماددەو کەرەستەی بەکار هاتوو چییەو ئەم چۆن سوودی لێوەرگرتوون.

**×ئەو کەرەستانەی لای تۆ هەیە عەشق، جەنگ، پاڕانەوە، سەبر، بەرەنگاربوون، ئەوە چ شتێکە ئەو هەموو کەرەستانە پێکەوە دەبەستێتەوە؟**

–ئەگەر بڕوانیتە چیرۆکێك زۆرتر لەم وشانە دەدۆزیتەوە. ئەو چیرۆکەی کە نووسەرێك دەینووسێت لای هونەرمەندی شێوەکار وشەکان دەبن بەڕەنگ و هێڵ و شێوەو دەبنە چیرۆکێکی رەنگاوڕەنگ، ئیتر هەر بابەتێك بێت یان هەر وشەیەك بێت، لای من ئەمانە چیرۆکی ئەو نیشتمانەیە کە جەنگ بووەتە ترسێکی گەورەو لەگەڵ هەر لەدایکبوونی منداڵێکی تازە جەنگێکی نوێ دروستدەبێت، عەشق کە لەو وڵاتەدا بووە بەژێر خۆڵەوەو کەس کاری پێناکات، سەبر، هێندە سەبرمانگرت و دانمان بەخۆماندا گرت بەئەمرۆ ناسبەینێ هەموو ژیانمان تەواو بوو.



# گەشتی عاشقێک بەرەو مەرگ




ئامادەکردنی:
ئاری محەمەد

ئینگمار بێرگمان ناسراو بەشاعیری سینەماو دەرهێنەری ئەفسانەیی فیلم و خولقێنەری ئەفسونی چراکان و چەندین بەرهەمی جوان و پڕبایەخی تر، لەسەعات حەوتی بەیانی رۆژی دووشەممە٧/٣٠، لەتەمەنی ٨٩ ساڵی و لەماڵەکەی خۆیداو لەدورگەیەکی بچوکی دورەدەست بەناوی فۆرۆ لەباشوری خۆرهەڵاتی سویدو لەنێوان دەریای نەرویج و ئۆقیانوسی ئەتڵەسی، زۆر بەئارامی ماڵئاوای لێکردین.

یەکێك لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەو (فانی و ئەلیکسەندەر)ە. ئەم فیلمە زمانێکی شیعرییە بۆ گێڕانەوەی خۆشی و ناخۆشییەکانی منداڵی خۆی، بێرگمان ژیانی خۆی ناونیشانی فیلمێك بوو لەچوارچێوەی پاڵەوانێکی گەنجدا بەدوای عەشقدا گەڕاوە، شانۆو فیلم بۆ ئەو رێگەیەك بوون بۆ رەهابوونی هەستە سەرکوتکراوە کەسییەکان، ئەو زیاتر لەپەنجا بەرهەمی فیلم وسیناریۆی هەبووە، لەسەرەتای گەنجێتیدا عاشقێکی مەزنی شانۆ بووە ئەو لەڕێگەی شانۆوە هاتە نێو ژیانی سینەماوە، چونکە بەلای ئەوە ئەو جۆرە ژیانەی بەلاوە سەرەنجڕاکێش بووە، بەرلەوەی دەستبەداری سینەما بێت لەساڵی ٢٠٠٣ دا، دوا بەرهەمی خۆی بەناوی (ساراباند) ەوە لەتەلەفزیۆنەکان پەخشکرد، جگە لەوەی سێ خەڵاتی گەورەی ئۆسکارو چەند خەڵاتێکی (کانی) بەدەست هێناوە، بەڵام هیچ کاتێك خەڵات و فێستیڤاڵی بەلاوە گرنگ نەبووە، بەڵکو دروستکردنی پەیوەندی نیوان

فیلمەکانی لەگەڵ بینەردا شوێنی گرنگی پێدانی بوون، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی (١٧٠) بەرهەمی جیاوازبووە بۆ رادیۆ تەلەفزیۆن، ئەو لە١٤ی تەمموزی ١٩١٨ لەئۆپسالا نزیك پایتەختی سوید لەدایکبووە باوکی قەشەیەکی زۆر دەمارگیری پرۆتستانت بووە، کوڕەکەی واتە بێرگمان لەسەر شێوەیەکی مەزهەبی پەروەردەکرد، بەڵام بێرگمان هەر زوو شۆرشی بەسەر ئەو شێوە پەروەردەییەی باوکی کردووەو رێگەیەکی جیای دۆزییەوە، جیهانبینی دینی باوکی لەسەر بنەمای حوکمی تەواو بووە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بەشێوەیەکی رەها دەدایەوە، بێرگمان بۆ هێرشکردنە سەر فکری باوکی پێویستی بەخۆ پرچەککردن هەبوو بەفەلسەفە (لانیکم فەلسەفەی سەردەمی سوکرات) ئەمەشی بەئەرکی خۆی زانییەوە: پرسیار، پرسیارکردن حەربەیەکی کارابوو کە دەیتوانی سەختترین حەقیقەت دەربخات ئەو پرسیارانەشی کە بوو بووە خولیای ئەو ئەوە بوو ژیان چییە؟ ئەم هاتن و رۆشتنە چییەو بۆچی؟ ئایا خالقی داناو بەتوانا چاودێریی ئەم جیهانە دەکات؟ یان لەبنەڕەتدا مەبەست و مانایەك بوونی نییەو مەرگ کۆتایی هەموو شتەکانە؟ چۆن دەتوانین بەبێ مەبەست و ئامانج بژین؟ ئایا پابەندبوون بەباوەڕەوە هەرچەند سست و لاواز بێت لەبێباوەڕی باشتر نییە؟ ئایا باوەڕی مەزهەبی دەرمانە یان دەردی تازەییە؟ ئایا بەم ئازادییە یان بەدەربڕینێکی تر بەم (رەهابوون)ە دەتوانین بگەین بە شادی؟ تا کوێ دەتوانین قسە لەسەر بەرپرسیاریەتی تاك بکەین لەکاتێکدا بوون و نەبوونی من لەم ماڵە فانییەدا یەکسانە؟ بەیانی کە من بوونم نامێنێت چارەنوسی دونیا بۆ من چ گرنگیەگی هەیە؟.



بێرگمان لەچاوپێکەوتنێکیدا باسی ئەوە دەکات هەر لەمنداڵییەکی زووەوە هەموو رۆژێك بیری لەمەرگ کردۆتەوە هەر ئەمەش بووە هۆی هاتنە ناوەوەی دونیای شانۆو سینەما بەشێوەیەك عاشقی سینەما بوو وەکو خۆی دەڵێت هەر فیلمێکیان بدایەتێ بۆ کاری دەرهێنان قبوڵی دەکرد... ساڵی ١٩٨٨دا ئینگماری بەگەورەترین هونەرمەندی دونیا ناوزەدکردووە، بەوەی ئەو جوڵەی

بەردەم کامێرای داهێنا، لەچاوپێکەوتنێکدا لەساڵی٢٠٠٤ ئاماژەی بەوە دابوو کە بینینی فیلمەکانی بێرگمان توشی خەمۆکی دەکات و هەر لەبەرئەوەشە هیچ کاتێك سەیری فیلمەکانی ناکات. نەك ئەو بەڵکو فەیلەسوفی فەرەنسی ژیل دولۆز لەکتێبی (وێنە - جوڵە)دا باسی بێرگمان دەکات و ئەوە نیشاندەدات کە تازەگەریی ئەم سینەماکارە تەنیا لەوەدا نیە کە لەبواری هونەرییدا نوێگەریی کردووە، بەڵکو ئیشەکانی لەبواری دەروونیەوە ریشەی هونەریی ئەویان گرتووە.

فیلمەکانی بێرگمان مۆری تایبەتی عەشق و مەرگ و یەزدان و تەنیایی و... پێوەیە، لەفیلمی (مۆری حەوتەم)دا کە لەساڵی ١٩٥٧ بەرهەمیهێناوە، باس لەڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەکات، کە تاعون لەئەوروپا بڵاوبوەتەوە، یەکێك لەکاراکتەرانی (ماکس فون سیدو) لەگەڵ مەرگدا گەمەی شەترەنج دەکات، دەڵێن ئەم فیلمە رەنگدانەوەی ترسی مرۆڤی مۆدێرنە لەبەرامبەر چەکی ئەتۆمی، ئەو فیلمەشی باشترین فیلمی کلاسیکییە لەمێژووی سینەمادا. کاراکتەری ئەو فیلمە کە تازە لەجەنگی سەلیبیەکان گەڕاوەتەوە (جەنگ لەپێناوی دین) لەباوەڕی خۆیدا توشی گومان و دوودڵی دەبێت، ئەو بەپرسیارێکی سادە دەست پێدەکات، ئەگەرچی لەهەمانکاتدا مەرگ هەنگاو بەهەنگاو بەدواوەیەتی، سەرەنجام ئەو دەخاتە داوی خۆیەوەو بەرەو تاریکی خۆی دەبات، شیڤالیە لەدوایدا لەوە تێدەگات کە لەبەرامبەر هێزی گەورەی مەرگ هیچ توانایەکی نییە، ئەو ریشەیەی کە ئەو ئومێدی پێیبووە، بەتەنیا لەبەرامبەر مەرگدا دایدەنێت، گومانگەرایی بێرگمان بەرلەوەی هەوڵێکی دلێریی بێت، ناڵەیەکی گلەیەکی ئامێزە، کە بەندەی بێدەسەڵات لەچاودێریی پەروەردگارو فەیزی ئیللاهی بێبەش بووە، بە تەنیا لەبەرامبەر (بێدەنگی فەزای بێکۆتا)دا بەتەنیا ماوەتەوە، ئەو بەندەیە ئازایەتی ئەوەی نییە ناڕەزایی دەربڕێت لەتەنیایدا دەناڵێت (باوکە، بۆ بەجێتهێشتم؟).

بەتێڕوانینی بێرگمان ئازادبوون لە لەعنەتی تەنیایی بەچوون بۆ پەرستگا چارەسەر ناکرێت، بەڵکو چارەسەر باوەشکردنە بەژیان و نقومبوونە لەخۆشییەکانی هەمان ئەو ژیانەی کە تێدەپەڕێت، کە جگە لەو هیچ شتێکی ترمان نییە لەو بە بەهاتر بێت. سەرەڕای ئەوەش تەنیا عەشقە مرۆڤ دەردەهێنێت لەو دورگە سەرگەردانییەی کە تێیدایە، بێرگمان تەنیا عەشق بەپەناگەو دادەڵدەی مرۆڤەکان دەزانێت.

فەلسەفەی بێرگمان دەربارەی دروستکردنی فیلم لەم رستەیدا چڕدەبێتەوە: (هەرچەند سەکۆی فڕین باشتر بێت رۆڵی ئەکتەرەکان جوانتر دەبێت، ئەمە تەنیا شتێکە کە لەئەکتەرەکانم دەوێت).

لەژیانی خێزانیدا، پێنج ژنی هێناوەو (٩) منداڵیشی لەو ژنانە هەبووە، یەکێك لەژنەکانی ئەکتەری فیلمی پێرسونا بووەو ناوی (لیوئولیمان) دیارە دەرهێنەرەکەشی خودی بێرگمان خۆی بووە، خۆشی دانیبەوەداناوە کە ناتوانێت پەیمان لەگەڵ خێزانەکەیدا ببەستێت، بەڵام سەرنجڕاکێشی ئەوەیە زیاتر بەرهەمەکانی گەلێك چیرۆکی تێدایە دەربارەی پەیوەندی هاوسەرگیریی.

فیلمەکانی شێوەیەکە لەسینەما کە لەخودئاگایی ئاسایی هەستەکانی بینەر باڵاتر دەڕوات و رۆدەچێتە قوڵاییە تاریکەکانی ناوەوەی مرۆڤ، لەڕاستیدا هیچ دەرهێنەرێکی تر نییە هێندەی بێرگمان بەو شێوە وردبینییەوە بتوانێت وەسوەسە جەستەیی و رۆحیەکانی مرۆڤ ئاشکرا بکات.

کارە سینەماییەکانی ئەو تا سنورێکی زۆر تایبەتی و نموونەیەکن لەڕاستگۆیی.

فیلمەکانی گێڕانەوەیەکی راستگۆی گوناە و خەون و ئارەزوو سەرگەردانی و خەمەکانن، بەرهەمەکانی ئەو رەمزی کێشمەکێشی دەروونی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆیدا، لەسەرەتادا بەدەرهێنانی فیلمێك دەستیپێکرد، رووداوەکانی چیرۆکێك بوون لەچارەنوسی خۆیەوە ریشەی گرتبوو، قوناغی منداڵی ئەو یەکێك بووە لەو قۆناغانەی کە بۆتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ خوڵقاندنی وێنەی سینەمایی. بەبۆچوونی ئەو منداڵی پیرۆزترین و ئارامترین شوێنی پەروەردەکردنی عەشقە، چونکە مناڵان دوورن لەهەموو بەندو پەیوەندییەك و بەزمانی عەشق دەدوێن.

لەشوێنێکدا دەڵێت: (من تاوەکو ئێستاش چاوم بڕیوەتە سەردەمی منداڵی، مرۆڤ، دەوروبەر، ساتەتاڵ و شیرینەکان، دەنگەکان، شتەکان، هەتا عەتری سەردەمی منداڵیم لەزیهندا هەیە، من لەگەڵ منداڵیمدا دەژیم).

بێرگمان شانۆ بە (هاوسەرێکی بەوەفا) و سینەماش بە(مەعشوقی فرە مەسرەف) وەسفدەکات، بەوتەی یەکێك لەئەندامانی ئەکادیمیای دەسەڵاتداری سوید بێرگمان کەسێك بووە کە (هونەر)و(ژیان)ی بەلاوە وەك یەك وابووە هیچ جیاوازییەکیان نەبووە.



لەبەرهەمە ناسراوەکانی بیرگمان:

قـەیران-١٩٤٥، پیاوێـك بەچـەترێکەوە-١٩٤٦، سـەرزەمینی ئـارەزوو-١٩٤٧، شـەو ئایندەی منە/مۆسیقا لەتاریکیدا-١٩٤٧، سێ عەشقی سـەیر-١٩٤٩، بەشـادمانی-١٩٤٩، نهێنـی ژنـان/ژنـان لەچـاوەڕوانیدا-١٩٥٢، زسـتان لەگـەڵ مۆنیکـادا-١٩٥٢، وانەیـەك لەعەشـقەوە-١٩٥٣، گەشـتێك بـەرەو پـاییز-١٩٥٤، زەردەخەنـەکانی شـەوێکی هـاوین-١٩٥٥، مـۆری حەوتـەم-١٩٥٧، شـیلکە کێوییـەکان-١٩٥٧، نـوری زسـتان-١٩٦١، بێدەنگی-١٩٦٢.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.chrakan.com
www.dengekan.com